# ناسنامەی کوردستان

# Nasnamei Kurdistan

# Kurdistan's Identity




هاوڕێ قەندیل

# ناسنامەی کوردستان

کورتەیەک لە ڕاستیەکان بۆ ڕاچڵەکاندنی ویژدانی مرۆڤایەتی و دیاریەك بۆ هەمو شۆڕشگێڕان و گیانبەختکەرانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

ناوی پەڕتوك : ناسنامەی کوردستان

نوسەر : هاوڕێ قەندیل

نەورۆزی٢٧١٣ی کوردی (مارچی ٢٠١٣ زاینی)

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ خزمەتکارانی کوردستان پارێزراوە.

ناسنامەی کوردستان بە زاراوەی کوردی ژورین (کرمانجی) و زمانی ئینگلیسیش نوسراوە. بۆ ئەوەی ڕاستی ناسنامەی کوردستان بۆ هەمو لایەک ئاشکرا ببێت، پێویستە کە نیشتمانپەروەرانی کوردستان ئەم پەڕتوکە وەک خۆی بە هەمو زاراوەکانی تری کوردی، زمانەکانی ئاسوری- سوریانی، تورکی، عەرەبی، فارسی، فەڕانسی، ئەڵمانی، هێندی، بلوچی، چینی، ژاپۆنی، سوێدی، فنلاندی، ئەفریقی، ڕوسی و لاتینی وەرگێڕن.

ئەم پەڕتوکە بەم ئەلفبایەی خوارەوە نوسراوە. پێش ناسینی ناسنامەی کوردستان، پێویستە ئەلفبای ئارامیی کوردی بنسایِن.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| D-d د | Ç-ç چ - چـ | C-c ج - جـ | B-b ب - بـ | A-a ئـ - ا |
| H-h هـ | G-g گ - گـ | F-f ف - فـ | Ê-ê ێ - ێـ | E-e ە - ە |
| K-k ک - کـ | J-j ژ | Î-î ی - یـ (یێی کورت) | بزرۆکە، لە I-i ئارامیدانیە | Ĥ، ĥ ح - حـ عـ - ـعـ - ـع - ع |
| O-o ۆ | N-n ن - نـ | M- م - مـ | Ł-ł ڵ - ڵـ | L-l ل - لـ |
| S-s س - سـ | Ř-ř ڕ | R-r ر | Q-q ق - قـ | P-p پ - پـ |
| V-v ڤ - ڤـ | Û-û ئو (وو) | U-u وێیی چوکە | T-t ت - تـ | Ş-ş ش - شـ |
| Z-z ز | Y-y ی - یـ لە پێش ئەم پیتانەی دەنگداردێت: a,e,ê,i,î,o | X-x غ - غـ - ـغ - غ | X-x خ - خـ | W-w و لە پێش و پاش ئەم پیتانەی دەنگداردێت: a,e,ê,i,î,o |

# ناوەرۆک


| | | |
|---|---|---|
| | پێشەکی | ١ |
| ١ | **بەشی یەکەم:**<br>**ناسنامە چیە؟** | ٨ |
| ٢ | **بەشی دوەم:**<br>**خاڵەکانی گرینگی مێژوی گەلی کورد و شۆڕشەکانی کوردستان** | ١٣ |
| ٢-١ | ڕەچەڵەکی گەلی کورد لە ٦٠٠٠ ساڵ پێش زاین | ١٨ |
| ٢-٢ | خێڵی پارس | ٢٠ |
| ٢-٣ | دەستەڵاتی مەدیا | ٢٤ |
| ٢-٤ | شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر دژی زوحاکی زۆردار لە ٧٠٠ ساڵ پێش زاین | ٢٧ |
| ٢-٥ | فروئارتیس سەرکردەی مەدیا لە ساڵی ٦٧٤ی پێش زاین | ٣٤ |
| ٢-٦ | سازکردنی دەستەڵاتی مەدیا بە سەرکردایەتی کەیخوسرەوی دوەم لە ساڵی ٦٢٥ تا ٥٥٠ی پێش زاین | ٣٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢-٧ | شۆڕشی ئەتروپات لە ساڵی ٣٢٣ی پێش زاین | ٤٠ |
| ٢-٨ | هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر کوردستان و ئێران لە ساڵی ٦٣٤ تا ٦٤٤ی زاینی | ٤٢ |
| ٢-٩ | دەستەڵاتی ساجدیان و ئەمارەتی کوردستان لە ساڵی ٨٨٩ تا ٩٣٢ی زاینی | ٤٦ |
| ٢-١٠ | دەوڵەتی مەروانی کوردی لە ساڵی ٩٣٠ی زاینی | ٤٧ |
| ٢-١١ | دەوڵەتی شەددادی کوردی لە ساڵی ٩٥١ی زاینی | ٤٨ |
| ٢-١٢ | زۆرداریی سەلجوقیەکان لە ساڵی ١٠٤٩ تا ١٢٧٩ی زاینی | ٤٩ |
| ٢-١٣ | هێرشی مەغوڵیەکان بۆ سەر کوردستان لە سەدەکانی ١٣ و ١٤ی زاینی | ٥٠ |
| ٢-١٤ | ئەمیر شەرەفخانی بتلیسی لە ساڵی ١٥٩٧ی زاینی | ٥١ |
| ٢-١٥ | تاوانی (جنایەتی) سەفەویەکانی ئێرانی دژی شۆڕشەکانی کورد لە ساڵەکانی ١٥٠٠ تا ١٦٣٩ی زاینی | ٥٣ |
| ٢-١٦ | پەیمانی قەسری شیرین لە ساڵی ١٦٣٩ی زاینی | ٥٧ |
| ٢-١٧ | شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا نەهری لە ساڵی ١٨٨٠ی | ٦٠ |

| | | |
|---|---|---|
| | زاینی | |
| ٢-١٨ | شۆڕشی بەدرخان پاشا لە ساڵی ١٨٨٠ی زاینی | ٦٢ |
| ٢-١٩ | شۆڕشی ڕۆشنبیریی و نەتەوەیی عەبدولڕەزاق بەدرخان لە ساڵی ١٩١٢ی زاینی | ٦٧ |
| ٢-٢٠ | قڕکردنی ئەرمەنیەکان لە ساڵی ١٩١٥ی زاینی | ٧٢ |
| ٢-٢١ | شۆڕشی سمایلاغای سمکۆ لە ساڵی ١٩١٨ تا ١٩٣٠ی زاینی | ٧٦ |
| ٢-٢٢ | پەیمانی سێڤرس لەساڵی ١٩١٩ی زاینی | ٨٣ |
| ٢-٢٣ | کۆنگرەی ئەرزڕۆم لە ساڵی ١٩١٩ی زاینی | ٨٥ |
| ٢-٢٤ | شۆڕشی شێخ مەحمود بەرزنجی لە ساڵی ١٩١٩ی زاینی | ٨٧ |
| ٢-٢٥ | پەیمانی (میساقی) نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٢٠ی زاینی | ٩٠ |
| ٢-٢٦ | شۆڕشی دکتۆر نوری دەرسیمی لە ساڵی ١٩٢٠ی زاینی | ٩١ |
| ٢-٢٧ | پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ی زاینی | ٩٣ |
| ٢-٢٨ | شۆڕشی شێخ سەعید پیران لە ساڵی ١٩٢٥ی زاینی | ٩٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢-٢٩ | شۆڕشی قەدەمخێر لە ساڵی ١٩٢٥ی زاینی | ١٠١ |
| ٢-٣٠ | شۆڕشی ئیحسان نوری پاشا لە ساڵی ١٩٢٦ی زاینی | ١٠٥ |
| ٢-٣١ | شۆڕشی سەید ڕەزا دەرسیمی لە ساڵی ١٩٣٧ی زاینی | ١١١ |
| ٢-٣٢ | شۆڕشی پێشەوا قازی محەممەد لە ساڵی ١٩٤٥ی زاینی | ١١٥ |
| ٢-٣٣ | شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٦١ زاینی | ١٢٠ |
| ٢-٣٤ | پەیمانی ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٧٥ی زاینی | ١٢٦ |
| ٢-٣٥ | شۆڕشی ئەحمەد تۆفیق لە ساڵی ١٩٥٠ی زاینی | ١٢٧ |
| ٢-٣٦ | شۆڕشی باکور بە سەرکردایەتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان (ئاپۆ) لە ساڵی ١٩٧٠ی زاینی | ١٤٩ |
| ٢-٣٧ | شۆڕشی جەماوەری باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ی زاینی | ١٦٣ |
| ٢-٣٨ | شۆڕشی گەلی کورد لە کوردستانی سۆر(سور) لە ساڵی ١٩٩٢ی زاینی | ١٧١ |
| ٢-٣٩ | ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکانی کوردستان لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ی زاینی | ١٧٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | **بەشی سێیەم:**<br>**خاڵەکانی گرینگی جوگرافیای کوردستان** | **١٧٦** |
| ٣-١ | شوێنگەی کوردستان | ١٧٦ |
| ٣-٢ | ڕوپێوی خاکی کوردستان | ١٧٨ |
| ٣-٣ | شارەکان و پارێزگاکانی گرینگی کوردستان | ١٧٩ |
| ٣-٤ | سەرژمێری دانیشتوانی کوردستان | ١٨١ |
| ٣-٥ | ئابوری کوردستان | ١٨٤ |
| ٣-٦ | چاڵە کانی نەوتی کوردستان | ١٨٧ |
| ٣-٧ | کان | ١٩٠ |
| ٣-٨ | سامانی ئاو لە کوردستان | ١٩١ |
| ٣-٩ | گرینگترین ڕوبارەکانی کوردستان | ١٩٢ |
| ٣-١٠ | دارستانی کوردستان | ١٩٣ |
| ٣-١١ | بەرزترین چیاکانی کوردستان | ١٩٣ |
| ٣-١٢ | مەودای پلەی گەرمایی ساڵانە لە کوردستان | ١٩٥ |
| ٣-١٣ | ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان | ١٩٥ |
| ٣-١٤ | کشتوکاڵ | ١٩٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣-١٥ | ئاژەڵ | ١٩٧ |
| ٣-١٦ | نەتەوەی کورد | ١٩٨ |
| ٤ | **بەشی چوارەم:**<br>**ئاینەکانی کوردستان** | **٢٠٠** |
| ٤-١ | گەمی نوح | ٢٠٢ |
| ٤-٢ | ئاینی زەردەشت | ٢٠٥ |
| ٤-٣ | ئاینی جو | ٢١٣ |
| ٤-٤ | ئاینی کریستیان(فەلە) | ٢١٤ |
| ٤-٥ | ئاینی ئیسلام | ٢١٥ |
| ٤-٦ | ئاینی یەزیدی | ٢٥٨ |
| ٤-٧ | ئاینی یاری | ٢٦٠ |
| ٥ | **بەشی پێنجەم:**<br>**هۆیەکانی پێشنەکەوتنی کۆمەڵگەی کوردەواری** | **٢٦٢** |
| ٦ | **بەشی شەشەم:**<br>**مافەکانی سەرەتایی مرۆڤی کوردستانی** | **٢٨٩** |

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | **بەشی حەوتەم:**<br>**کولتوری نەتەوەی کورد** | **٢٩٥** |
| ٧-١ | زمانی پێدوان یان زمانی نەتەوە | ٢٩٥ |
| ٧-٢ | خو و ڕەوشت | ٣٠٦ |
| ٨ | **بەشی هەشتەم:**<br>**چەند کارەساتی دڵتەزێنی کۆتای سەدەی بیستەم لە کوردستان** | **٣١٧** |
| ٩ | **بەشی نۆهەم:**<br>**چەند کەسایەتی شۆڕشگێڕی کوردستانی** | **٣٢٦** |
| ٩-١ | مەلای جزیری | ٣٢٦ |
| ٩-٢ | خانزادی میری سۆران | ٣٢٧ |
| ٩-٣ | ئەحمەدی خانی | ٣٣١ |
| ٩-٤ | حاجی قادری کۆیە | ٣٣٤ |
| ٩-٥ | میقدادمەدعەت بەدرخان | ٣٣٥ |
| ٩-٦ | یونیس ڕەئوف دڵدار | ٣٣٦ |
| ٩-٧ | مارگرێت جۆرج | ٣٣٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٩-٨ | مامۆستا جگەرخوێن | ٣٣٩ |
| ٩-٩ | لەیلا قاسم | ٣٤٠ |
| ٩-١٠ | مەستورەی شاسواری(تەوار) | ٣٤١ |
| ٩-١١ | مامۆستا هێمن موکریانی | ٣٤٢ |
| ٩-١٢ | موساحەنتەر(ئاپێ موسا) | ٣٤٣ |
| ٩-١٣ | مامۆستا ئیسماعیل بێشکچی | ٣٤٤ |
| **١٠** | **بەشی دەهەم: کۆتایی** | **٣٤٥** |

# پێشەکی

کێشەی گەلی کورد سالأنێکە هەیە و زۆر بەرزی و نزمی بە خۆیەوە بینیوە. داگیرکەران بە چەک هێرشیان کردۆتە سەر کوردستان و کوردیان ناچارکردوە بە چەک بەرەنگاری بکات. نەیاران چاویان بە بونی کورد هەڵنەهاتوە و ویستویانە بە گوشار و کوشتن، بێناسنامەیکەن و لە ناوی بەرن. کورد لە ناو پێنج داگیرکەری دڕندەدا دابەشکراوە و نەتەنیا کۆڵۆنیزەکراوە بەڵکو هەستی نەتەوەیی کورد سەرکوتکراوە و تا ڕادەکی زۆریش ئەو هەستە بنبڕکراوە. ئەگەرچی کورد لە مێژودا هەردەم ئاشتیخوازبوە و تەنانەت باوەشی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ داگیرکەرانی وڵاتەکەی ئاوەڵابوە، بەڵام دوژمنان نکۆڵیان لە بونی کورد کردوە و بە خەراپکار بەگەلانی ناوچە و جیهانیان ناساندوە.

هۆیەکیتری بێناسنامەیی کورد دەگەڕێتەوە سەرئەوەی کە کردەوەی تاکڕەوی لە بیروبۆچون لە کوردستان دا باوبوە. واتە

هێزێک دەستەڵاتی گرتۆتە دەست و لە ناو ئەو هێزەشدا سەرکردە فەرمانڕەوایی کردوە. هەر لایەنێک هێزی زۆرتری بوبێت، زاڵ بوە بە سەر لایەنەکەی تردا. تەنانەت لە ناو خۆی هێزی دەستەڵاتداریشدا، سەرکردە فەرمانڕەوایی و زۆرداریی کردوە. گەلی کورد بەو بیروباوەڕە تاکڕەویە و خۆپێزلیە گەورەترین زەربەی لە سەربەخۆیی کوردستان داوە. چونکو تاکڕەوی کورد نەگەیشتۆتە ئاستی بە نەتەوەبون و تەنیا لە ئاست خێڵ و ڕێخراوە دا ماوەتەوە.

هەرکات کوردستانیان بە کورد و نەتەوەکانی تری کوردستانەوە، مافەکانی نەتەوەی خۆیان بە ژیرانە و زانایانە ناسین، دەتوانن ناسنامەی نەتەوەییان مسۆگەربکەن. بۆ ئەو مەبەستە و بۆ ئەوەی لە پێناو چارەسەری دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمدا هەوڵێکم دابێت و بەردێکم لە بناغەی پتەوی کوردستانێکی سەربەخۆ دا دانابێت، بە پێویستم زانی پەڕتوکی "ناسنامەی کوردستان" بنوسم.

جێگای ئامازەیە کە مێژوی گەلی کورد زۆر کۆنە و نوسین لە سەر هەمو خاڵەکانی کارێکی ئاسان نیە. چونکە کاتێک داگیرکەران هێرشیان کردۆتە سەر کوردستان، سامانەکەیان تاڵانکردوە، زانایانی کوردیان کوشتوە و نوسراوەکانی مێژوییان سوتاندوە. تا توانیویانە زانست و کەلەپوری کوردیان بۆ خۆیان دزیوە. بۆ وێنە لە سەردەمی داسەپاندنی کولتوری عەڕەب، بە ناوی هێنانی ئاینی ئیسلام بۆ سەر گەلی کوردستان هێرشکرا و لەشکری عەڕەبەکان پەڕتوکخانەکانی کوردستانیان لە سەر ناوی پەڕتوکخانەی کافران و گاوران سوتاند و سامانی گەلی کوردیان بە تاڵانبرد.

جێگای زانینە کە ئیمپڕاتۆڕ و زۆردارەکان نەتەنیا هێچ پڕنسیپێکیان لە داگیرکردنی کوردستان ڕەچاونەکردوە بەڵکو تا توانیویانە کوردیان کۆمەڵکوژکردوە و سەرچاوە مێژویەکانیان تێدابردوە. لەکاتی داگیر و تاڵانکردنی کوردستان و بێناسنامەکردنی گەلی کورد، داگیرکەران و زۆرداران ڕەزایەتیان لە کورد وەرنەگرتوە، تا کو کورد بە خواستی ئەوان ناسنامە و

مێژوی خۆی بنوسێتەوە. کەواتە میتۆدی لێکۆلینەوەی سەردم مافی ئەوەی نەیە کە پێش بگرێت لە نوسینەوەی مێژوی کورد، چونکە تەنانەت دەستەڵاتدارانی ئەم سەردەمە هیچ پڕنسیپێکی مرۆڤی لە بەرانبەر نکۆڵی لە ناسنامەی کوردستان دا ڕەچاوناکەن.

لەم پەڕتوکەدا کە بەرهەمی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی بیست ساڵەیە، تێیدا تیشک خراوەتە سەر ڕوداوە هەرە گرینگەکانی کوردستان.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هیچ لایەنێک بەرز یان نزم نەکراوەتەوە، بەڵکو دڵسۆزانە ڕاستی ڕوداوەکانی کوردستان نوسراون، تا ڕاستیش نەدرکێندرێت، هەڵەکان چارەسەر ناکرێن.

بۆ ئەم لێکۆڵینەوە سەری سەدانماڵ و قوژبنی ئەم جیهانەم داوە. لەگەڵ سەدان کەسایەتی ناسراو و نەناسراوی کوردستانی یان کورددۆست چاوپێکەوتنم کردوە و لەسەر هەر بابەتێک دەیان

جار پرسیومە و لێی ورتبومەتەوە و تا کاکڵی ڕاستی ڕوداوەکەم دەرنەخستوە کۆڵم نەداوە. تەنانەت لەزۆرشوێن بەنهێنیپارێزی و هەستیاریەوە زانیاریەکانم کۆکردونەتەوە. هەر لە کوردەکانی قوچانەوە بگرە تا دەگاتە لاچین، عەڵەب، قامیشلو، شام، ئیستانبوڵ، ئامەد، سێرت، دەرسیم، وان، بازید، جزیر، زاخۆ، دەهۆک، کەرکوک، خانەقین، هەڵەبجە، قەڵادزێ، قەندیل، سلێمانی، هەولێر، سەردەشت، سنە، سەقز، بانە، ورمێ، خانێ، سەڵماس، کرماشان، ئیلام، لوبنان، قاهیرە، نیوێۆرک، ستۆکهۆڵم، کۆڵن، لۆزان، لۆکسامبۆرگ، بروکسێل، ڕۆم، پاریس، لەندەن، ئێدینبرا، سیدنی، ئیسڕایل و سەدان شار و گوندی تری ئەم گۆی زەویەم پێواوە و ماندوبونی و شەونخونیم پێیوە دیوە، بۆ ئەوەی زانیاریەکان کۆبکەمەوە و بەو هیوایەی کوردیش وەک نەتەوەکانی تر شانازی بە مێژو و ناسنامەی خۆی بکات. لێرەدا بە هۆی ئەمنیەتپارێزی نەنوسراوە کە بە گوێرەی فلان کەس یان فلان سەرچاوەیە، فلانە شتە ئاوا بوە و تەنیا لە کۆتایی پەڕتوکەکەدا ئامازە بە چەند سەرچاوەی کەڵکلێوەرگیراو کراوە. پێشموایە ڕەچاوکردنی هەمو بەشەکانی میتۆدی نوسینی

لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادامی بێجگە لە قەبەکردنی نوسراوەکە، سەری خوێنەریشی دێشاند و خەڵکی کوردیش کە زۆر حەز لە خوێندنەوە ناکات، هێندەی دیکەشی دەپرینگاندەوە.

بەشێکی هەرە زۆری مێژوی کۆنی کورد لە لایەن کەسانێکی نیشتیمانپەروەر لەبەرکراوە و لە نەوەکانی پێش بۆ نەوەی ئەمڕۆ گێڕدراوەتەوە. منیش پاش بەدواداچونێکی زۆر، بە پێویستم زانی کە ئەم گوتراوە بە نرخانە، بنوسمەوە بۆ ئەوەی هەم تێدانەچن و هەم نەوەکانی دوای ئێمە شانازی بە هەبونیان بکەن.

خۆنواندن نیە کە ئاماژەبکەم زۆرینەی ئەو پێنوسبەدەستانەی کە درۆ بۆ دراو دەنوسن و ناڕەوا بە ڕەوا دەناسێنن، نوسەرنین بەڵکو نۆکەرن. مەبەست لەو خۆپێزل و زانایانەیە کە تەنیا مردوی نێون، ئەگینا ناوەرۆکێکی بەتاڵ و پوچن و ئەگەر سەدانساڵی تریش بخایەنێت، مێژو کاتێک وەک فیرعەونەکان بە ڕەشیان دەناسێنێت. من پێم وایە لە دواڕۆژدا مرۆڤی تیگەشتو پێی شەرمدەبێت کە بڵێت من لە و نەوانەم کە بە ناوەکانی ئاینی،

ڕامیاری، دێموکڕاسی، ئازادی، نەتەوەی، کۆمەنیستی و سوسیالیستی بەیتو بالۆرەی خوایەتیان لێداوە. لە ڕاستی دا زۆربەیان بێویژدانێکی مێشکشۆری چەوسێنەر بونە.

جێگای زانینە کە خۆناسین و هەوڵدان لە پێناو بە دەستهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ کوردستانیان لە هەمو زانیاریەکانی ناو پەڕتوکەکانی ئاینی و مانیفستۆکانی فەیلەسوفەکانی تری جهان وەک مارکس، ئینگلس و داروین پیرۆزترە. بۆیە هەر کوردستانیەک پێوسیتە کە زانستەکانی ناسنامەی کوردستان فێربێت و لە ئاین و ڕێکخراوە و بەرژەوەندیە کەسیەکانی باشتریان بپارێزێت. هیوادارم ئەم زانستە ببێتە هۆی ئاشتی ناوخۆیی گەلی کورد و خزمەتێکیش بێت بۆ گەیشتنی گەلی چەوساوەی کوردستان بە مافەڕەواکانی.

ئەم پەڕتوکە بە زمانێکی ساکاری ڕۆژانە کە خەڵکی کوردستان پێیدەدوێن نوسراوە و هەوڵدراوە زمانێکی وێژەیی سادە بە کار بهێندرێت بۆ ئەوەی هەمو خوێنەرێک بە باشی لێی تێبگات.

بۆ زانیاری لە سەر شێوازی نوسین و وێژەیی ئەم پەڕتوکە، خوێنەر دەتوانێت سەرنجبداتە بەشی زمان لە لاپەڕەی ٢٩٥.

# بەشی یەکەم

## ١. ناسنامە چیە؟

بە بۆچونی زانایان و پسپۆڕانی زەویناس و ئەستێرەناس، گۆی زەوی لە ئاکامی تەقینەوەی هێندێک مادەی سەرەتایی کە بە تیۆری" تەقینەوەی گەورە" (بیگ بانگ) ناسراوە، نزیک چواردە بلیۆن ساڵ پێش(ساڵی٢٠١٣ی زاینی) دروستبوە و پرۆسەی دروستبونەکەشی ملیۆنان ساڵی خایاندوە تا ساردبۆتەوە و بەم قەوارەی ئێستای دەرهاتوە.

یەکەم ژیان یەک ونیو بلیۆن ساڵ لەمەوپێش بە گیاندارانی بچکۆلە کە بە "مایکرۆ ئۆرگانیزم" ناسراون لە ناو دەریاوە بەرەوە ئیشکاییەکان دەستی پێکردوە.

دایناسۆڕەکان ٦٥ ملیۆن ساڵ پێش(ساڵی٢٠١٣ی زاینی) لەسەر گۆی زەوی ژیاون. بەهۆی کەوتنەخوارەوەی بەردگەلێکی مەزن لە

ئەستێرەکانەوە، کەش و هەوای زەوی گۆڕاوە و لە ئاکامی سەرما و سۆڵێکی زۆر دایناسۆڕەکان تێداچونە.

مرۆڤ لە ٨ ملیۆن ساڵ لەمەو پێش لە سەر زەوی ژیاوە و لەگەڵ گۆڕانی ئاووهەوا، خۆی لەگەڵ ژینگە گونجاندوە. ئیشکاییەکان لە سەر زوخاوی بەردی گەرم جێگیر بونە و بە تێپەڕبونی کات لێکترازاون و ئاو ئیشکایەکانی لێکهەڵبڕیوە و بەم شێوەیە هۆز، تیرە، نەتەوە و زمانی جۆراو جۆر پێکهاتون.

لە پڕۆسەی شارستانیەتدا خەڵکان زمان و کولتوری خۆیان پێشخستوە کە ئەمڕۆ وەک ناسنامەی نەتەوەکان دەناسرێن. هەروەک ناسنامەی ئینگلیسەکان، ئینگلستانی بونیانە، کوردیش دەبێ ببێتە خاوەن ئەم باوەڕە کە کوردستانی بونی خۆی بە ناسنامەی خۆی بزانێت.

ناسنامەی نەتەوەیی یان هاووڵاتی لە کۆمەڵێک فاکتەری سەرەکی پێکدێت کە تاکەکان لە کۆمەڵگەدا بەیەکەوە گرێدەدات. ئەو تاکانەی لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین و گرێدراوی یەک کولتورن و

بە زمانێکی هاوبەشی جیاواز لە زمانەکانی تر دەدوێن، نەتەوە و کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە دەوروبەریان پێکدێنن.

کاتێک کە مانای نەتەوەبونمان بۆ دەرکەوت، زۆر ئاساییە کە باس لە ناسنامەی نەتەوەیی بکەین. کورد چ وەک زمان و چ لە ڕوی فەرهەنگ و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی زۆر جیاوازە لە هاوسێکانی کە تورک، فارس و عەرەبن. بەڵام داگیرکەرانی کوردستان، هەلقۆزانە بە دزینی زمان و کولتوری کورد، زمان و کولتوری خۆیان پێدەوڵەمەندتر کردوە. بۆ وێنە ئەگەر هەمو وشەکانی زمانی کوردی لە فارسی دەرخەین، نەتەوەی فارس پەکی دەکەوێت و بێزمان دەمێنێتەوە. زمانەکانی تورکی و عەرەبیش کۆکراوەیەک لە هەمو زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن کە بە کەڵەگایی شمشێر خۆیان بەسەر ناوچەکەدا سەپاندوە.

واتە زمانی کوردی ئەگەرچی هەمیشە سەرکوتکراوە و بواری گەشەستاندنی نەبوە، بەڵام لە بواری وێژەیەوە لە زمانەکانی

هەرسێک نەتەوە داگیرکەرەکەی کوردستان دەوڵەمەندترە. هەر بۆیە پێویستە دانبنرێت بە ناسنامەی کورد و لە ئاستی ناونەتەوەیشدا وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز لە تورک، فارس و عەرەب بناسرێت.

بە بێ دانپێنان بە ناسنامەی نەتەوەیی کورد و بە کیانی کوردستان، کێشەی نەتەوەی کورد چارەسەرناکرێت و تا چارەسەریش نەکرێت، چەند بۆ کورد زەرەرمەندە، ئەوەندەش نەتەوەکانی تورک، فارس و عەرەب لە دواکەوتندا دێڵێتەوە. هەر بۆیە نەتەنیا کورد بەڵکو نەتەوەکانی دراوسێ و جیهانیش پێوستە شێلگیرانە بیر لەم کێشەیە بکەنەوە و ڕێگا دروستەکەی بێ وەدرەنگ خستن هەڵبژێرن. چونکە هەر نەتەوەیەک کە خاوەنی نیشتمان و فەرهەنگ و زمانی خۆی بێت، مافی هەبونی ناسنامەی نەتەوەیی هەیە. نیشتمانی گەلی کورد، ناوی کوردستانە و جوگڕافیایەکی تەواو جیاوازی لە گەڵ تورکیە، ئێران، ئێڕاق و سوریە هەیە. زمانی گەلی کورد بە هەمو زاراوەکانیەوە زۆر لە تورکی، عەرەبی و فارسی جیاوازە.

هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خەڵکی کورد لە گەڵ تورک، فارس و عەڕەب جودایە. کەواتە ئەم سێ هۆسەرەکیەی باسکران، فاکتەری دانپێدانراوی ناونەتەوەیین بۆ ئەوەی گەلی کوردیش لە کوردستان و ناونەتەوەییدا بە ناسنامەی کوردستانی بونیەوە بناسرێت.

ئاشکرایە کە مێژوی شۆڕشە خوێناویەکانی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی وڵات و پارێزگاری لە خۆی، بەڵگەی سەلمێنەری ناسنامەی کوردستانن.

## بەشی دوەم

## ٢. خاڵە گرینگەکانی مێژوی گەلی کورد و شۆڕشەکانی کوردستان

کەس نیە بزانێت و کەسیش لە پێشەڕۆژدا پەیدا نابێت کە بزانێت گەلی کورد لە کوێوە هاتوە و چۆن پەیدا بوە. هەرکات زانیمان گەلانی تری جیهان لەکوێوە دەرقوڵیون، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین کە گەلی کوردیش لە هەمان شوێنەوە هاتوە.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە مێژوناسانێک پێیان وایە کە گەلی کورد لە گەلانی هێندوئەروپییە و شەش هەزارساڵ پێش زاین لە ناوچەکانی قەفقازەوە بۆ ناوچەکانی چیای زاگرۆس کۆچی کردوە، من پێم وایە لەوەتی مرۆڤ لە سەر گۆی زەوییە، کوردیش لە سەر خاکی کوردستان ژیاوە.
ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بکرێت، کۆنترین پەیکەرەکانی جیهان لە کوردستان دەدۆزرێنەوە. بەڵام داگیرکەرانی کوردستان

هەرشتێکی بەنرخی نەتەوەیی کوردستان وەدۆزن، خێرا دەیدزن و بێسەروشوێنی دەکەن.

کۆنترین پەڕتوکی مێژویی شارستانیەت، "گلّگامێش"ە کە ٢٧٥٠ساڵ پێش زاین وەک هەڵبەست لەسەر چەندین بەردی گەورە نوسراوە. هەڵبەستەکانی گلّگامێش زیاتر لە سێ هەزارساڵ پێش قورئانی پیرۆز نوسراون و ئامازە بە یەکەم شارستانیەتی مرۆڤایەتی دەکەن کە لە پەڕتوکەکانی پیرۆزی قورئان، ئەنجیل، تەورات و ئاوێستا دا باسیان نەکراوە. ژیان و داستانی گلّگامێش لەکوردستان بوە و بەردەکانیش لە ناوچەی نەینەوا (موسڵ) دۆزراونەتەوە. گلّگامێش پادشای سۆمەر و یەکەم کەس بوە کە ویستویەتی مرۆڤ لە کێوی بون ڕزگاربکات و ژیانی شارستانی فێرکات.

وشەی گلّگامێش لە هیچ زمانێکدا مانای نیە، بەڵام لە کوردی دا مانی "کەڵەگامێش" واتە گامێشی نێر، "کەللەگامێش" واتە

سەرەگامێش، یان "گەڵ گامێش" واتە گامێشی ناو گەڵ و لێڕەوار دەدات.

جێگای زانینە گەلی کورد لە کۆندا مرۆڤی زیاتر بە ئاژەڵ شپاندوە و بۆ کەسانی ئازا، ناوبانگی ئاژەڵێکی بوێری بۆ داناوە. بۆ وێنە لە سەردەمی ئێستاش لە دێهاتەکان ئەمە بەکاردێن کە "فلانکەس دەڵێی کەڵە" واتە زۆر بەتاقەتە، یان دەڵێن "فلانکەس دەڵێی شێرە" واتە زۆر بەخیرەتە. تەنانەت ناوی شێرکۆ کە بۆتە ناوی مرۆڤ سەرچاوەی شپاندنە بە شێر، کە ئاژەڵێکی بەخیرەتە.

ناوی گڵگامێش بۆ هەمان مەبەست بەکار هاتوە. لەو کاتەدا زۆرینەی ئاژەڵەکان کێوی بونە و کەڵەگامێش لە ناوچەی کوردستاندا بەتاقەتترین و بەخیرەتترین ئاژەڵی ناوچەکە بوە، بۆیە ئەم ناوە بۆتە ناسناوی کەسێک. کەواتە دەکرێت بە شانازیەوە بڵێن کە گڵگامێش و سۆمەریەکان کورد بونە و شارستانیەت لە کوردەوە بۆ هەمو جیهان دەستی پێکردوە و نەتەوەی کوردیش هەمیشە لە سەر ئەم زێد و نیشتمانە ژیاوە.




پەیکەری گڵگامێش لە باخچەی زانکۆی سیدنی

لەم پەیکەرەدا گڵگامێش شێرێکی لە ئامێز گرتوە. ئەمە پیشان دەدات کە گڵگامێش ئاژەڵی کێوی، خۆماڵیکردوە و کەڵەگەتی و گەورەیی ئەو، سێ قاتی نێرە شێرێک بوە. کە واتە ناسناوی "کەڵەگامیش" و "گەڵ گامیش"ی لێوەشاوەتەوە وپڕ بە پێستی خۆی بوە.

گڵگامێش ٥٠٠٠ساڵ پێش زاین لە سۆمەر (ولاتی ناو دو ڕوباری دیجلە و فورات) واتە بەشێک لە خاکی باکور، باشور و ڕۆژئاوای کوردستان و ئێڕاقدا دەستەڵاتدار بوە و ١٢٦ ساڵ تەمەنی کردوە و زیاتر لە نیوەی تەمەنی وەدوای چارەسەریەک کەوتوە کە پێش لە مردن بگرێت.

## ٢-١. ڕەچەڵەکی گەلی کورد لە ٦٠٠٠ ساڵ پێش زاین (٥٣٠٠ ساڵ پێش نەورۆزی کاوە)

ڕەچەڵەکی (نژادی) گەلی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە مێژودا بە ناوەکانی لۆلۆ، گۆتی، حۆری، مانی، سۆمەر و مەدیا ناویان بردونە.

لۆلۆیەکان لە چیای زاگرۆس دەستەی ئاریان پێکهێناوە و دەستەڵاتی(حکومەتی) مەدیایان دامەزراندوە و لە ناو گەلانی تر وەک کۆمەڵگەی مەدیا ناسراون.

لۆلۆیەکان لە ٦٠٠٠ ساڵ پێش زاین لە کوردستان مێژویان تۆمار کراوە و لە ٢٨٠٠ ساڵ پێش زاین دەستەڵاتی خۆیان دروستکردوە.

لە ناوچەکانی حیلوان تا زەهاو لە ژێر دەستەڵاتی لۆلۆیەکان دابوە کە ناوچەکانی سلێمانی، پیران (شێخان)، شارەزور و کەرکوکی گرتۆتە خۆ.



وێنەی پەیکەرێکی بزنەکێوی سەردەمی لۆلۆیەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠٠ ساڵ پێش زاین (٥٣٠٠ ساڵ پێش نەورۆزی کاوە).



وێنەی پەیکەرێکی مرۆڤ کە ٥٠٠٠ ساڵ پێش زاین لە لۆلۆیەکانەوە بە جێماوە.

## ٢-٢. خێڵی پارس

خێڵی پارس ٥٠٠٠ ساڵ پێش زاین لە ئاسیای ناوەڕاست واتە لە ناوچەکانی تاجەکستان ڕا کۆچبەری مەدیا (کوردستان و ئێران) و لە ناوچەی "ئانشان" کە دەکەوێتە شیرازی ئەمڕۆ وەک پەنابەر نیشتەجێ بو.

جێگای ئەمازەیە کە کولتوری میوانداریەتی گەلی کورد بۆتە هۆی ئەوەی گەلانی تر ڕو لە ماڵ و نیشتمانی گەلی کورد بکەن.
لەلایەکی تر لە بەر دەولەمەندبونی سەرزەوی و بن زەوی خاکی کوردستان، نەتەوەکانی تر ڕویان کردۆتە ئەم وڵاتە. تەنانەت ئەو چەند شەڕە گەورەی مێژویی لە ناو خاکی کوردستان دا ڕویان داوە:
* ئەسەکەندەری مەقدونی (ئیمپڕاتۆڕی یونان) لە گەڵ داریوش (ئیمپڕاتۆڕی ئێرانی) ٣٣٤ ساڵ پێش زاین کە تێیدا نەتەوەی کورد کۆمەڵکوژ و کۆڕەوکرا.

* ئیمپڕاتۆری عەرەب لە سەر ناوی ئیسلام و بە ڕێبەی حەزرەتی عومەر (خوای لێڕازیبێت) لە سەدەی حەوتی زاینی کە تێیدا کوردەکان کۆمەڵکوژ و کۆچبەرکران و عەرەبەکان لە پارێزگاکانی نەینەوا، کەرکوک، حەڵەب، خانەقین، خۆرستان (دێزفول، خوزستان) جێگیرکران.

* چەنگیزخانی مەغوڵ و ئێرانیەکان لە سەدەی سێزدە کە تێیدا کورد کۆمەڵکوژ و کۆڕەوکرا.

* ئیمپڕاتۆرەکانی عوسمانی و ئێرانی لە سەدەکانی سێزدە تا شازدەی زاینی کە تێیدا گەلی کورد کۆمەڵکوژ و کۆچبەرکرا. لە هەمان کاتدا تورک، ئازەری و تورکمەن لە پاریزگاکانی ورمێ، ئەردەلان، خارپیت، ئەرزەنجان، ئەرزەڕۆم، سێواس، مەلاتیە، مەرەش، گازی ئانتەب، ڕوحا، نەینەوا و کەرکوک جێنشینکران و چەند خێڵی فارسیش لە پارێزگاکانی هەمەدان، کرماشان، لوڕستان، ئیلام، کۆهگیلویە، بەختیاری و کازرون (بوشەهر) نیشتەجێکران.

واتە کوردستان بە درێژایی مێژو بۆتە مەیدانی کێشە و شەڕی دوژمنانی گەلی کورد و ململانەی داگیرکەران و لە ژێردەستی داگیرکەراندا ماوەتەوە. زۆربەی ئیمپڕاتۆڕەکانی جیهان ڕێیان کەوتۆتە کوردستان و بەشی خۆیان گەلی کوردیان کوشتوە و سامانەکەشیان بەتاڵانبردوە.

جێگای ئامازەیە لە سەدەکانی هەشت تا سێزدەی زاینی و کاتی فەرمانڕەوای عەبباسی لە ئێران، چونکە لە زمانی عەڕەبی دا پیتی"پ" نەبوە، عەڕەبەکان"پارس"یان بە فارس ناوزەدکردوە. وشەی فارس لە زمانی عەڕەبی دا مانای ئەسپەوان یان شوانی ئەسپان دەدات.

جێگای سەرسوڕمانە کە تەمەنی ئازەریەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، تورکەکان لە باکوری کوردستان وتورکمەنەکان لە بەشوری کوردستاندا ناگاتە ٧٠٠ ساڵ، بەلام ئێستا هەمەکارەی کوردستانن و کەڵەگای سەر گەلی کوردن و هەمو پۆستەکانی ڕامیاری و ئابوریان دەدەستدایە!



پەیکەرێکی زێڕی پاشماوەی مەدیا کە دزراوە بۆ مۆزەخانەی تاران

## ٢-٣. دەستەڵاتی مەدیا

ناوی گەلی مەدیا لە ٨٣٦ ساڵ پێش زاین (١٣٦ ساڵ پێش نەورۆزی کاوە) ڕا زانراوە کە لە ناوچەکانی چیای زاگرۆس ژیاوە و دەستەڵاتی هەبوە.

سەرکردەی مەدیاکان لە ساڵی ٧١٥ی پێش زاین ناوی دیاکۆ بو کە لە دژی زۆرداری ئاسوریەکان شۆڕشی کرد. دیاکۆ ناوچەکانی ورمێ، موکریان، سۆران، بابان، سنە، هەمەدان و کرماشانی لە ژێر دەستی ئاسوریەکان ئازادکرد و لەو ناوچانەدا دەستەڵاتی هەبو. دیاکۆ بۆ ئازادی گشت نەتەوەی مەدیا و وڵاتی مەدیا لە ساڵی ٧١٢ی پێش زاین لە شاری وان دژی ئاسوریەکان شەڕی کرد و لەو شەڕەدا گیانی بەختکرد.

دوای کوژرانی دیاکۆ لە هەمان ساڵدا "کەیخوسرەوی یەکەم" بو بە سەرکردەی مەدیاکان و لە دژی ئاسوریەکان شەڕی درێژەپێدا. لە هەمان ساڵدا دەستەڵاتی مەدیاکان تێکشکا، کەیخوسرەو

بەدەستی ئاسوریەکان کوژرا و پاشای ئاسوریەکان "زوحاک" دەستی بەسەر وڵاتی مەدیا داگرت.



وێنەی پەیکەرێکی پاشماوەی نەتەوەی مەدیا کەدەگەڕێتەوە بۆ ٨٠٠ ساڵ پێش زاین.



وێنەی چەند پەیکەرێکی دەستکردی نەتەوەی مەدیا کە دەگەڕێنەوە بۆ ٥٠٠ ساڵ پێش زاین و لە مۆزەخانەکانی جیهاندا بڵاوبونەتەوە.

## ٢-٤. شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر دژی زوحاکی زۆردار لە ٧٠٠ ساڵ پێش زاین

کاوە مرۆڤێکی زۆر بوێر و بەتوانای نەتەوەی مەدیا و پیشەی ئاسنگەری بو. ئەو کاتە ئاسنگەریی پیشەی گەورەپیاوان بو و ئاسنگەران پسپۆڕانە لە زێڕ و زێو و مس کەلوپەلی بەکەلکیان وەکو کەرەسەی ژیان و سەربازیی دروستدەکرد.

زوحاک (دەهاک) پاشایەکی زۆرداری داگیرکەری وڵاتی مەدیا بو و زۆر خەڵکی بێتاوانی مەدیایی کوشت. زوحاک لە وڵاتی مەدیا کە خۆی ناوی "مێزۆبۆتامیا"ی لێنابو پاشایەتی گەلی مەدیا و ئاسوریەکانی دەکرد و پایتەختەکەشی نەینەوا (موسڵ) بو. زوحاک بەو بەهانە خەڵکی دەترساند کە گۆیا لەسەر هەردوک شانانی سەری دو مار هەیە و خواردنی ئەو مارانە هەر ڕۆژە مێشکی دو مرۆڤی گەنجی مەدیاییە.

لە ڕاستیدا لە سەرشانی زوحاک مار نەبونە، بەڵکو برین هەبونە بەڵام زوحاک ویستویەتی بەو ناوە ورەی خەڵک دابەزێنێت و بیانتۆقێنێت. بەو جۆرە زوحاک بە هەزاران گەنجی مەدیای کوشت و ویستی ئەو نەتەوە لەناو بەرێت و خانەبڕیان کات.

ئەو کەسەی کە دەبوا هەمو ڕۆژێک سەری دو گەنجی مەدیایی بڕیبا و مێشکی ئەوانی بۆ زوحاک بردبا قەسابێکی هێندێک پیاو چاک بو. ئەو قەسابە هەمو جارێک سەری گەنجێکی دەبڕی و مێشکەکەی لەگەڵ مێشکی مەڕێک تێکەڵاو دەکرد و بۆ چارەسەری برینەکانی سەرشانی زوحاکی دەبرد. گەنجەکەی تریشی بەو مەرجە ئازاد دەکرد کە لە ناوچەی ژێردەستەڵاتی زوحاک ڕا بەرەو چیاکانی زاگرۆس بڕوات و لەوێ خۆی بشارێتەوە. بەم جۆرە و بەنهێنی ژمارەیەکی زۆر لاوی مەدیایی بۆ چیاکانی زاگرۆس بەتایبەتی شاخی قەندیل نارد. یەکەم کەس کە قەسابەکە بۆ چیاکانی زاگرۆسی نارد، ناوی "کورد" بو. قەسابەکە هەمو جارێک بە گەنجەکانی تری دەگوت بڕۆن بۆ چیای زاگرۆس بۆلای کورد. بەم جۆرە دەستەی کورد لە چیاکانی زاگرۆس زۆر بو.

کاتێک دارودەستەی زوحاک سەری دو کوڕەکەی کاوەی ئاسنگەریان بڕی، کاوە لە بێستون ڕا بەرەو نەینەوا ڕێکەوت و خەڵکانی وەزاڵهاتو هەمو بەشوێن کاوە کەوتن و بە پلانێکی داڕێژراو و بە هاوکاریی قەسابەکە و دەستەی کورد، هێرشی کرد بۆ سەر قەڵای زوحاک. لەئاکامدا کاوە لەگەڵ زوحاک کەوتە شەڕ و پاش ململانەیەکی زۆر، بەکوتکە ئاسنگەریەکەی، سەری زوحاکی پانکرد. بەم شێوە بەئاگر بەردان دەجەستە و ماڵی زوحاک لەو ڕۆژەدا موژدەی ئازادی و ئاشتی و خۆشی بۆ گەلی مەدیا بەدیهێنا.

پاشان دەستەی کورد و گەلی مەدیا یەکیانگرت و بە هۆی خۆشەویستی دەستەی کورد، ناوی گەلی مەدیا بە تێپەڕبونی کات بو بە گەلی کورد و وڵاتەکەشیان بو بە کوردستان واتە نیشتمانی کوردان.

بەبۆنەی سەرکەوتنی شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر و ڕوخانی دەستەڵاتی زۆردارانەی زوحاک، خەڵکی ئاگری خۆشییان کردەوە و هەر بۆیەشە گەلی کورد بە ئاگرکردنەوە نەورۆز جێژن دەگرێت.

جێگای ئامازەیە کە ساڵی کوردی لە سەرکەوتنەکەی شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر ڕا دەست پێدەکات. لە ڕۆژژمێری کوردی ساڵ لە مانگی خاکەلێوە واتە لە ٣/٢١ی هەر ساڵێکدا نوێ دەبێتەوە. کەواتە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٣/٢١ دەبێتە ٢٧١٣/١/١ی کوردی.

گەلی کورد هەر ساڵێک لە ڕۆژی نەورۆزدا یادی کاوەی ئاسنگەر دەکاتەوە و ڕێبازەکەشی درێژە پێدەدات. وشەی نەورۆز لە "نوێ ڕۆژە"وە هاتوە. واتە هەمو ساڵێک ڕۆژی سەرکەوتنی کاوەیان بە سەر زوحاکدا، وەک ساڵی نوێ جێژن گرتوە. لەو ساوە تا ئەمڕۆ بەم شێوەیە نەورۆز لە کوردستان پیرۆزکراوە.

پاش کوژرانی زوحاک گەلی مەدیا بۆ ماوەی سێ مانگ لە ئاشتی و ئارامی و خۆشی دا ژیا. کاوە خۆی تەمەنی شەست ساڵانە بو، چونکە کورد تەمەنی سی ساڵانە بو، کردی بەپاشای مەدیا و شاری "ئیکباتانا" (هەمەدان)ی کردە پایتەختی.

لەم هەلە زێڕینەدا "فەرەیدون جەمشیدی ساسانی" کە کوڕە ئەسپەوانێکی چالاکی پارس بو، دۆستایەتی لەگەڵ کاوە دروستکرد و پشتگیری خۆی لە پاشایەتی کورد ڕاگەیاند.

فەرەیدون بۆ پیرۆزبای ئەم سەرکەوتنەی کاوە، لە شاری "ئانشان" (شیراز) جێژنێکی شکۆداری ڕێکخست و کاوە و کوردی بانگێشتی ئەم فەستیڤاڵە کرد. مەدیاکان بەهێزێکی ٢٠٠ کەسیەوە چونە ئەو میواندارییە و لە لایەن هێزێکی ١٠٠٠ کەسی پارسەوە پێشوازیان لێکرا.

لە کاتی نانخواردن دا دەستکرا بە ڕمبازێنی ئەسپسواری و کێبڕکێی نیوان مەدیاکان و پارسەکان. لە مەیدانی ڕکەبەرەکی دا پارسەکان ئەوەندەیان ڕمبازێن بە مەدیاکانکرد تا لە خۆشی دا مەست و ماندویانکردن. لە هەمان کاتدا فەرەیدون خەیانەتی بە کاوە و کورد کرد و لەکاتی نانخواردندا دەرمانداوی کردن. پارسەکان بە پیلانێکی نامرۆڤانە و لە دو کاتژمێردا هەمو هێزەکەی مەدیایان لە گۆمی خوێندا سورکرد. بەم جۆرە

پارسەکان هاتنەسەرتەخت و نەتەوەی کوردیان کردە کۆیلەی خۆیان.

زۆر کەس بەپێی بەرژەوەندی نەیارانی گەلی کوردستان، ئەم ڕوداوە بە ئەفسانە دەزانن، بەڵام ئەمە ڕوداوێکی ڕاست و مێژویی گەلی کوردە.

دیارە نەیارانی  کوردستان ئەم قارەمانەتیەی کاوەی ئاسنگەریان بۆ قبوڵنەکراوە و هەر بۆیە هەوڵ دەدەن وەک ئەفسانەیەک بیناسێنن و نەورۆزیش وەک جێژنی خۆیان لە قەڵەم بدەن و مانا و ناوەرۆکەکەشی بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان بگۆڕن. بۆ وێنە تورکەکان هەمیشە دژی نەورۆز بونە، بەڵام لەساڵی ١٩٩٩ دەستەڵاتی تورکیە بۆ یەکەم جار ڕایگەیاند کە نەورۆز جێژنی تورکانە و تەنانەت سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی تورکیە فریوکارانە بەسەر ئاگردا پازیاندا.
فارسەکانیش بە هەمان شێوە کردویانەتە جێژنی خۆیان و بە "چوارشەممە سوری" ، "سفرەی حەوت سین" و "سێزدەبەدەر" مانا

و ناوەرۆکی ئەم جێژنە نەتەوەییە کوردیەیان گۆڕیوە و سوکیان کردوە.




نەخشەی ئیمپراتۆری مەدیا لەکاتی فەرمانڕەوایی کاوە و کورد، ٧٠٠ ساڵ پێش زاین (واتە یەکەم ساڵی کوردی)

## ٢-٥. فروئارتیس سەرکردەی مەدیا لە ساڵی ٦٧٤ی پێش زاین

گەلی کورد لە ساڵی ٦٧٤ی پێش زاین بە سەرکردایەتی فروئارتیس (کاشا تۆریتۆ) لە دژی پارسەکان شەڕی کرد و ناوچەی هەمەدانی ئازادکرد. فروئارتیس شاری هەمەدانی کردە پایتەختی دەستەڵاتی خۆی. پاشان ئاسوریەکان هێرشیان کردە سەر دەستەڵاتی مەدیا و فروئارتیسیش لەو شەڕدا کوژرا و دەستەڵاتەکەشی لە هەمان ساڵدا تێکدرا.

**٦-٢. سازکردنی دەستەڵاتی مەدیا بە سەرکردایەتی کەیخوسرەوی دوەم  لە ساڵی ٦٢٥ تا ٥٥٠ ی پێش زاین**

لە ساڵی ٦٢٥ی پێش زاین گەلی کورد بە سەرکردایەتی کەیخوسرەو دەستەڵاتی خۆی سازکرد. کەیخوسرەو مرۆڤێکی زانا بو و توانی خێڵەکانی کورد کە لە شێوەی میلیشای جیا جیا بون، هەمویان یەکبخات و لەشکرێکی یەکگرتویان لێدروستکات و لە دژی زۆردارانی ئاسوری و پارس شۆڕش وەڕێخات.

کەیخوسرەو لەو شۆڕشەدا سەرکەوت و دەوڵەتی مەدیای سازکرد و ماوەی ٣٢ ساڵ دەستەڵاتی هەبو. پاشان کەیخوسرەو لە ساڵی ٥٩٣ی  پێش زاین لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا کۆچیدوایی کرد.

کوڕی کەیخوسرەو "ئاستیاگس" لە ساڵی ٥٩٣ تا ٥٥٠ ی پێش زاین سەرکردایەتی دەستەڵاتی مەدیای بەستۆوە بو. ئاستیاگس بۆماوەی ٣٧ ساڵ دەستەڵاتی هەبو و پاشان بەدەستی کورشی دوەم (سیروس) دەستەڵاتەکەی تێکدرا. کورشی دوەم کوڕی

گامبوسی پارس بو و لە هەمان کاتدا گامبوسی پارس فەرمانڕەوای پارێزگای ئانشان(شیراز) بو. ئانشان یەکێک لە پارێزگاکانی دەستەڵاتی مەدیا بو کە ئێستا دەکەوێتە پارێزگای فارس. دایکی کورش ناوی ماندان و کچی ئاستیاگس بو. واتە دواین پاشای مەدیاکان ئاستیاگس، باپیری کورشی دوەم بو. کورش لە خزمایەتی گەلی مەدیا کەلکی وەرگرت و بە ناوی خزمایەتی ئاستیاگسی هەڵخەڵەتاند و هەمو بنەماڵەی پاشایەتی مەدیای بانگێشتکرد بۆ ئانشان و لە وێش دەرمانداوی کردن. کورش بەم شێوەیە دەستی بە سەر دەستەڵاتی مەدیا داگرت و لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زاین دەستەڵاتی پارسی دامەزراند و بەم جۆرە بۆ جارێکیتر دەستەڵات لە نەتەوەی مەدیا ڕا کەوتە دەست نەتەوەی پارس.

کورش کەسێکی زۆر زل و گوێی ڕاستی ڕەش بو و بۆیە لەمنداڵیەوە ناسناوی گوێڕەشی بۆ دانرا بو. پاش هاتنەسەر دەستەڵات ناوی خۆی کرد بە کورش و سیروس.



پەیکەری شێرێک کە دەگەڕێتەوە سەردەمی ئیمپڕاتۆڕی مەدیا کە لە چیایی نمرودی باکوری کوردستان دزراوە و براوەتە مۆزەخانەی لەندەن. ئەم پەیکەرە درێژایی ٣ و بڵیندایی ١,٥میترە و لە بەردی مەڕمەڕ دروستکراوە. بە دەیان پەیکەری چیای نمرود لەو مۆزەخانەدا هەن کە ناوی وڵاتی تورکیەیان لە سەر دانراوە.



ئاڵای ئیمپڕاتۆری مەدیا




نەخشەی وڵاتی مەدیا لە ساڵی ٥٨٠ ی پێش زاین کە سنورەکانی لە کەنداوی مەدیا ڕا بگرە تا دەگاتە دەریای مەدیتەرانە و خەزەر، هەمو ئێران، تاجەکستان، ئەفغانستان، پاکستان، تورکەمنستان،

ئەرمەنستان، ئێراق، کوەیت، قەتەر، ئەمارتی عەڕەب و کوردستانی لە خۆ دەگرت.



وێنەی چیای نمرودی باکوری کوردستان، شوێنەواری مێژویی سەردەمی مەدیا کە دەیانجار لە لایەن داگیرکەرانی تورکیە و ئێران و موسڵمانە عەرەبەکانەوە وێرانکراوە.

## ٢-٧. شۆڕشی ئەتروپات لە ساڵی ٣٢٣ی پێش زاین

ئەتروپات لە سەرکردەکانی سەربازی "دارای سێهەم" بو و لە ساڵی ٣٢٣ی پێش زاین لە دژی دەوڵەتی پارس شۆڕشی کرد و دەوڵەتی مەدیای بچوکی دامەزراند. ئەو دەوڵەتە تا ساڵی ٣٣١ی پێش زاین سنورەکانی خۆی فراوانکرد و ناوچەکانی ورمێ، ماکۆ، خۆی، سەڵماس، نەغەدە، شنۆ، خانێ، مهاباد، بۆکان، میاندواو، سەردەشت و بانەی لە خۆ دەگرت. شاری ورمێ پایتەختی دەوڵەتی مەدیای بچوک بو.

لە ساڵەکانی ٢٢٦ تا ٢٤٨ی زاینی هێندێک لە هۆزەکانی پارس وەک "پارس ئاوا" و "پەهلەوی" هێرشیان کردە سەر دەوڵەتی مەدیای بچوک و ئەو دەستەڵاتەیان تێکشکاند و خەڵکانێکی زۆریان کۆمەڵکوژ و تاڵانکرد. سەرکردەکانی دەوڵەتی مەدیا بە ناچاریی پەنایان بۆ ئەرمەنستان برد.

دەوڵەتی مەدیای بچوک بۆ ماوەی ٥٧١ ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستەڵاتی هەبو. پاش تێکچونی ئەم دەستەڵاتە، گەلی کورد بۆ ماوەی سەدان ساڵ لە ژێر دەستی پارسەکان و ئیمپڕاتۆڕەکانی تری ناوچەکەدا مایەوە.

## ٢-٨. هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر کوردستان و ئێران لە ساڵی ٦٣٤ تا ٦٤٤ی زاینی

حەزرەتی محەممەد (درودی خوای لێبێت) لە ساڵی ٥٧٠ی زاینی لە شاری مەککەی عەرەبستان لەدایک بو. لە تەمەنی منداڵی دایک و باوکی مردن و لای ئەبوتالبی مامی گەورە بو. ئەبوتالب سەرکردەی خێڵی بنی هاشمیە بو کە یەکێک لە گەورەترین و زۆردارترین بنەماڵەکانی شاری مەککە بو. محەمەد کەڵکی لە دەستەڵاتداریەتی ئەبوتالبی مامی وەرگرت و لە نێوان مەککە و شامی ئەوسا سەرەتا کاری کاروانچیەتی و ڕیگری دەکرد. بۆ وێنە لە شەڕی "بەدر" بەدەیان کاروانچی وەک "ئەبو حەکەم" و "ئەبو سۆفیان"ی تالانکرد. پاشان لە گەڵ ئەبوتالبی مامی کێشەی ڕکەبەرەکی دەستەڵاتی پەیدابو، و بۆ بەرژەوەندی ماڵی بو بە هاوسەری دەوڵەمەنترین بێوەژن بەناوی خەدیجە خەوەیلوت. ئینجا بە داهات و دراوی خەدیجە خەوەیلوت دەستی کرد بە بازرگانیی و بە هەزاران بەردەی کڕینەوە و لەشکرێکی تۆقێنەری لێدروستکردن. پاشان بۆ بەدەستهێنانی سامانی زیاتر و بە ناوی

پێغەمبەرییەوە بو بە سەرلەشکەری عەڕەبان و توانی دەستەڵاتی بنی هاشیمە لە دەستی ئەبوتالیب دەربێنێت. ناوبراو لە ساڵی ٦٢١ تا ٦٣٢ی زاینی بە پەنجا هەزار سوارەوە چەندین جار لە شەڕەکانی "بەدر"، ئوحود"، "خەندەق"، "تبوک"، "بنی موستەق"، و "یرموک" دا بۆ سەرهۆزەکان و سەرکردەکانی تری ناوداری عەڕەبی وەک ئەبوحەکەم (کەناسناوی ئەبوجەهلیان لەسەردانا) و ئەبوسۆفیان هێرشی کرد. پاش چەندین شەڕی دور و درێژ و خوێناوی کە لە ئیسلامدا بەشەڕی موشرکین ناو دەبرێن، سوپای حەزرەتی محەممەد هەمو ناوچەکانی حجاز (مەککە و مەدینە)ی گرتە ژێردەستەڵاتی خۆی.

حەزرەتی محەممەد لەساڵی ٦٢٨ی زاینی لە نامەیەکدا، خوسرەو پەرویزی بۆ سەر ئاینی ئیسلام بانگهێشتکرد و داوای خۆبەدەستەوەدانی لێکرد. خوسرەو پەرویز پاشایەکی ساسانیەکانی زەردەشتی بو کە لە ساڵەکانی ٥٩٠ تا ٦٢٨ی زاینی لە هەمەدان و کرماشان و ناوچەکانی تری ئێران و

کوردستان دەستەڵاتداربو. خوسرەو پەرویز خۆی بەدەستەوەنەدا و نامەکەی حەزرەتی محەممەدی دڕاند.

دوای کۆچی حەزرەتی محەممەد، حەزرەتی عومەر(خوای لێڕازیبێت) بە سەرکردایەتی "عەبدولڕەحمان بنی عوف" بە شەست هەزار سواری عەرەبەوە و بەناوی ئاینی ئیسلامەوە لە ساڵی ٦٣٧ی زاینی هێرشی کردە سەر کوردستان. لە شەڕی نەهاوەند کە بە سەرکردایەتی"ساریە"، و لە شەڕی ناوچەی نەینەوا کە بەسەرکردایەتی"عیازبنی غەنەم" و لە شەڕی ماردین و ئامەد بە سەرکردایەتی"قەعقاع بنی عەمر" بە دەیان هەزار کەسیان بە شمشێران سەربڕی و لە کۆمەڵکوژی گەلی کورد گۆمی خوێنیان دروستکرد. لەم کۆمەڵکوژیەدا ئەو گەورەسالانەی کە سەریان لە بەر عەرەبەکان شۆڕنەکردبا، زیندەبەگۆڕیان دەکردن. لە ئاکامدا تەنیا مندالانی ژێر دەسالانەیان زیندو هێشتنەوە و بە زۆری شمشێر فەرهەنگی عەرەبیان بەناوی ئاین بە سەرداسەپاندن. عەرەبەکان ماڵ و سامانی گەلی کوردیان بە ناوی ماڵی کافران تالانکرد (بەغارەت برد). لەم شەڕانەدا

سەدهەزار کورد بەدەستی حەزرەتی عومەر و دارودەستەکەی قەتڵکراو و دەهەزار کچی کوردیان وەک کەنیزە (کۆیلەی سێکسی) بۆ عەرەبستان ڕفاند. دوای ئەم شەڕانە هەر عەرەبێک کە لە شەڕی داگیرکردنی کوردستاندا بەشداری کردبو، ١٢ دەرهەمی وەک پاداشی شەڕ (غەنیمەتی جەنگی) لە لایەن حەزرەتی عومەرەوە بەخەڵات پێ بەخشرا.

حەزرەتی عومەر لە سەر ناوی ئیسلام و بە هاوکاریی هێندێک کوردی بەرژەوەندیخواز کە عەرەبەکان ناوی شێخ (پیر) و سەید (ئاغا) یان لە سەر دانان، بنکەی خۆی لە کوردستان دروستکرد. شێخ و سەیدەکان لە لایەن حەزرەتی عومەرەوە بەکار دەهاتن بۆ ئەوەی ساڵانە بەرات وزەکات بۆ عەرەبەکان کۆبکەنەوە و بۆیان ڕەوانەی حجاز (عەرەبستان) بکەن. بەم شێوەیە هەم شێخ دەستەڵاتی هەبو و هەم عەرەب لە سامانی کوردستان کەلکی خۆی وەردەگرت. ئەمە بوە هۆی ئەوەی کە فەرهەنگی عەرەبیش بە ناوی ئاینی ئیسلام خۆی بە سەر کوردانی زەردەشتی دا بسەپێنێت.

## ٢-٩. دەستەڵاتی ساجدیان و ئەمارەتی کوردستان لە ساڵی ٨٨٩ تا ٩٣٢ی زاینی

لە سەردەمی دەستەڵاتی تاهیریان، لە بەر هەلومەرجی خراپی ئابوری ئێران خەڵک ڕاپەڕین و لەو وڵاتەدا حەوت دەستەڵاتی سەربەخۆ دروستبون. لە کوردستانیش دەستەڵاتی ساجدیان بە ناوی ئەمارەتی کوردستان دامەزرا. سنوری ئەو ئەمارەتە هەمو ڕۆژهەلاتی کوردستان و هەمەدانیشی لە خۆی دەگرت. ئەو دەستەڵاتە لە لایەن بنەماڵەی ساجدیان دامەزرێندرا و هەر بۆیەش بەم ناوە ناسرا.

ساجدیەکان لە ساڵی ٨٨٩ تا ٩٣٢ ی زاینی بۆ ماوەی ٤٣ ساڵ لە کوردستان دەستەڵاتداربون. لە ساڵی ٩٣٢ی زاینی "مرداویجی کوڕی زیار" کە لە دەسەڵاتدارانی "ئالی زیاری" ئێرانی بو، بە ناوی هێنانی ئاینی ئیسلام هێرشی کرد بۆ سەر ئەمارەتی کوردستان و دەستەڵاتی ساجدیانی تێکشکاند. بەم شێوەیە کۆتایی بە تەمەنی دەستەڵاتی ئەمارەتی کوردستان هات.

## ٢-١٠. دەوڵەتی مەروانی کوردی لە ساڵی ٩٣٠ی زاینی

دەوڵەتی مەروانی بەدەستی "بازی کوڕی دۆست" کە لە خێڵی مەروانیان بو، دروستکرا. باز لە چەند هێرشێکدا شارەکانی ئەردیش، چاڵدێران و مەلازگرتی ئازادکرد. پاشان لە بەردەوامی خەباتەکەیدا، ئامەد (دیاربەکر) و فارقین و دەوروبەری گرتە ژێردەستی خۆی.

باز لە ساڵی ٩٣٠ی زاینی لە ئامەد دەوڵەتی مەروانی دامەزراند. دەوڵەتی مەروانی لەو کاتەدا زۆر بە توانا و بەدەسەڵات بو کە توانی هەمو باکوری کوردستان لە دەست پارسەکان ئازادبکات.

باز لەساڵی ٩٦٠ی زاینی ویستی هەمو ناوچەکانی کوردستان ئازادبکات و بۆ ئەم مەبەست لەگەل سوپاکەی ڕێکەوت و لە نزیک شاری موسڵ لە شەڕی دژی دەستەڵاتی هەمدانیانی پارس گیانی بەختکرد و پاش ٣٠ ساڵ دەستەڵاتداری تێکشکا و کۆتایی بە تەمەنی هات.

## ٢-١١. دەوڵەتی شەددادی کوردی لە ساڵی ٩٥١ی زایینی

دەوڵەتی شەددادی کوردی لە ساڵی ٩٥١ی زایینی بەدەست محەممەدی کوڕی شەدداد لە ناوچەی ئەرانێ دروستکرا. ئەو دەستەڵاتە تەمەنی زۆر درێژ بو و سنورەکانیشی لە ماوەیەکی کەمدا زۆر فراوانکرد. شارەکانی نەخچەوان، گەنجە، تیفلیس، دەمیرقاپی، ئانی و دوینی لە ژێر دەستەڵاتی شەددادی دابون و پاشان ناوچەی مەلاتیاشی گرتە دەستی خۆی. هاوکات لە باشوردا دەستەڵاتی مەروانیان و لە ڕۆژهەڵاتدا دەستەڵاتی غەزنەویان هەبون. دەوڵەتی شەددادی بۆ ماوەی ١٢٤ ساڵ لە لایەن دەستەڵاتداری شەددادیەوە بە ڕێوە برا بەڵام پاشان بە هێرشی مەلیک شای دەستەڵاتداری سەلجوقیەکان لە ساڵی ١٠٧٥ی زایینی کۆتایی بەتەمەنی هات. دەوڵەتەکانی کوردی مەروانی و شەددادی بۆ ماوەی ٩ ساڵ هاوکات دەستەڵاتداریان کرد بەڵام یەکیەتی و دۆستایەتیان پێکنەهێنا، ئەگینا لە بەرانبەر دوژمنانیاندا وا بە ئاسانی تێکنەدەشکان.

## ٢-١٢. سەلجوقیەکان لە ساڵی ١٠٤٩ تا ١٢٧٩ی زاینی

سەلجوقیەکان لە ساڵی ١٠٤٩ی زاینی لە شەڕی دژی "بوەیەحیان" سەرکەوتن و دەوڵەتی سەلجوقیان دامەزراند. ئەوان لە سەدەی یازدە تا سەدەی سێزدەی زاینی لە ناوچەکانی ئێران، ئێراق، سوریە و کوردستان دەستەڵاتداریانکرد و بە ناوی ئیسلام و بە بیانوی کافربون زۆرداریەکی بێوێنەیان لە گەلی کورد کرد و کوردێکی زۆریان کوشت و سامانەکەیان تاڵانکرد. بەم شێوەیە گەلی کوردیان چەوساندەوە و وڵاتەکەیان داگیرکرد.

بە تایبەتی سوڵتانی یەکەمی سەلجوقیەکان کە "توخرۆڵی کوڕی سەلجوق" بو لەو کوشتوبڕەدا سەرکردایەتی دەکرد.

دەستەڵاتی سەلجوقیەکان بەدەستی عوسمانیەکان تێکشکێندرا و لە ساڵی ١٢٧٩ی زاینی کۆتایی بەتەمەنی هێندرا.

## ٢-١٣. هێرشی مەغوڵیەکان بۆ سەر کوردستان لە سەدەکانی ١٣ و ١٤ی زاینی

لە سەدەکانی سێزدە و چاردەی زاینی مەغوڵیەکان هێرشیانکرد بۆ سەر کوردستان و کوردێکی زۆریان کوشت وسامنەکەشیان تالانکرد. دواهەمین یەلخانی مەغوڵیەکان ناوی "ئەبو سەعیدی کوڕی سوڵتان محەممەد" بو کە بە "بهادۆر" ناسراوبو و لە سێزدەساڵیدا هاتە سەرتەخی دەستەلات.

پاشان"ئەمیر تەیموری گورگانی" سەڵتەنەتەکەی بهادۆری تێکدا و لە ئێران چەند دەستەلاتێک پێکهاتن و لە هەمان کاتدا کوردەکانی ڕۆژهەلاتیش لە ساڵی ١٣١٥ی زاینی دەستەلاتی کوردیان دامەزراند.

ئەو دەستەلاتە کوردیە لە لایەن "شێخ حەسەنی گەورە" ناسراو بە "حەسەن ئیلکانی" دامەزرا. دەستەلاتی کوردەکان تەمەنی کەم بو و پاش ماوەی ٩ مانگ لە لایەن داگیرکەرانی ئێران تێکشکێندرا.

## ٢-١٤. ئەمیر شەرەفخانی بتلّیسی لە سالّی ١٥٩٧ی زاینی

شەرەفخان نوسەر و زانایەکی کورد بو کە لە سالّی ١٥٩٧ی زاینی لە شاری بتلّیس بەرهەمێکی وەک شەرەفنامەی نوسی. شاری بتلّیس لە سەردەمی شەرفخان ببو بە ناوەندێکی زانیاری و هونەری و پسپۆڕی جۆراو جۆر. لەو سەردەمەدا شەرەفخان هەستی بە بەرپرسیارەتی کرد و بەرهەمی زانیاری جۆراو جۆری لە سەر گەلی کورد لە پەڕتوکخانەکەی شاری بتلّیس کۆکردوە. پایتەختی میرنشینی بنەمالّەی شەرفخان شاری بتلّیس بو. ئەو بنەمالّە لە سەدەکانی ١٦، ١٧ و ١٨ بەهێزبو و لە بندەستی داگیرکەری تورکی عوسمانی ئازادی و سەربەستی خۆی بەدەستهێنابو. لە سەردەمی"ئەمیرعەبدالّی نەوەی شەرەفخان"، "مەلیک ئەحمەد" کە سەرکردەی (والی) عوسمانیەکان بو، بۆ سەر شاری بتلّیسی هێرشکرد و پەڕتوکخانەکەی شەرفخانی ئاگر تێبەردا. لە ئاکامدا چوار هەزار پەڕتوکی بە نرخی ئەو پەڕتوکخانەیە لە گەڵ حەفتا دەستنوسی زانستی بەکەلک سوتان.

مەلیک ئەحمەد بنەماڵەی زۆر دەوڵەمەندی شەرەفخانی تالآنکرد و شاری بتلیسیش وێران و کاولکرا و بەم جۆرە میرنشینی بتلیس تێکدرا.

جێگای ئامازەیە کە ئەو شەرەفنامەی کە ئێستا لە بەردەست دایە و بە زمانی فارسی نوسراوە و پاشان بۆ ڕوسی و کوردی (کرمانجی و سۆرانی) وەرگێڕراوە، نوسراوەی شەرەفخان نیە. ناشێت کابرایەکی زانای وەک شەرەفخان ناسنامەی کورد بە عەرەب و ئێسلامەوە گرێبدات. بەڵکو ئەو ڕونوسە، دەستکرد و بڵاوکراوەی مەلیک ئەحمەدە کە بە مەبەستی سوکایەتیکردن بە گەلی کوردستان و چەواشەکردنی مێژوی کوردستان بڵاوکراوەتەوە. هەربۆیە کوردستانیان دەبێ کەسایەتی شەرەفخان و ناسنامەی کورد بە پەڕتوکی دەستکاریکراو و شێوێندراوی شەرەفنامەوە نەناسن.



ئەمیر شەرەفخانی بتلیسی

## ٢-١٥. تاوانی (جنایەتی) سەفەویەکانی ئێرانی دژی شۆڕشەکانی کورد لە ساڵەکانی ١٥٠٠ تا ١٦٣٩ی زاینی

لە سەردەمی سەفەویەکان واتە لە ساڵەکانی ١٥٠٠ تا ١٦٣٩ی زاینی خەڵکی کوردستان توشی زۆر شەڕ و ناخۆشی هات. "شا ئیسماعیلی سەفەوی" لە ماوەی ساڵەکانی ١٥٢٤ تا ١٥٤٧ دانی بە ناسنامەی نەتەوەی کوردی نەهێنا و میرە کوردەکانی بە قازانجی خۆی بەکارهێنان.

پاشان "شا تەها ماسبی" کە دوای شا ئیسماعیل هاتە سەرکار لە ساڵی ١٥٥٤ی زاینی هێرشی کرد بۆ کوردستان و لە ڕێگادا هەر کەسێکی هاتە پێشی کوشتی و ناوچەکەشی وێرانکرد. شا تەها لە دژی "خێڵی دومبلی" کۆمەڵکوژیەکی بێوێنەی پێکهێنا.

پاشان "شا عەبباسی سەفەوی" لە ساڵەکانی ١٥٨٧ تا ١٦٢٩ی زاینی چەندین جار هێرشی کرد بۆ سەر کوردەکانی شاری خۆیە و

پەلاماری "خێڵی مەحمودی" دا کە سەرکردەکەی "مستەفا بەگ" بو.

مستەفا بەگ بەخۆی و بەکوڕ و چەکدارەکانیەوە ئازایەتیەکی بێوێنەی بۆ پاراستنی قەڵای ماکۆ نواند. بەڵام لە ئاکامدا بەرگەی هێزی داگیرکەری ئێرانی نەگرت و تێکشکا. سەفەویەکان پاش کوشتارێکی یەکجار زۆر، بە هەزاران ژن و منداڵی کوردیان گرت و ڕەوانەی باکوری خوڕاسان و قوچانیان کردن.

لە ساڵی ١٥٩٢ پەیمانی ئیستانبوڵ لە نێوان ئیمڕاتۆڕەکانی سەفوی و عوسمانی دا بەسترا. بە پێی ئەم پەیمانە ٥٠ هەزار کوردی عەلەوی لە باکوری کوردستان ڕا بۆ خوڕاسان و گیلان ڕاگوێزران و لەشەڕی دژی تورکەمەنستان دا بەکار هێندران. ئیمپڕاتوڕەکانی عوسمانی و سەفەوی هەموکات کوردەکانیان لە پێشی شەڕەکان بەکاردەهێنان. لەم شەڕانەدا بە دەیان هەزار کورد بەدەستی یەکتر کوژران.

لە ساڵی ١٦٠٨ شا عەبباس ئابڵوقەی قەڵای دمدمی نزیک شاری ورمێی دا کە کوردی برادۆستی تێدا دەژیان. ئەو شەڕە چەند مانگێکی خایاند و لە ئاکامدا هەمو ئەوانەی لە قەڵاکەدا بون بۆ پاراستنی قەڵاکە تا گیان بەختکردن شۆڕشگێڕانە شەڕی بەرگریان کرد. دوای داگیرکردنی قەڵایەکە، شاعەبباسی سەفەوی بە خۆیی و لەشکرەکەی پەلاماری "خێڵی موکری" دا و کوشتارێکی زۆری لێکردن و نزیکەی ١٥٠٠٠ بنەماڵەی ڕاگوێست بۆ هەرێمی خوراسان.

سەرەڕای ئەو هەمو تاوانەی شایەکانی سەفەوی، کوردەکان سەریان بۆ داگیرکەران دانەنواند و لە سەددەی شازدەهەم "هەڵۆخانی سەرۆکی خێڵی ئەردەڵان" ڕاپەڕی و سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاند.

لە دوای هەڵۆخان، "خان حەمەخانی کوڕی هەڵۆخان" جێی باوکی گرتەوە و تەنانەت دراوی کوردی بەناوی " گەڵا" لە ڕۆژهەڵاتی کورستان لە چاپدا و بە کاری هێنا.

دەستەڵاتی کوردی خان حەمەخان لە ساڵی ١٦٣٨ی زاینی دامەزرا و لە ساڵی ١٦٣٩ لە لایەن سەفیەددین شای ئێران هێرشی کرایە سەر و پاش شەڕێکی دژوار لە ناوچەی مەریوان، کوردەکان تێکشکان و خان حەمەخان لە ناچاری پەنای برد بۆ دەستەڵاتی عوسمانی و پاشان لە شاری موسڵ کۆچیدوایی کرد.

### ٢-١٦. پەیمانی قەسری شیرین لە ساڵی ١٦٣٩ی زاینی

شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ی زاینی لە نێوان دەوڵەتەکانی عوسمانی و سەفەوی دەستی پێکرد. ئەو شەڕە لە سەر داگیرکردنی خاکی کوردستان نزیکەی ١٣٠ ساڵی خایاند. کوردستان هەر ماوەی جارێک لە ژێر دەستی یەکێک لە و دو داگیرکەرە دا بو. لە ساڵی ١٥٩٠ی زاینی شاعەبباسی سەفەوی لە شەڕی دژی عوسمانیەکان تێکشکا و پاشان لە ناچاری پەیمانی ئاشتی لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەست. لەو پەیمانەدا ئێران ناچار بو لە ناوچەکانی کوردستان، گورجستان، ئەرمەنستان و ئازەربایجان پاشەکشە بکات. پاش کشانەوەی سەفەویەکان، ئەو ناوچانە کەوتنە ژێردەستەڵاتی عوسمانی. شا عەبباسی سەفەوی لە ساڵی ١٦٠٣ی زاینی لە گەڵ دەستەڵاتی عوسمانی دوبارە شەڕی هەڵایساند. لەو شەڕەدا ئێران توانی بۆ جارێکیتر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئازەربایجانی ئەمڕۆی ژێردەستی ئێران داگیربکات.

دەستەڵاتەکانی عوسمانی و سەفەوی داگیرکەری کوردستان لە ساڵی ١٦٣٩ پێکهاتن و لە شاری قەسری شیرین پەیمانێکیان مۆرکرد. لەو پەیمانەدا ناوچەی ئەردەڵان بە سەر سەفەویەکان دا و ناوچەکانی موکریان و شارەزوریش بە سەر عوسمانیەکان دا دابەشکران. ناوچەکانی جزیر، ورمێ، سۆران، بابان وەک میرنشینی کوردی مانەوە. میرەکانی کورد لە لایەک شەڕی دژ بە داگیرکەرانی عوسمانی و سەفەویان دەکرد و لە لایەکیتر شەڕی براکوژی. تا ساڵی ١٨١٣ی زاینی کە تێیدا داگیرکەرانی سەفەوی و عوسمانی پەیمانی دووەمی قەسری شیرینیان واژۆکرد و بەو شێوەیە بەسەر کوردەکان دا سەرکەوتن. لەو پەیمانەدا کوردستان بە تەواوی کەوتە بندەستی دەستەڵاتەکانی عوسمانی و سەفەوی. ئەوانیش بە ویستی بەرژەوەندی خۆیان، لە نێوان خۆیان، دابەشیان کرد. لە ئاکامدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە ژێردەستی سەفەویەکان و بە شەکانی تری کوردستان کەوتنە ژێردەستی عوسمانیەکان.




نەخشەی میرنشینەکانی سەربەخۆی کورد

## ٢-١٧. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری لە ساڵی ١٨٨٠ی زاینی

لە ساڵی ١٨٨٠ی زاینی نزیکەی شێست هەزار کورد و ئاسوری لە ژێر ڕێبەرایەتی "شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری" و کوڕە شۆڕشگێڕەکەی بە ناوی "عەبدوڵقادر" لە دژی زۆرداری و دەستدرێژی دەستەڵاتی داگیرکەری ئێران دەستیان بە شۆڕشکرد. ئەو سەرهەڵدانە وەک بروسکێک بە سەر داگیرکەراندا سەرکەوت و کوردەکان لە ماوەکی کەمدا زۆربەی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان ئازادکرد.

دەستەڵاتی ئێران بۆ تێکشکاندنی ئەو شۆڕشە لە دەوڵەتەکانی ئینگلیس، ڕوس و عوسمانی داوای هاوکاریی کرد. ئەم دەستەڵاتانە بەیەکەوە لە دژی شۆڕشی کوردەکان دەستبەکاربون و بە ناوی برایەتی و هاوئاینیەوە، شێخ عوبەیدوڵڵا نەهریان هەڵخەڵەتاند. نەیارانی کورد بە کوردانیان گوت: "با ئێمە پێکەوە ئاشتی بکەین، پاشان پێکدێن و مافی ئازادی نەتەوەی کوردیش دەدەین".

بەو پیلانە شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری بانگێشتی شاری ئیستانبوڵ کرا. کاتێک نەهری دەگاتە ئیستانبوڵ، بەکەڵەک و کوڵەکی دوژمنانی دەزانێت و بە نهێنی لە ئیستانبوڵ ڕا دەگەڕێتەوە شاری شەمزینان. بەڵام هێزی سەربازی عوسمانیەکان بەشوێن شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری دەکەون و لە شەمزینان هێرشی دەکەنە سەر و بەدیل دەیگرن و ڕەوانەی شاری مەککەی عەرەبستانی دەکەن.

لە ئاکامدا دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٨٣ لە شاری مەککە شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری دەکوژن و دەڵێن کۆچیدوایی کرد. بەم جۆرە داگیرکەران هێرشدەکەنە سەر شۆڕشەکەی گەلی کورد و تێکی دەشکێنن و دیسان کوردستان داگیردەکەنەوە.

"عەبدولقادرنەهری" کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری لە ساڵی ١٩٠٨ دەچێتە ئیستانبوڵ و لە ساڵی ١٩٢٥ تێکەڵاوی شۆڕشی "شێخ سەعیدی پیران" دەبێت و پاش تێکچونی شۆڕشەکە لە گەڵ شێخ سەعیدی پیران لە لایەن دەستەڵاتی تورکیە لە سێدارە دەدرێن.

## ٢-١٨. شۆڕشی بەدرخان پاشا لە ساڵی ١٨٨٠ی زاینی

بەدرخان پاشا هەوڵی زۆری دا تا لە گەڵ سەرۆک خێڵەکانی ناوچەی حەککاری یەکیەتی دروستکرد و پەیمانێکی دۆستایەتی بەناوی "پەیمانی پیرۆز" لە گەڵیان مۆرکرد. ئامانجی پەیمانی پیرۆز ئەوە بو کە کوردەکان یەکیەتی خۆیان دروست بکەن و بۆ ستاندنی مافی خۆیان و ڕزگاری خاکی کوردستان لە دژی داگیرکەری عوسمانی ڕاپەڕن و شۆڕش بکەن. لەو پەیمانەدا سەرۆک خێڵی ئەردەڵان کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بو، بەشداری کرد. بە پشتگیری کوردەکانی ڕۆژهەڵات، ئەو شۆڕشە زیاتر پەرەی ستاند. بەدرخان لەگەڵ نەتەوەکانی ئاسوری و ئەرمەنیش پەیمانێکی دۆستایەتی و هاوکاریی مۆرکرد و بەیەکەوە بەڵێنیان دا کە لە دژی دەستەڵاتی عوسمانی شۆڕشبکەن. بەڵام پێش شۆڕشەکە دەوڵەتی ئینگلیس، ئاسوری و ئەرمەنیەکانی لە ناوچەی کوردستان و شۆڕشەکە دورخستەوە.

بەدرخان پاشا لە ساڵی ١٨١٢ لە سەرهەڵدانێکدا، ئەمارەتەکانی جزیر و بۆتانی ڕزگارکرد و خستنیە ژێر فەرمانڕەوایی دەستەڵاتەکەی خۆی. پاشان ویستی هەمو ئەمارەتە کوردیەکان ئازادبکات و کوردستانێکی یەکگرتو پێکبێنێت. بۆ ئەو کارە بەدرخان پاشا پەیوەندی بە زۆربەی پیر و بەگ و سەرۆک خێڵەکانی کورد کرد کە هەریەکەی میری ئەیالەت یان ناوچەی خۆیان بون. بەدرخان پاشا لە میرە کوردەکانی داواکرد کە لە دژی داگیرکەران یەکگرن و بۆ ڕزگارکردنی کوردستان شۆڕش بکەن. ئەو میرانەی کە داخوازیەکانی بەدرخانیان قبوڵکرد بریتی بون لە:

- مستەفا بەگ و دەروێش بەگ لە میرەکانی ناوچەی وان،
- ئورەڵلابەگ میری ناوچەی حەککاری،
- فەتاح بەگی حەککاری،
- خالید بەگی زەحیمی و شەریف بەگی میری ناوچەی موش،
- حوسێن بەگی سەرۆک خێڵی ناوچەکانی قارس و ئاجار،
- پیریوسف میری ناوچەی زاخۆ و

- پیرحەمە میری ناوچەی موسڵ.

بەدرخان پاشا لە ناوچەی جزیر کارگەیەکی دروستکردنی چەک و تەقەمەنی دامەزراند و چەند قوتابیەکی بۆ شارەزایی و فێربونی دروستکردنی چەک و بەکارهێنانی، ڕەوانەی ئەوروپا کرد. هەروەها لە "گراوی شاری وان" بەدرخان بایەخێکی زۆری بە گەمی دروستکردن دا. بەدرخان لە کاتی شۆڕشەکەیدا ناوچەکانی وان، ورمێ، موکریان، سۆران، موسڵ، سنجار و وێرانشاری ئازادکرد.

عوسمانیەکان بە سەرکردایەتی عومەرپاشا و بە هاوکاریی ئینگلیسەکان بۆ سەر شۆڕشگێڕانی بەدرخان پاشا هێرشیان کرد.

لە یەکەم شەڕدا کە لە ناوچەی شاری ورمێ ڕویدا کوردەکان سەرکەوتن. دوای ئەم سەرکەوتنە "یەزدان شێر" (عێزەددین شێر) کە سەرکردەیەکی هێزەکانی بەدرخان و ئامۆزای بەدەرخانیش بو، خەیانەتی بە شۆڕشی کورد کرد و بە خۆی و هێزەکەیەوە چوە

پاڵ هێزی عوسمانی و بەم جۆرە هێزی بەدرخان پاشا شکا و ئەمارەتی جزیر لە لایەن عوسمانیەکان داگیرکرایەوە.

لە درێژەی ئەم شەڕانەدا کوردەکان جارێکی تر ئەمارەتی جزیریان ئازادکرد. بەڵام دیسان عوسمانیەکان بە هاوکاریی بەکرێگیراوانی یەزدان شێر، هێرشیان کردە سەر جزیر. سەرئەنجام شۆڕشگێڕانی کورد نەیانتوانی لە ئاست ئەم هێرشەدا خۆیان بگرن و تێکشکان.

بەدرخان پاشا بە خۆی و هێزەکەیەوە ڕوی کردە قەڵای ئەروخ و لە و قەڵایەدا ماوەی هەشت مانگ لە لایەن هێزەکانی عوسمانی و کوردە خۆفرۆشەکانی یەزدان شێر گەمارۆ درا. لە ئاکامدا هێزەکانی بەدرخان پاشا لە بەر تەواوبونی خواردەمەنی و تەقەمەنی، شکان و بەم شێوەیە هەمو کوردە شۆڕشگێڕەکان گیانیان بەختکرد و ئاواتەکانی بەدرخان پاشا سەری نەگرت و بەدیلی کەوتە دەستی دەوڵەتی عوسمانی و ڕەوانەی شاری ئیستانبوڵ و لە وێشەوە ڕەوانەی دیمەشق کرا.

بەدرخان پاشا دواین ساڵەکانی ژیانی لە دورخرانەوە و ژێردەستیدا بردەسەر. ئەو شۆڕشگێڕە لە ساڵی ١٨٦٨ لە دیمەشق لە لایەن عوسمانیەکان بە ناوی نەخۆشیەوە کوژرا و تەرمەکەی لە گۆڕستانی کوردان لە دیمەشق بە خاک سپێردرا. شایەنی باسە کە بەدرخان پاشا لە کاتی شۆڕشەکەیدا دراوی کوردی بەناوی"گەڵا" لە چاپ دا و لە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی خۆی بەکاری هێنا.

## ٢-١٩. شۆڕشی ڕۆشنبیریی و نەتەوەیی عەبدولڕەزاق بەدرخان لە ساڵی ١٩١٢ی زاینی

"عەبدولڕەزاق بەدرخان" لە ساڵی ١٨٤٦ی زاینی لە ئیستانبوڵ لە دایک بو و کوڕی "نەجیب پاشا" و نەوەی بەدرخان پاشا بو. بۆ فێربونی خوێندەواری زمانی کوردی دەچێتە لای مامۆستا و شاعیری مەزنی کورد "حاجی قادری کۆیە" و دەبێتە خوێندەوارترین کوردی سەردەمی خۆی.

عەبدولڕەزاق بەدرخان بۆ ئازادکردن و سەربەخۆیی کوردستان هەوڵی زۆری دا و شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی- نەتەوەیی کوردی لە سەرتاسەری کوردستان وەڕێخست. ناوبراو لە ساڵی ١٩١٢ بڵاوکراوەیەکی مانگانەی کوردی لە شاری ورمێ دەرکرد. دوای ئەوە کە ڕوسەکان عەبدولڕەزاقیان لە ورمێ دورخستەوە، سمایلاغای سمکۆ ئەرکی دەرکردنی مانگنامەکەی گرتە ئەستۆ. ئەو مانگنامەیە لە ساڵی ١٩١٤ لەلایەن ئێران داخرا.

عەبدولڕەزاق بەدرخان لە ١٩١٣/١٢/٢٤ لە شاری خۆیە "کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی" پێکهێنا و قوتابخانەیەکی کوردی دامەزراند کە تێیدا ٢٩ قوتابی بە زمانی کوردی وانەیان دەخوێند.

دەستەڵاتی ئێران دژایەتی بەردەوامبونی ئەم قوتابخانەی کرد و هێرشی کرد بۆ سەر شای خۆیە و قوتابخانەکەی وێرانکرد. بەم شێوەیە نەیانهێشت گەلی کورد بە زمانی خۆی بخوێنێت.

بە هەوڵ و تێکۆشانی کوردەکان، ناوچەکانی وان و ئەرزەڕۆم لە بەهاری ١٩١٣ بون بە مەڵبەندی زانیاری و ڕوناکبیری.

عەبدولڕەزاق بەدرخان لەگەڵ تەها شەمزینی "بزوتنەوی ڕامیاری و ڕۆشنبیری کوردی"یان لەو ناوچەیە وەڕێخست و بانگەشەی سەربەخۆیی کوردستانیان کرد.

پاشان لە ناو سەرکردە کوردەکان لە سەر سەرۆکایەتی کوردستان کێشەی دەستەڵات دەستی پێکرد. بزوتنەوەی عەبدولڕەزاق بەدرخان پشتی بە ڕوس بەست و "حەسەن بەگ"ی ئامۆزای عەبدولڕەزاق بەدرخان لایەنگری ئینگلیس و "پیرعەبدولقادر شەمزینی" لایەنگری دەستەڵاتی عوسمانی کرد. ناکۆکی نێوان

سەرکردە کوردەکان بو بە هۆی لێکدابڕانی نەتەوەی کورد. بەم جۆرە لەو سەردەمەدا ئاواتی یەکیەتی کوردەکان و کوردستانێکی سەربەخۆ زیندەبەچاڵکرا.

لەو کاتە دا بە سەرکردایەتی "مەلاسەلیم بتلّیسی" شاری بتلّیس بو بە مەڵبەندی بزوتنەوەی کوردی. ئەو بزوتنەوەیە بو بە هاندەری سەرهەڵدانێکی گشتی لە کوردستان کە سەرکردەگەلێکی وەک عەبدولڕەزاق بەدرخان، یوسف کامیل، تەهاشەمزینی و سمکۆ تێدا بەشداربون.

عوسمانیەکان زۆر دڕندانە پەلاماری ئەو ڕاپەڕینەیان دا. ئەگەرچی کوردەکان داوای یارمەتی و پشتگیریان لە ڕوسیە کرد، بەڵام پاش هەوڵدانێکی زۆر، بزوتنەوەی کورد لە هەمو لایەکەوە بێدۆست مایەوە و لە ناو کوردەکانیشدا یەکیەتیەکی تەواو پێک نەهات. لە ئاکامدا لە ساڵی ١٩١٤ تا ١٩١٧ عەبدولڕەزاق بەدرخان، سمکۆ و تەها شەمزینی لە ڕوسیەی قەیسەری نزیک بونەوە و پەیمانێکیان بەیەکەوە بەست. لەم پەیمانەدا بڕیار درا

کە هەمویان بە یارمەتی ڕوسیە ڕاپەڕن و داوای مافی ڕەوای گەلی کورد بکەن.

لەساڵی ١٩١٧ لە ڕوسیە شۆڕشی ئۆکتۆبر ڕویدا و عەبدولڕەزاق بەدرخان لە ڕوسیە ڕا گەڕایەوە باکوری کوردستان و لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی دەستبەسەر و ڕەوانەی بەندیخانەی موسڵ کرا و بێ دادگاییکردن لەسێدارە درا. دوای ئەم ڕوداوە سمکۆ و تەهاشەمزینی لە ڕوسیە ڕا گەڕانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

عەبدولڕەزاق بەدرخان شارەزایی تەواوی لە سەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبو. ئەو چەند زمانی ڕۆژهەڵاتی و ئەوروپی دەزانی و دوای ئەوەی کە کرا بە سکرتێری باڵوێزخانەی عوسمانی لە ڕوسیە، زمانی ڕوسیش فێر بو. عەبدولڕەزاق بەدرخان یەکێک لەو سەرکردە ژیرانە بو کە زانایانە بیری لە چارەنوسی نەتەوەی کورد کردبۆوە. ئەوکاتە تەنانەت یەکەم سەرکردەی کورد بو کە بەرنامە و پلانی سەربەخۆیی کوردستانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دانا. بۆ وێنە لای کاربەدەستانی ڕوسی

وتویەتی: "هەرگیز ئەوە قبوڵ ناکەم کە نەتەوەکەم لە کۆت و زنجیری عوسمانی تورک و قاجاڕی فارس دابێت. ئاوات و ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە گەل و وڵاتمان لە کۆت و زەنجیری زۆردار و داگیرکەران ڕزگار بکەین. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزە، گەلەکەمان پێویستی بە خوێندەواری هەیە، کلیلی ئەمەش بریتیە لە ڕەخساندنی دەرفەتی فێربون و خوێندەواری بۆ گەلی کورد. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە یارمەتیمان بدەن، جا ئەگەر بە من و هەڤاڵانیشم کوردستان ڕزگار نەبو، ئەوسا نەوەی پێشەڕۆژی کورد دەتوانێت بە خۆیدا بێتەوە و ئازادی خۆی بەدەست بێنێت."

## ٢-٢٠. قڕکردنی ئەرمەنیەکان لە ساڵی ١٩١٥ی زاینی

"سوڵتان عەبدول حەمید" یەکێک لە سەرکردەکانی عوسمانی بو کە زۆر تاوانی گەورەی دژی نەتەوەکانی کورد و ئەرمەنی کرد. ئەو بە سازکردنی "ئالآی حەمیدیان" لە زۆر ئاغا، بەگ و سەرۆک خێڵی کورد کەلکی وەرگرت و لە گەڵ لەشکرەکەی خۆی وەک چەتە لە دژی ئەرمەنیەکان بەکاری هێنان. سوڵتان عەبدول حەمید بە ناوی ئەوەی کە ئێمەی تورک و کورد برا و موسڵمانین، ئەرمەنیاکان خاچپەرست و کافرن، هێزە کوردەکانی لە دژی ئەرمەنیەکان بەشەڕدا. بەو شێوەیە دەوڵەتی عوسمانی بە هاوکاریی ئەو کوردە نەزان و هەڵخەڵەتاوانە کۆمەڵکوژیەکی سامناک و دەڵتەزێنی لە دژی ئەرمەنیەکان پێکهێنا کە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا کەم وێنە بو.

لەم جینوسایدەدا یەک و نیو ملیۆن خەڵکی بێتاوانی ئەرمەنی کوژران و بە سەدان هەزار کەسیش ئاوارە و سەرگەردان بون.

سامانی ئەرمەنیەکان لە لایەن تورکەکانەوە تالانکرا و خاک و ماڵیان بە سەر خەڵکی تورک دابەشکرا.

پاش ئەم ڕوداوە سوڵتان عەبدول حەمید بە درۆ وەڵامی دایە کوردەکان کە لەشکری ڕوسیە هێرشتان دەکاتە سەر و هەموتان کۆمەڵکوژ دەکات. بەم شێوەیە ترسی وەبەرنان و کوردەکان بە سەرمای زستان شار و گوندەکانیان چۆلکرد و ئاوارەی شاخەکانی کوردستان بون. هاوکات لەشکری تورک لە دواوە هێرشی بۆ کردن و بە دەیان هەزار کوردی کوشت و ماڵ و سامانیانی تالانکرد. لە چیاکانیش بە هەزاران کورد لە سەرمان ڕەقهەڵاتن.

سوڵتان عەبدول حەمید بە پێکهێنانی ئەو جینوسایدە ڕق و کینەی خۆی لە دژی گەلانی ئەرمەنی و کورد دەربڕی و گەورەترین تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدا.

سوڵتان عەبدول حەمید لە بیرەوەریەکانی دا بەم شێوەیە دەدوێت:

"ئەرمەنی گەلێکی ترسەنۆک و فێڵبازە و هەمو جیهانیش هاوکاریی ئەوان دەکات. بەڵام گەلی کورد بێهێز، نەزان، ساوێلکە و خۆشباوەڕە. کورد گەلێکی مێژوییە و خاوەنی کولتور و کەلەپورێکی زۆر گرینگە و وڵاتەکەی دەوڵەمەندە. ئێمە دەبێ کوردەکان لە ناو گەلی تورکدا بتوێنینەوە و پرژوبڵاویان بکەین و هەمو سامان و کولتوریان بخەینە سەر ناوی گەلی تورک."

ئەو خواستانەی سوڵتان عەبدول حەمید، بون بە بەرنامەی سیاسەتمەداران و فەرماندەکانی سوپای تورکیە و لە سەدەکانی ٢٠ و ٢١ بە کردەوە وەک یاسای تورکیە لە دژی نەتەوەی کورد بەکارهێندراون .

جێگای داخە کە ئەو پەروەردە فاشیستیە تورکیە بۆ مێشکشۆری گەلانی تورکیە بەکارهێندراوە و ئاوێتەی وەچەکانی دواتریش بوە.







کوژراوانی ئەرمەنی و هەڵواسینی پزشکەکانیان لەلایەن تورکەکان

## ٢-٢١. شۆڕشی سمایلاغای سمکۆ لە ساڵی ١٩١٨ تا ١٩٣٠ی زاینی

خێڵی شکاک لە ناوچەی سۆما و برادۆست لە ڕۆژئاوای شارەکانی سەڵماس و ورمێ دەژین. ئەم خێڵە لە ساڵی ١٩٢٠ ژمارەیان نزیکەی ٦٠٠٠ خێزان بو. شکاک گەورەترین و بەهێزترین خێڵی کوردی ئەوکات بون کە لە ساڵی ١٨٤١ تا ١٨٩٣ ناوچەی سۆمای لە ژێر دەستەڵاتدا بو. هەر بۆیە داگیرکەران لێی دەترسان و بەهێندیان دەگرت. سەرۆکەکانی خێڵی شکاک بریتی بون لە ئیسماعیل ئاغا، عەلی ئاغای کوڕی ئیسماعیل ئاغا، حەمەپاشای کوڕی عەلی ئاغا و سمکۆی کوڕی حەمەپاشا. بنەماڵەکانی شکاک هەر لە کۆنەوە لە دژی داگیرکەران شەڕیان دەکرد و زۆرداریی ئەوانیان قبوڵ نەدەکرد. ئەگەرچی ئەو خێڵە بۆ خۆشی لە سەر گەلی کورد هێندێک زۆرداریی دەکرد.

ناسناوی شکاک لە ئیسماعیل ئاغای باپیرە گەورەی سمکۆ ڕا دێت. بۆ یەکەمین جار لەو کاتەوە خێڵی شکاک ناوبانگی خۆی دەرکرد کە لە ساڵی ١٧٥٩ ئیسماعیل ئاغای باپیرە گەورەی سمکۆ

لە گەڵ چەکدارەکانی بە دەستوری شای قاجار هێرشی کرد بۆ سەر میری ڕەواندز و دەستەڵاتی ئەو میرە کوردەی تێکشکاند و میر و بنەماڵەکەی کوشت و قەڵاکەشی تالانکرد.

ئیسماعیل ئاغا بەتۆبزی باج و سەرانەی لە خەڵکی هەژاری کورد دەستاند و خزمەتێکی زۆری بە "فەرەجوڵڵا خانی قاجار" دەکرد. ناوبراو پاشان لە پیلانێکی فریوکارانەدا بەدەستی خودی قاجاریەکان کوژرا.

خێڵی شکاک چونکە لە ناوچە شاخاویەکانی نێوان دەستەڵاتەکانی ئێران و تورکیە دەژیان، دەست بەسەرداگرتنیان زۆر ئاسان نەبو. هەرجارە یەکێک لەو داگیرکەرانە، خێڵی شکاکی بە فرتوفێڵ لە دژی ئەوەی تر بە کاردەهێنا.

پاش کوژرانی ئیسماعیل ئاغای شکاک بەدەستی قاجاریەکان، عەلی ئاغای کوڕی واتە باپیری سمکۆ دەبێتە سەرکردەی خێڵی شکاک. لەو کاتەدا شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری لە کوردستان

دەستی پێکردبو. نەهری داوای هاوکاریی و پشتگیری لە عەلی ئاغا و خێڵی شکاک کرد، بەڵام خێڵی شکاک پشتگیری دەستەڵاتەکانی داگیرکەری کرد و لە دژی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا نەهری شەڕی کرد.

پاشان عەلی ئاغا لە گەڵ دەستەڵاتی ئێران چەند جارێک بە کێشە هات و ویستی تۆڵەی باوکی لە شایەکانی قاجار بکاتەوە. بەم شێوەیە عەلی ئاغا لە دژی قاجاریەکان شەڕی دەستپێکرد. دوای بەردەوامبونی شەڕێکی درێژخایەن لە کێو و دەشتەکانی ورمێ و سەڵماس، عەلی ئاغا تێکشکا و بە ناچاری وەک پەنابەر ڕوی کردە تورکیە. دەستەڵاتی تورکیە عەلی ئاغای گرت و ڕادەستی شای ئێران واتە "موزەفەرەددین شا"ی کرد و دەستەڵاتی ئێران دەست بەجێ عەلی ئاغای لەسێدارە دا.

دوای کوژرانی عەلی ئاغا، حەمە پاشای کوڕی واتە باوکی سمکۆ بو بە سەرۆکی خێڵی شکاک. حەمە پاشا لەگەڵ جەوهەر ئاغای کوڕی و چەکدارەکانی لە دژی قاجاریەکان شەڕیان کرد. پاشان

شای قاجار قورئانێکی بە دیاری بۆ حەمە پاشا نارد و بۆ بەدەستهێنانی پەیمانی ئاشتی بانگێشتی شاری تەورێزی کرد. شای قاجار پشتی قورئانەکەی واژۆکردبو و سوێندی خواردبو کە خەیانەت بە کوردان نەکات. بەو شێوەیە حەمەپاشا بە خۆیی و جەوهەر ئاغای کوڕی و شەش چەکداریەوە لە ساڵی ١٩٠٥ی زاینی چونە تەورێز و لەوێ هەمویان بەدەستی "نیزاموسوڵتەنەی" سەر لەشکەری قاجاریەکان کوژران.

پاش ئەو ڕوداوە سمکۆ کە کوڕی حەمەپاشا و براچوکەی جەوهەر ئاغا بو، سەرۆکایەتی خێڵی شکاکی گرتە دەست و بو بە کەڵەسوار و شۆڕەسواری ناو خێڵی شکاک. سمکۆ بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ واتە لە ساڵی ١٩٠٥ تا ١٩٣٠ لە ناوچەی ورمێ و سەڵماس و خۆی دەستەڵاتداربو.

سمکۆ هاوکاریی شۆڕشەکانی تری باکوری کوردستانی کرد و لە بەرانبەر شاکانی قاجار و پەهلەوی دا سەربەرزانە بەرنگاریی کرد.

لە ساڵی ١٩٢٢ ڕەزاشای ئێران بۆ سەر خێڵی شکاک هێرشی کرد. سمکۆ بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە دژی ئەو هێرشەی ڕەزاشا، شۆڕشگێڕانە بەرنگاریی کرد، تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٠ بە بەڵێنی ڕەزاشای ئێران هەڵخەڵەتا و بەناوی "گفتوگۆکردن و ڕێککەوتن" بانگیان کرد بۆ شاری شنۆ و لە ڕێگە بۆسەیان بۆ نایەوە و کوشتیان. دوای گیانبەختکردنی سمکۆ، ئێرانی داگیرکەر زۆر بە دڵڕەقانە لە دژی گەلی کورد دەجوڵایەوە و دەستی کرد بە کۆمەڵکوژی کوردان و لە زۆر شوێن بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کورد بنکە و قەڵای ژاندرمەری دامەزراند.



سمكۆ شكاك

سمكۆ برايەكی بچوكی بە ناوی خورشيد هەبو كە بە تەقينەوەی نارنجۆكێك كە لەلايەن دەستەڵاتی ئێرانەوە بۆ كوشتنی سمكۆ ناردرا بو، گيانی لەدەست دا. سمكۆ كوڕ و كچێكی بە ناوەكانی خوسرەو و سەفييە بو كە پاشان لە ئيستانبوڵ و هەولێر ژياون.



سمکۆ و چەند پێشمەرگەی هەڤاڵی

## ٢-٢٢. پەیمانی سێڤرس لە ساڵی ١٩١٩ی زاینی

پاش تەواو بونی شەڕی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٩ی زاینی زلهێزەکانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ واژۆکردنی پەیمانێکی ئاشتی، نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی، ڕێکخراوە کوردی و ئەرمەنیەکانیان بانگێشتی کۆنفرانسی سێڤرس کرد کە لە ناوچەی "سێڤرس" ی شاری پاریس گیرا.

ئەرمەنیەکان "باقۆس نۆبار پاشا" و کۆمەڵەی جەمعییەتی کورد "شەریف پاشا"ی بۆ کۆنفرانسەکە نارد. شەریف پاشا وەک نوێنەری گەلی کورد داخوازیەکانی نەتەوەی کوردی خستە بەردەم کۆنفرانسەکە.

کۆنفرانسی یەکەم لە ١٩١٩/٣/٢٢ و کۆنفرانسی دوەم لە ١٩٢٠/٣/١ بەسترا. لەو کاتە دا شەریف پاشا لە گەڵ باقوس نۆبار پاشا کۆبونەوەی کرد و لە سەر داخوازیەکانی گەلانی کورد و ئەرمەنی پێکهاتن و دۆستایەتیان دروستکرد. ناوبراوان بە یەکەوە

داخوازیەکانیان لە پەیمانی سێڤرس لە ١٩٢٠/٨/١٠ باسکرد. لەو پەیمانەدا داخوازی گەلانی کورد و ئەرمەنی بەیەکەوە لە لایەن دەوڵەتەکانی نەتەوەیەگرتوەکان پەسندکرا. بۆ گەلی کورد لە خاڵەکانی ٦٢،٦٣،٦٤ دا بڕیاردرا کە لە چوارچێوەی وڵاتی عوسمانیدا هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کوردستان دروست بکرێت و پاش ساڵێک دەنگدان بۆ هەڵبژارتنی گشتی پێکبێت، و لە سەر ویستی گەلی کورد دەستەڵاتێکی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێت. جوگرافیای ڕامیاری کوردستان هەمو هەرێمی باشوری کوردستانی بە موسڵ و کەرکوکەوەش لە خۆدەگرت. بەڵام ئەوپەیمانە تەنیا لە سەر کاغەز مایەوە و پشتگوێ خرا.



شەریف پاشا

## ٢-٢٣. كۆنگرەی ئەرزرۆم لە ساڵی ١٩١٩ی زاینی

پاش ئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی جیهانی یەکەم تێکشکا، لە لایەن وڵاتانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩١٩ پەیمانێکی ئاشتی لە شاری پاریس مۆرکرا و بۆ گەلانی ژێردەستی ئیمپڕاتۆڕی عوسمانی بڕیاری سەربەخۆیی درا. لەو بڕیارەدا دەوڵەتی عوسمانی بۆ فریودانی گەلی کورد دەستی بە چالاکی جۆراوجۆر کرد .

مستەفا کەماڵ پاشا وەک سەرۆکی دەوڵەتی عوسمانی گەشتێکی بۆ کوردستان کرد و لە شاری ئەرزڕۆم لە گەڵ پیر و ئاغا و سەرکردە کوردەکان، کۆنگرەیەکی بەست کە تێیدا بە کوردانی گوت:

"ئەی گەلی کورد ئێمە برای یەکین و هاوئاینین. کافران دەیانهەوێت ئێمە بخەنە ژێر چەپۆکی خۆیان و ملکەچی ئەرمەنیەکانمان بکەن. ئەوکاتە هەم ئاین، هەم وڵات و

ناموسمان لەدەست دەدەین. من بەڵێنی شەرەف و ناموس دەدەم کە بەشەرتێک ئێمە بەیەکەوە لە دژی کافرانی ئەرمەنی یەکبگرین و شەڕبکەین و ئەوان لە وڵاتەکەمان دوربخەینەوە، پاشان وەک برا پێکدێن و مافی ئێوەی گەلی کوردیش دەدەین".

بەم گوتانە مەستەفا کەماڵ کڵاوی کردە سەر کوردەکان و کردنیە لایەنگری دەستەڵاتی عوسمانی. بەم شێوەیە کوردەکان پشتگیری خۆیان لە دەوڵەتی عوسمانی دەربڕی و بە تێپەڕبونی کات ئۆتۆنۆمی کوردستان تێکدرا و پەیمانی سێڤرس لە ناو نەتەوە یەکگرتوەکان پشتگوێخرا.

## ٢-٢٤. شۆڕشی شێخ مەحمود بەرزنجی لە ساڵی ١٩١٩ی زاینی

لە شەڕی جهانی یەکەم (ساڵی ١٩١٨ی زاینی) دەستەڵاتی بریتانیا خاکی ئێڕاق و باشوری کوردستانی وەک ژێردەستە (کۆڵۆنی) خستە ژێر دەستەڵاتی خۆی. لەو کاتە دا "شێخ مەحمود بەرزنجی" بو بە پارێزگاری پارێزگای سلێمانی و لە دژی دەستەڵاتی ئینگلیس دەستی بە شۆڕشکرد. بریتانیا نوێنەری خۆی بۆ وتووێژ ناردە لای بەرزنجی. بەڵام بەرزنجی زانی کە ئەوە پیلانێکی فریوکارانەیە، هەر بۆیە داخوازیەکانی ئینگلیسی پەسەند نەکرد. بەرزنجی بە توانایانە و بوێرانە دەستەڵاتی کوردستانی ڕاگەیاند. گەلاڵە و بەرنامەی دەستەڵاتەکەی بەرزنجی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی پێکهاتو لە هەرچوار پارچەی کوردستان بو. هەر بۆیە نەتەنیا کوردەکانی ناوچەی سلێمانی، بەڵکو زۆربەی کوردەکانی باشوری کوردستان و تەنانەت هێندێک لە کوردەکانی ڕۆژهەلاتیش پشتگیریان لێکرد. سەلام بارزانی کە لە ساڵەکانی ١٩١٦ تا ١٩٣٠ لە ناوچەی بادینان وەک سەرکردەیەکی کورد ناسرابو، پشتیوانی خۆی لە

شۆڕشی بەرزنجی دەربڕی. سمایلاغای سمکۆش بە ناردنی دەیان چەکدارەوە پشتگیری شۆڕشی بەرزنجی کرد.
پاشان سوپای ئینگلیس و ئێراق بەیەکەوە هێرشیان کردە سەر کوردەکان و پاش چەند شەڕێکی دژوار بەرزنجی لە شەڕی دەربەندی بازیان بە دیل کەوتە دەستی سوپای ئینگلیس.
دەستەلاتی ئینگلیس بۆ تێکدانی شۆڕشی کوردەکان، بەرزنجی بۆ هێندوستان دورخستەوە.

بەرزنجی لە ١٩٢٢/٨/١٤ لە هێندوستانە ڕا گەڕایەوە سلێمانی و دوبارە دەستی بە شۆڕشکردەوە و لە لایەن خەڵکەوە وەک پاشا (مەلیک)ی کوردستان دەناسرا. هەر لەم ساڵەدا بەرزنجی سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاند و ئالای کوردستانی هەڵدا. بەم جۆرە سوپای دەستەلاتەکانی ئینگلیس و ئێراق بە یەکەوە هێرشیان کردە سەر شۆڕشی بەرزنجی و لە ١٩٢٣/٣/٤ شاری سلێمانییان بۆمبارانکرد.
پاش شەڕێکی دژوار بە گیانبەختکردنی دەیان هەزار کەس لە شۆڕشگێڕانی کورد، بەرزنجی دەوری گیرا و بەدیل کەوتە دەست

دەستەڵاتی بریتانیا. بەم جۆرە شۆڕشی بەرزنجی تێکشکا و دەستەڵاتی بریتانیا بۆ جارێکیتر باشوری کوردستانی داگیرکرد.

بەرزنجی لە بەندیخانەی بەغدا بەرەنگاری کرد و خۆی بە پاشای کوردستان ناساند. بەرزنجی دوای ئەوەی لە بەندیخانە نەخۆشکرا، ئازاد کرا و هەر بەم نەخۆشیەش لە ساڵی ١٩٥٦ لە نەخۆشخانەی بەغدا ماڵ ئاوای لە گەل و نیشتمانەکەی کرد.



شێخ مەحمود بەرزنجی

## ٢-٢٥. پەیمانی (میساقی) نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٢٠ی زاینی

پاش ئەوەی کە مستەفا کەماڵ پاشا لە ئەرزەرۆم و سێواس لە گەڵ سەرکردەکانی کوردی باکوری کوردستان کۆنگرەی گرت و بەڵێنی یارمەتی و پشتگیری ئەوانی بەدەستهێنا، لە کۆبونەوەی ١٩٢٠/١/١٨ی ئیستانبوڵ، دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری شەڕی دژی گەلی کوردی ڕاگەیاند. ئەو بڕیارە لە ناو تورکیە بە ناوی "پەیمانی نەتەوەی" ناسراوە و ناوەرۆکەکەشی بەم جۆرەیە: "دەبێ باکوری کوردستان بۆ هەمیشە لە ژێر دەستەڵاتی تورکیەدا بمێنێتەوە و باشوری کوردستان بە پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوکیشەوە بخرێنە سەر وڵاتی تورکیە. دەستەڵاتی تورکیە تا بەجێگەیاندنی ئەم بڕیارە هەردەم دەبێ لە هەوڵ و تێکۆشاندا بێت".

## ٢-٢٦. شۆڕشی دکتۆر نوری دەرسیمی لە ساڵی ١٩٢٠ی زاینی

دکتۆر نوری دەرسیمی کوڕی مەلا ئیبراهیم لە ساڵی ١٨٩٤ی زاینی لە گوندی دارێی سەر بە شاری دەرسیم لە دایک بو. لە ساڵی ١٩٠٨ بە هاوکاریی چەند هاوڕێی، ڕێکخراوێکی بە ناوی "کۆمەڵەی بڵیندایی کورد" پێکهێنا. دکتۆر نوری وەک سەرکردەیەک لە ناو ئەو کۆمەڵەدا بەرپرسیارەتی بەستۆوە گرت.

پاش ئەوەی کە دەستەلاّتی عوسمانی خاڵەکانی پەیمانی سێڤرسی پشتگوێخست، دکتۆر نوری دەرسیمی لە گەڵ عەلی شێر لە ساڵی ١٩٢٠ چو بۆ شاری کۆچگری و دەستی کرد بە خەباتی ڕامیاری و داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد کە خاڵەکانی پەیمانی سێڤرس جێبەجێ بکات. دەوڵەتی عوسمانی داخوازیەکانی دوکتۆر نوری پەسەندنەکرد و لە ئاکامدا دکتۆر نوری لە دژی دەوڵەتی عوسمانی لە شاری کۆچگری دەستی بە شۆڕشکرد. دکتۆر نوری لە شەڕێکدا کەوتە دەستی سوپای عوسمانی و زیندانیکرا.

دەستەڵاتی عوسمانی بە ناوبژی "سەید ڕەزا دەرسیمی" دکتۆر نوری ئازادکرد. پاشان دکتۆر نوری چو بۆ ناو شۆڕشی سەیدڕەزا. دوای تێکچونی شۆڕشی سەید ڕەزا، دکتۆر نوری بە ناچاری ڕوی کردە ڕۆژئاوای کوردستان و سوریە و لە وێ درێژەی بە کوردایەتی دا. دکتۆر نوری لە ١٩٧٢/٩/٢٢ لە شاری حەڵەبی ڕۆژئاوای کوردستان کۆچیدوایی کرد و لە گۆڕستانی نزیک شاری حەفرین بەخاک سپێردرا.



دکتۆر نوری دەرسیمی

## ٢-٢٧. پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ی زاینی

پاش ئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی دژی یونان و وڵاتانی نەتەوەیەکگرتوەکان سەرکەوت لە ١٩٢٢/١١/١٠ بەشداری کۆنفرانسی وڵاتانی نەتەوە یەکگرتوەکانی کرد. ئەو کۆنفڕانسە لە شاری لۆزانی وڵاتی سویس بەسترا کە نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی "عیسمەت پاشا" و نوێنەری دەوڵەتی بریتانیا "لۆرد کیرزۆن" تێیدا بەشداربون. ئەو کۆنفڕانسە نزیکەی نۆ مانگی خایاند کە تێیدا دەوڵەتی عوسمانی سیاسەتێکی زۆر دژوار وغەددارانەی لە دژی کوردان بەڕێوە برد و پیلانی دوژمنایەتی و پێشێلکردنی مافەکانی گەلی کوردی بەکارهێنا. کۆنفڕانسەکە پەیمانی لۆزانی لە ١٩٢٣/٧/٢٤ واژۆکرد کە تێیدا خاڵەکانی پەیمانی سێڤرس لە بیرکران و مافی گەلی کوردیش ژێرپێخرا. لە مۆرکردنی ئەوپیمانەدا نە نوێنەری گەلی کورد هەبو و نە باسی مافی گەلی کوردیش کرا.

ئاشکرایە بڕیارەکانی پەیمانی لۆزان لە سەر بناغەی زۆرداریی پێکهاتون و لەدژی ناسنامە و مافەکانی مرۆڤایەتی گەلی کوردستانن. لەو کۆنفرانسە بواری بەشداریکردن بە نوێنەری گەلی کورد نەدرا، بۆیە گەلی کوردستان پێویستە دان بە و پەیمانەدا نەنێت و داوای لێپرسینەوە و دادگای لە واژۆکەرەکانی بکات.

لە پەیمانی لۆزاندا کوردستان کرا بە چوار پارچە. واتە ئەو بەشەی کە لە ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانیدا بو، بە سەر داگیرکەرانی تورکیە، ئێراق و سوریە دا دابەشکرا.

ئەو سەردەمە دەوڵەتانی بریتانیا و فەرانسە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستەڵاتدار بون و بە گوێرەی بەرژەوەندی ئابوری و ڕامیاری خۆیان کوردستانیان دابەشی چەند وڵات کرد و بەم جۆرە خواستی گەلی کوردیان پێشێلکرد و بێ دەستەڵاتیان هێشتەوە.

شایەنی باسە پێش بەستنی پەیمانی لۆزان، دەستەڵاتی عوسمانی هەمو دورگەی قیبریسی داگیرکردبو. هاوکات باشور، باکور و ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن بریتانیا و فەڕانسە داگیرکرابون.

لە پەیمانی لۆزان دەوڵەتانی بریتانیا، فەڕانسە، یونان، ئیتالیا و تورکیە لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە پێکهاتن:

"- دەستەڵاتی تورکیە دەبێ دورگەی قیبرس بداتەوە بریتانیا. دەستەڵاتەکانی فەڕانسە و بریتانیا دەبێ کوردستان بە سەر ئێراق و تورکیە و سوریە دا دابەشکەن و سەربەخۆیی وڵاتانی ناوبراویش بە فەرمی بناسن.

- دەستەڵاتەکانی تورکیە و ئێراق و سوریە دەبێ مۆڵەتبدەن کە بەرهەمەکانی نەوت و کشتوکاڵی کوردستان بە نرخێکی نزم ڕەوانەی بریتانیا و فەڕانسە بکرێن. وڵاتانی بریتانیا و فەڕانسە دەبێ لە بەرانبەر مامەڵەی نەوتی کوردستان، چەک و کەرەستەی شەڕ بە وڵاتانی تورکیە، ئێراق و سوریە بفرۆشن".

شایەنی باسە لە بەر بەرژەوەندی ئابوری و واژۆکردنی ئەم چەشنە پەیمانە نامرۆڤانەیە کە وڵاتانی رۆژئاوا پشتگیری هەبونی کیانێکی سەربەخۆی کوردستان ناکەن.

## ٢-٢٨. شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ی زاینی

خالید بەگی جیبری لە ساڵی ١٩٢٤ی زاینی "کۆمەڵەی ئازادی" دروستکرد و دۆستایەتی لە گەڵ سەرۆکی ئاینی ئەوکاتی باکوری کوردستان شێخ سەعیدی پیران پێکهێنا. دەوڵەتی تورکیە هێرشی کردە سەر کۆمەڵەی ئازادی و سەرئەنجام خالید بەگی سەرۆکی کۆمەڵەکە لە شەڕی ئەرزەڕۆم بەدیل گیرا و زیندانیکرا. پاشان شێخ سەعیدی پیران لە سەر داواکاری خالید بەگ دژی دەوڵەتی تورکیە ڕاپەڕینی وەڕێخست.

جێگای ئاماژەیە کە دوای بەستنی پەیمانی لۆزان، تورکیە هەر جارە بە بیانویەک گەلی کوردی فریودەدا و بە قازانجی خۆی بەکاری دەهێنا و مافەکانی پێشێلدەکرد. بۆ بەرەنگار بونەوەی ئەم بارودۆخە پیران و هاوڕێکانی لە دژی تورکیەی داگیرکەر ڕاپەڕین.

بۆ دارِشتنی بەرنامەی ئەم ڕاپەڕینە، شێخ سەعیدی پیران چەند کۆبونەوەیەکی ڕێکخست کە یەکەمیان لە ١٩٢٥/١/٤ لە ئاوایی قیریکان، دوەمیان لە گوندی کانیە سپیە و سێهەمیان لە مەلەکانێ گیرا. شێخ سەعید پیران لە درێژەی هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری خەڵک و وشیارکردنەوەیان لە ناوچەکانی باکوری کوردستان لە گەڵ سوپا سەدهەزار سوارەکەی دەستی دایە هەڵمەتێکی ڕامیاری ڕۆشنبیرانە و سەردانی خەڵکی ئەم شوێنانەی کرد:

چەبەخچور لە ١٩٢٥/١/١٢، داراهێنێ لە ١٩٢٥/١/١٥، شارۆچکەی لیجێ لە ١٩٢٥/١/٢١ هێنێ لە ١٩٢٥/١/٢٥ و پیران لە ١٩٢٥/٢/٥.

لەم بانگەشەیە دا پیران توانی پشتیوانی و هاوکاریی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەدەست بێنێت. دوای ئەو زنجیرە کۆبونەوانە، مستەفا کەماڵ پاشا بەم بزوتنەوەی زانی و پیلانی لە ناوبردنی بۆ دارِشت و سوپایەکی لە ژێر ڕێبەرایەتی "حوسێن حوسنی" ناردە سەر گوندی پیران. ئەو سوپایە کەوتە بۆسەی کوردان و چەند چەکداری تورک کوژران و بریندار بون. بەم

شێوەیە شەڕ هەڵگیرسا و سوپای تورکیە لەم ناوچەیە تێکشکێندرا.

شۆڕشی شێخ سەعید پیران ناوچەکانی هێنی، گەنج و داراهێنێ ئازادکرد و شاری گەنج کرا بە پایتەختی کاتیی ناوچەی ژێردەستەڵاتی کوردەکان. پاشان دەستەڵاتی کوردی دامەزرێندرا و "فەقێ وسێن" بو بە سەرۆکی دەستەڵاتەکە و شێخ سەعیدی پیران بو بە سەرۆکی سوپای کورد. شۆڕشی نەتەوەیی شێخ سەعیدی پیران بۆ ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان لەساڵی ١٩٢٥ دەستی پێکرد و بۆ ماوەی چەند مانگێک لە ناوچەی ئامەدی باکوری کوردستان دەستەڵاتداربو. سەرئەنجام لە شەڕێکدا شێخ سەعیدی پیران و ٢٥ کەس لە هاوڕێیانی سەرکردایەتی شۆڕش کەوتنە دەستی دەستەڵاتی تورکیە و لە ڕێکەوتی ١٩٢٥/٦/٢٩ لە ناو شاری ئامەد لە بەر چاوی خەڵک لە سێدارە دران. بەم جۆرە شۆڕشی ئەمجارەی کوردیش تێکشکا. پیران لە کاتی لە سێدارەدانی ڕوی کردە ژنراڵە تورکەکان و پێی وتن:

"ئەمڕۆ ئێوە من و هەڤالانم لە سێدارە دەدەن، بەڵام باش بزانن کە گەلی کوردستان لە پێناوی ستاندنی مافە ڕەواکانی و

سەربەخۆیی وڵاتەکەیدا دیسان سەرهەڵدەدا و تۆڵەی ئێمەتان لێ دەستێنێتەوە".



لەکاتی هەڵواسینەکەیدا



شێخ سەعید پیران



هەڵواسینی ٢٥ کەس لە سەرکردەکانی شۆڕش و هاوڕێیانی پیران

## ٢-٢٩. شۆڕشی قەدەمخێر لە ساڵی ١٩٢٥ی زاینی

قەدمخێر کچی میر"قەندی قەلاوەندی" بو کە یەکێک لە میرەکانی لوڕستان بو. پاش ئەوەی "ڕەزا شای پەهلەوی" لە ساڵی ١٩٢٥ دواین میری لوڕستان کە "شامراد خان"ی برای قەدەمخێر بو، کوشت، قەدەمخێر چەکی کوردایەتی کردەشانی و لە ناوچەی لوڕستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی رەزاشای پەهلەویی ڕاپەڕی و داخوازی سەربەخۆی کوردستانی ڕاگەیاند.

لە ئەنجامدا سوپای ئێران هێرشیکردە سەر لوڕستان و دەستیکرد بە کۆمەڵکوژی خەڵکی ناوچەکە و بە دەیان دێیان کاول و تاڵانکرد. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنیان بە دەستنەهێنا و نەیان توانی شاخەکانی لوڕستان بگرن.
شای ئێران کە زانی ناتوانێت بە زەبری هێز و سوپا کۆتایی بە شۆڕشەکەی قەدەمخێر بێنێت، کەوتە فێڵکردن و قورئانێکی واژۆکراوی بە دیاری بۆ قەدەمخێر نارد و بڕیاری لێبوردنی بێمەرجی بۆ هەمو چەکدارەکانی ئەم شۆڕشە دەرکرد. زۆربەی

شۆڕشگێڕەکان کە قورئانەکەیان بینی، بڕوایان بە بەڵێن و بڕیارەکە کرد و بە چەکەکانیانەوە خۆیاندا دەست سوپای ئێران. تەنها قەدەمخێر وهەڤدەکەس نەبێت، ئەوانیش کە زانیان هیچ دەرەتانیان نییە، بە ناچاری خۆیاندا بەدەستەوە، گەرچی بڕواشیان بەو لێبوردنە نەبو.

سوپای دڕندەی ئێران هەر لەشەوی یەکەمدا ،زۆربەی شۆڕشگێڕەکانی کوشت و قەدەمخێر و هەڤدە لە سەرکردەکانی شۆڕشەکەشیان ناردن بۆ تاران. دوای ڕۆژێک هەر هەڤدە سەرکردەکە لە تاران لە سێدارە دران. قەدەمخێریشیان بە پرچی سەریەوە بەست بە کلکی ئێسترێکی تۆڕ. لە ئاکامی لوشکهاویشتنی ئێسترەکە، قەدەمخێر هەمو گیانی شکا و خوێنی لێچۆڕایەوە، ئینجا خستیانە بەندیخانە. قەدەمخێر زۆر ئازا و خۆڕاگربو و داوایلێبوردنی لە ڕەزاشا نەکرد و لە ئاکامدا لە بەر هێش وئازاری برینەکانی نەخۆش کەوت و پاش حەوت ڕۆژ ئەم شێرەکچە لە زینداندا بە سەربەرزی گیانی بەختکرد .

قەدمخێر شۆڕەسوارێکی زۆر دلێر و چاونەترس بو و کوردستانی لە گیانی و ژیانی لاشیرنتر بو. هیوا و ئاواتی ئەوەبو کە کوردستان لە داگیرکەرانی ڕەگەزپەرست و بێویژدان ڕزگار بکات. بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە پیرۆزە لە گیانبازی و مردن سڵی نەکرد و شۆڕشگێڕانە لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٨ سەری نایەوە.



قەدەمخێر

## ٢-٣٠. شۆڕشی ئیحسان نوری پاشا لە ساڵی ١٩٢٦ی زاینی

دوای تێکچونی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، کوردەکانی شۆڕشگێڕی باکوری کوردستان لە ساڵی ١٩٢٦ چونە ڕۆژئاوای کوردستان و "کۆمەڵەی خۆیبون" (سەربەخۆبون)یان دامەزراند. ئەو کۆمەڵەیە لە ژێر سەرکردایەتی ئیحسان نوری دا سێ سەرهەڵدانی لە ناوچەی شاری ئاگری لە دژی دەستەڵاتی داگیرکەری تورکیە ڕێبەرایەتی کرد. کۆمەڵەی خۆیبون بە فەرمانی ئیحسان نوری پاشا دەستەڵاتێکی سیڤیلی لە ژێر بەرپرسیارەتی برایم پاشا دامەزراند. ئەو دەستەڵاتە لە ١٩٢٧/١٠/٢٧ سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاند و ئاڵای کوردستانیشی لە سەر شاخی ئاگری هەڵدا.

شۆڕشی ئیحسان نوری پاشا لە سێ سەرهەڵدان پێکدێت کە لە ساڵەکانی ١٩٢٦،١٩٢٧ و ١٩٣٠ بە ڕێوە چون.

لە ١٩٢٦/١٠/٥ ڕێخراوی "بیرۆیا حەسکێ تێلێ" لەو سەرهەڵدانە بەشداریی کرد و "شێخ عەبدولقادر جەلال"یش هاوکارییکرد. شەڕ فراوان بو و ناوچەکانی ئیخدر، تەندەروک، ئەردیش، چاڵدێران، وان، بۆتان، بتلیس و ئامەد تێکەڵاوی سەرهەڵدانەکە بون.

سوپای تورکیە بە شێوەیەکی دڕندانە دژی ئەم سەرهەڵدانە هێرشی کرد و "شەلم کوێرم کەس نابێرم" کوردستانی کرد بە گۆلی خوێنی منداڵان و لاو و پیری کورد. سوپای تورکیە ئاواییەکانی ناوچەی حەککاری، بەیتوشەباب و شەمزینان کە مەکۆی خەباتی شۆڕشگێڕانی ئیحسان نوری پاشا بون، بە خەستی سوتاند.

هێزی تورکیە لە ژێر فەرمانی "کەمالەددین سامی پاشا" لە شاری وان دەستی بە کۆمەڵکوژی و قڕکردنی گەلی کورد کرد و تا گەیشتە چاڵدێران بە دەیان هەزار کەسی کوشت. لە ناوچەی پاڕاداژ هێزی سەربازی ئێرانیش، کەمالیست ئاسا هێرشی بۆ سەر گەلی کوردی باکوری کوردستان و شۆڕشگێڕانی ئیحسان نوری

پاشا کرد. ئەو دو دەستەڵاتە زۆر جار لە مێژودا لە دژی گەلی کورد دەوری دو تیغی یەک مەقەستیان گێڕاوە.

لە ساڵی ۱۹۳۹ لەشکری تورکیە هێرشی کرد بۆسەر کوردەکانی ناوچەکانی ئاگری و بازید و گوندەکانی ئەو ناوچانەی تێکدا و پازدە هەزار کەسی بێتاوانی کوشت. ئەم سوپایە تەنانەت ژنانی دوگیانی دایە بەر کوتەک وکۆرپەکانی دایکانی لە بەرچوی لە بەرچاوی دایک و باوکیان ورد ورد کرد. کچانی تەمەن دە دوازدە ساڵەیان لە پێش چاوی کەس و کاریان ئەتککردن و دەستدرێژیان پێکردن. سیرەتی کوڕەکانی کوردیان لە بن ڕا بڕین تا بە خوێنڕێژی و بە هێش و ئازار بمرن.

دەستەڵاتی تورکیە لەم هێرشەدا ٦٦٠ گوندی وێرانکرد و ١٥٢٠٦ ماڵێشی تالانکرد و ناوچەکەشی سوتاند. پاشان بنەماڵەی شۆڕشگێڕانی کوردی ناچارکرد کە شار و گوندی خۆیان بەجێ بێڵن و بەرەو شاری ئەزمیری تورکیە وەڕێکەون. لە ڕێگادا بە سەدان کەس لە ئاوارەکانی کورد لە برسان و لە سەرمان گیانیان لە دەستدا.

کاتێک کۆچبەرەکان گەیشتنە شاری ئەزمیر، چەکدارەکانی تورکی ئەو شارە هێرشیان کرد بۆ سەریان و هەرچی زێڕ و سامانی پێیان بو لێیان ستاندن و زۆریان سوکایەتی پێکردن.

هەروەها دەستەڵاتی تورکیە کۆمەڵکوژیەکی بێوێنەی لە دژی شۆڕشگێڕانی ئیحسان نوری پاشا لە شاری ئاگری و دەوروبەری پێکهێنا.

شایەنی باسە کە دو فەرماندەی کوردی ئەو شۆڕشە بە ناوەکانی "حەسکێ تێلێ و باقێ تۆژۆ" لە چیای ئاگری وەک هەمو هاوسەنگەرەکانیان تا دوا هەناسە و دوا فیشەک لە دژی داگیرکەری تورکیە، شۆڕشگێڕانە بەرەنگاریان کرد. چەند جارێک سوپای تورکیە لە ڕێگای بنەماڵەکانیانەوە داوای خۆبەدەستەوەدانیان لێکردن، بەڵام ئەو دو فەرماندەیە، شۆڕشگێڕانە تا گیانبەختکردنیان شەڕیان کرد. پاش شکستی

شۆڕش، ئیحسان نوری پاشا لە ناچاری ئاوارەی شاری تاران بو و تا کۆتای تەمەنی بێدەنگەی لە کوردایەتی کرد.

سوپای تورکیە دەیان هەزار کەسی لە کۆمەڵکوژی چیای ئاگری لە چاڵێکدا زیندەبەگۆڕ کرد و لە سەر چاڵەکەیان نوسی "کوردستان و گەلی کورد لێرەدا ژێر خاک کراون".

شۆڕشگێڕانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ نوسراوەکەی سەر گۆڕی کوردانی بە کۆمەڵکوژراوی چیای ئاگریان بە بۆمبێک تەقاندەوە و لە هەمان شوێن نوسیان "شۆڕشی کورد و ئازادیخوازانی کوردستان لێرەوە دەستی پێکرد".



ئالای شۆڕشی ئاگری



ئیحسان نوری پاشا و هاوسەرەکەی خەجیج یاشار. ئیحسان نوری پاشا لە ساڵی١٨٩٣ لە شاری بتلیس لە دایک بو و لە ١٩٧٦/٣/٢٥ لە تاران کۆچیدوایی کرد.

## ٢-٣١. شۆڕشی سەید ڕەزا دەرسیمی لەساڵی ١٩٣٧ی زایینی

لە ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٣٧ کوردەکانی ناوچەی دەرسیم نیمچە سەربەخۆبون و نەکەوتبونە ژێردەستی سوپای تورکیە. خەڵکی ناوچەی دەرسیم ئەو کاتە سەبازیان بۆ دەوڵەتی تورکیە نەدەکرد و باجیشیان پێنەدەدا و هاوکات لە دەوڵەتی تورکیە داوای ئۆتۆنۆمی گشت باکوری کوردستانیان دەکرد. لە ئاکامی سیاسەتی ملهوڕانە و داگیرکەرانەی دەوڵەتی تورکیە، کوردەکانی ناوچەی دەرسیمی باکوری کوردستان بە ڕێبەرایەتی ڕەزا دەرسیمی لە ساڵی ١٩٣٧ بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ لە دژی داگیرکەری تورکیە ڕاپەڕین.

داگیرکەری تورکیە سەرەتا ورەی شەڕکردنی لە بەرابەر کوردەکانی ناوچە شاخاویەکانی دەرسیمدا نەبو. تورکیە وەک دەستەڵاتێکی نوێ پێویستی بە سەر وسامان پێدانی سوپاکەی بو. لە ماوەی چەند ساڵێکدا خۆی گرت و هێز و توانا سەربازیەکانی

زیاترکرد و بە پیلانێکی فاشیستانە هێرشی بۆ سەر کوردەکان کرد.

لەساڵی ١٩٣٧ ناوچەکانی دەرسیم، ئەرزەنجان و کۆچگری لە ژێر دەستەڵاتی شۆڕشی سەید ڕەزا دەرسیمی دا بون. لەو کاتەدا دەستەڵاتی داگیرکەری تورکیە پیلانێکی ڕەشی بۆ فەرماندەی هێزی سەربازی شۆڕشی کورد "عەلی شێر" داڕشت کە تێیدا ناوبراو بە دەستی خەیانەتکارێک بە ناوی "ڕەهبەر" کە برازای سەید ڕەزا دەرسیمی بو تڕۆرکرا.

ڕەهبەر سەری بڕاوی عەلی شێری بۆ مستەفا کەماڵ پاشای تورک برد. مستەفە کەماڵیش لە بەرانبەردا دراو و زێڕێکی زۆری خەڵاتی ڕەهبەر کرد. پاش سەرکەوتنیان تورکەکان خۆیان سەری ڕەهبەریان بڕی و سامانەکەشیان تاڵانکرد.

عەلی شێر قارەمانێکی بێوێنە و زۆر بەتوانا بو. تەنانەت خێزانەکەشی کە ناوی زەریفە بو، شان بە شانی عەلی شێر لە هەمو شەڕەکانی ئازادکردنی کوردستان، چالاکانە بەشداری

دەکرد. پاشان دەستەڵاتی تورکیە لە سەر ناوی پەسەندکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد، سەید ڕەزا دەرسیمی بانگێشتی ئەرزەنجان کرد و بەو پیلانە لە ئەرزەنجان بۆسەی بۆ دانا و بە دیلی گرت. دەستەڵاتی تورکیە بەم شێوەیە ڕەزا دەرسیمی و بنەماڵەکەی لە شاری ئەرزەنجان دەست بەسەرکرد و ڕەوانەی شاری خارپیت (ئەلعەزیز)ی کرد. لە شاری خارپیت سەرەتا کوڕەکەی ڕەزا دەرسیمی لە پێش چاوی باوکی لە سێدارە درا و پاشان لەهەمان شوێن ڕەزا دەرسیمی و هەمو ئەندامانی بنەماڵەکەیان تەنانەت نەوەکانیشی کە بە تەمەن منداڵ بون لە سێدارە دران. هاوکات لە ناوچەی دەرسیم و ئەرزەنجان دەستەڵاتی تورکیە بێبەزەییانە دەستی بە ڕەشەکوژی و کۆمەڵکوژی گەلی کورد کرد کە بە یەکێک لە گەورەترین جینوسایدەکانی دژی گەلی کورد ناسراوە. بە جۆرێک کە زیاتر لە سەد هەزار کەس لە کوردەکانی ئەم ناوچەیە بەدەستی سوپای تورکیە کوژران و لەسێدارە دران.

دەستەڵاتی تورکیە منداڵەکانی ئەو کوردە کوژراوانەی گواستەوە بۆ شارە تورک نشینەکان و لە ناو قوتابخانەی تایبەتیدا وانەی

دژی نەتەوەی کوردی پێدان. پاشان لەم منداڵانە فاشیسترین ژنراڵی تورکیان پەروەردە کرد کە لە شەڕی دژی گەلی کورد و بۆ لە ناو بردنی شۆڕشەکانی تری کوردستان بە کاریان هێنان.
دیارە ئەم منداڵانە نەیاندەزانی کە کوردن، چونکە هەر لە منداڵیەوە زمانی تورکیان فێرکردبون، و زمانی کوردی و نەتەوەی کوردیان لە مێشک دەرخستبون. دەستەڵاتی تورکیە لە هەمو قوتابخانەیەک کە قوتابی کوردی تێدابون، سیخوڕی دانابو تا قوتابیەکان بە زمانی کوردی نەدوێن. بۆ ئەوەی بەمجۆرە زمان و هەستی کوردایەتیان لەناوبچێت و بتوێتەوە. شایەنی باسە خەڵکی ناوچەی دەرسیم ئاینی عەلەویان هەیەو هەر بۆیە ئەو کۆمەڵکوژیە بە ناوی کۆمەڵکوژی عەلەویەکانیش ناسراوە.






عەلی شێر — ڕەزا دەرسیمی

## ٢-٣٢. شۆڕشی پێشەوا قازی محەممەد لە ساڵی ١٩٤٥ی زاینی

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی جیهانی دوەم لە ساڵی ١٩٤٢ ئەمریکا و بریتانیا باشوری ئێرانیان داگیرکرد و سوپای ڕوسیەش لە کاتی دەستەڵاتی ستالین باکوری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگیرکرد.

سوپای ڕوسیە بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مایەوە. لەو کاتەدا یەکەمین ڕێکخراوی ڕامیاری کورد بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" (کۆمەڵەی ژ.ک) لە ڕێکەوتی ١٩٤٣/٩/٤ لە شاری مەهاباد لە لایەن چەند شۆڕشگێڕی کورد دروستکرا. بەرنامەی کۆمەڵەی ژ.ک ڕزگاری نەتەوەی کورد لە دەست داگیرکەران بو. پاش دروستبونی کۆمەڵەی ژ.ک، قازی محەممەد بانگێشتی ناو کۆمەڵەکە کرا و بە هۆی لێوەشاوەیی، بە سەرکردەی کۆمەڵەی ژ.ک هەڵبژێردرا. پاشان لە ١٩٤٥/٧/١٦ ناوی کۆمەڵەی ژ.ک گۆڕدرا بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەر بنەمای تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دامەزرا. ئەوکاتە بەشێک لە خاکی ڕۆژهەڵاتی

کوردستان لە ژێر دەستەڵاتی ڕوسیەدا بو و هەلێکی باش بۆ دامەزراندنی دەستەڵاتی کوردستان لە و بەشەی کوردستان ڕەخسابو.

پێشەوا بە پشتگیری خەڵکی ناوچەی موکریان لە ١٩٤٦/١/٢٢ کۆماری کوردستانی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد ڕاگەیاند. لە ١٩٤٦/٢/١١ پاڕلەمانتارانی کۆماری کوردستان سوێندیان خوارد و دەستیان بە کارکرد. لە ١٩٤٦/٤/٢٣پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاریی گەلانی ئازەری و کورد واژۆکرا.

لە ناو کۆماری کوردستان ژنانیش جێگای خۆیان هەبو و لە سیاسەتدا بەشداریان کرد و لە کۆماردا ڕۆڵیانگێڕا. دەستەڵاتی ڕوسیە بۆ ماوەی یازدە مانگ لە کۆماری کوردستان پشتگیری کرد.

پاش تێپەڕ بونی یازدە مانگ بە سەر تەمەنی کۆماری کوردستان، ڕوسیە لەگەڵ دەستەڵاتی ئێران پێکهات و سوپاکەی خۆی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کشاندەوە. ئەو کاتە تەمەنی کۆمار ساوا (١١ مانگ) بو و تەنیا ناوچەی مەهابادی لە ژێر دەستەڵاتدا

بو. پێشەوا بۆ پێشگرتن لە کۆمەڵکوژی گەلی کورد، دژی داگیرکەری ئێران شەڕی نەکرد و لە ١٩٤٦/١٢/١٧ مەهاباد بۆ جارێکی تر لە لایەن سوپای ئێران داگیرکرایەوە. بەم شێوەیە کۆمار هەڵوەشێندرا و پێشەوا لەگەڵ سەدری قازی برای و سەیفی قازی ئامۆزای کە یەکەمیان لە پارلمانی ئێران نوێنەری خەڵکی مەهاباد و ئەوەی تریان لە کۆماری کوردستان وەزیری شەڕ بو لە ١٩٤٧/١/٢٢ لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد بەدەستی داگیرکەری ئێران لە سێدارە دران.

لە هەمان کاتدا ٢٠ کەس لە هاوڕێیانی وەفاداری پێشەوا و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان لە شارەکانی مەهاباد، سەقز و بۆکان لە لایەن سوپای داگیرکەری ئێران لە سێدارە دران.

مستەفا بارزانی ئەو کات سەرلەشکری سوپای کۆماری کوردستان بو بەلام لە دژی دەستەلاتی ئێران شەڕی نەکرد و پێش هاتنی ئەرتەشی ئێران، بارزانیەکان بەرەو ڕوسیە چون و بەم شێوەیە هیچ کەس لە دژی هاتنەوەی سوپای ئێران بۆ ناو شاری مەهاباد بەرگری نەکرد.



پێشەوا قازی محەممەد



سەدری قازی



سەیفی قازی



پێشەوا



ئاڵای کۆماری کوردستان

## ٢-٣٣. شۆڕشی بارزان لە ساڵی ١٩٦١ی زاینی

لە ساڵی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥ بە سەرکردایەتی مەلامستەفا بارزانی، جەماوەری ناوچەی بادینانی باشوری کوردستان لە دژی داگیرکەری ئێراق شەڕیان کرد. ئەو شەڕە بەشکستی بارزانیەکان کۆتایهات و ناچار ڕویان کردە شاری مەهاباد کە ئەوکات کۆماری کوردستان لەو ناوچەیە دەستەڵاتدار بو. پاش ڕوخانی کۆماری مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ تا ١٩٦١ مستەفا بارزانی لە ڕوسیە نیشتەجێ بو.

لە ساڵی ١٩٦١ مستەفا بارزانی بە هاوکاریی و پلانی دەوڵەتی ڕوسیە گەڕایەوە ئێراق و لە ١٩٦١/٩/١١ بە پشتگیری خەڵکی باشوری کوردستان لە دژی دەستەڵاتی "عەبدول کەریم قاسم" ڕاپەڕی و زۆربەی ناوچەکانی باشوری کوردستانی ئازادکرد. لەو کاتەدا عەبدول کەریم قاسم لە ناچاری یاسایەکی دانا کە تێیدا باسی لە دروستکردنی دەستەڵاتێکی هاوبەشی کورد و عەرەب کردبو. بەڵام دوای ئارام بونەوەی بارودۆخەکە، عەبدول کەریم

قاسم خۆی لە دژی کوردان شەڕی ڕاگەیاند. کوردەکانی ئەو ناوچەیە لە ساڵی ١٩٦١ تا ١٩٧١ لە دژی ئێڕاق شەڕێکی قورس و دژواریان کرد. چەند جارێک نوێنەرانی کورد و دەستەڵاتی ئێڕاق چاوپێکەوتنیان کرد و ئاگربەستیان ڕاگەیاند. لە ١٩٧٠/٣/١١ نوێنەرانی کورد و دەستەڵاتی ئێڕاق لە سەر ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ڕێککەوتن و تا ساڵی ١٩٧٤ چەند نوێنەری کوردستانی ئۆتۆنۆم لە پاڕلمانی ئێڕاق نوێنەرایەتی گەلی باشوری کوردستانیان دەکرد.

شایەنی باسە کە لایەنەکانی ڕێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمی لە سەر ناوچەی کەرکوک ناکۆکیان هەبو. دەستەڵاتی ئۆتۆنۆمی کوردستان داوای گەڕانەوەی کەرکوکی دەکرد بۆ سەر کوردستان، بەڵام دەستەڵاتی ئێڕاق ئەو داخوازیەی پەسەند نەدەکرد. سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٧٥ دەستەڵاتی ئێران و ئێڕاق پەیمانی ئەلجەزایریان واژۆکرد و بەم جۆرە ئۆتۆنۆمی باشوری کوردستان بەتاڵکرا.

له ساڵی ١٩٦٨ تا ١٩٧٥ محەممەد ڕەزاشای ئێران هاوکاریی شۆڕشی بارزانی کرد. بە دوای واژۆکردنی پەیمانی ئەلجەزایر، شای ئێران بارزانی بانگکرد بۆ تاران و ئاشبەتاڵ(خۆدۆڕاندن)ی بە سەردا سەپاند.

شۆڕشی ئەو کات ئەگەرچی زیاتر لە سەدهەزار پێشمەرگەی هەبو، بەڵام بە بیستنی کۆتایهێنان بە شۆڕش لە زمانی خودی مستەفا بارزانییەوە، ورەی خەڵکی دابەزی و تەنانەت پێشمەرگەیەکی زۆر لە داخی ئاشبەتاڵی بارزانی خۆکوژیان کرد. ئەو پێشمەرگانەی کە بەناچاری گەڕانەوە ناو دەستەڵاتی ئێراق لە لایەن کاربەدەستانی ئێراقی لە پێش چاوی خەڵک سوکایەتی زۆریان پێکرا.

بە هۆی کێشەی دەستەڵات و تەکڕەوی مەلامستەفابارزانی لە ساڵی ١٩٦٦ دەستەیەک بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەد لە پارتی دێموکڕاتی کوردستان هەڵبڕان و چونە ناو دەستەڵاتی ئێڕاق و بونە چەکداری دەستەڵات. پاشان جەلال

تاڵەبانی و لایەنگرانی کە بە "جەلالی" ناسرابون، شانبەشانی دەستەڵاتی ئێراق لە دژی شۆڕشی کوردەکان شەڕیان کرد.

پاش ئەوەی مەلامستەفا بارزانی ئاشبەتاڵی شۆڕشی ڕاگەیاند، دەستەڵاتی ئێراق پێویستی بە جەلالیەکان نەما و هەر بۆیە جەلالیەکان لە ترسی دەستەڵاتی ئێراق ڕایان کرد و لە ساڵی ١٩٧٥ "یەکیەتی نیشتمانی کوردسان"یان دامەزراند.
مستەفا بارزانی ئەگەرچی دەورێکی چالاکی هەبو لە ڕێبەرایەتی ئەو شۆڕشە، بەڵام داروودەستەی بارزانی لە سەر جوتیاران و هەژارانی کوردستان زۆر بە زەبروزەنگ بون و نوێنەرایەتی زۆردارانیان دەکرد.

بارزانی بە سەربڕین و ڕادەستکردنەوەی شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک سولەیمان موعینی، ساڵح لاجانی و دەیان کەسی تر بە شای ئێران و کوشتنی دوکتۆر شوان (سەعید قرمزی توپراز) و سەعید ئەڵچی لە شۆڕشگێڕانی باکوری کوردستان، خزمەتی بەرەی داگیرکەرانی کوردستانی دەکرد.

ئەو دو شۆڕشگێڕە لە سیاسەتمەدارانی بەتوانای باکوری کوردستان بون کە بە هانای شۆڕشی باشوری کوردستان هاتبون، بەڵام لەساڵی ١٩٧٤ لە پیلانێکدا بە بڕیاری مستەفا بارزانی کوژران.

لەم براکوژیەدا شەوێک بارزانیەکان بە زەبر وزەنگ سەعید ئەلچی ناچار دەکەن کە لە خەودا دوکتۆر شوانی هاوڕیی بکوژێ و شەوەکەی تر خۆیان سەعید ئەڵچی دەکوژن.

دوای ڕاگەیاندنی ئاشبەتاڵ، مستەفا بارزانی و بنەماڵەکەی و لایەنگرانی کە بە "مەلایی" ناسرابون، لە شاری کەرەجی ئێران خانەنشینکران. پاشان مستەفا بارزانی لە تاران ڕا ڕەوانەی ئەمریکا کرا و لە ١٩٧٩/٣/١ بە نەخۆشی شێرپەنجە مرد.



مەلا مستەفا بارزانی

جێگای زانینه له ساڵی ١٩٧٨ به فەرمانی مەسعود بارزانی و هاوکاریی سوپای تورکیه ٧٠٠ کەس له پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی که له ترسی دەسته‌ڵاتی ئێراق ئاوارەی چیاکانی حەککاری باکوری کوردستان ببون له شەڕێکی خەیانەتکارانەدا کۆمەڵکوژکران. عەلی عەسکەری یەکێک له سەرکردەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان و پاشان یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بو، پاش بەدیلگیرانی به دەستی بارزانیەکان کوژرا.



عەلی عەسکەری (١٩٣٦- ١٩٧٨)

## ٢-٣٤. پەیمانی ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٧٥ی زاینی

پەیمانی ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٧٥ لە وڵاتی ئەلجەزایر بە فەرمی لە نێوان دەستەڵاتەکانی ئێران و ئێراق بەسترا، بەڵام لە کۆبونەوەکەی بەستنی ئەو پەیمانە، نوێنەرانی وڵاتانی تورکیە، سوریە، ئەمریکا، بریتانیا و ئەلجەزایر بەشداربون. لەو پەیمانەدا، پەیمانی ١٩٧٠/٣/١١ کە لەسەر ئۆتۆنۆمی باشوری کوردستان بو، پشتگوێخرا. نوێنەرانی دەوڵەتانی بەشدار لە سەر قەلاچۆکردنی کورد و سەرکوتکردنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی هەمو پارچەکانی کوردستان ڕێککەوتن کە هاوکاریی هەمەلایەنەی یەکتر بکەن. داگیرکەران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لەو پەیمانەدا ڕێککەوتن کە سوپاکانیان بۆ مەودای دەیان کیلۆمیتر مۆڵەتی بەزاندنی سنورە دەستکردەکانی کوردستانیان هەبێت و لە دژی شۆڕشگێڕانی کورد هاوکاریی سەربازیی و سیخوڕیی یەکەتر بکەن. لە یەکێک لە خاڵەکانی ئەو پەیمانەدا ڕێککەوتبون کە بۆ ڕادەستکردنەوەی شۆڕشگێڕانی کورد بە یەکتری هاوکاریی یەکتر بکەن.

## ٢-٣٥. شۆڕشی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) لە ساڵی ١٩٥٠ی زاینی

لە ساڵی ١٩٥٠ کۆمەڵێک گەنجی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ درێژەدان بە ڕێگای پێشەوا قازی و هێنانەدی ئاواتەکانی کۆماری کوردستان لە دژی دەستەڵاتی داگیرکەری ئێران، دەستیان بە خەباتێکی کۆمەڵایەتی کرد. لە شاری مەهاباد؛ ئەحمەد تۆفیق، غەنی بلوریان، سولەیمان موعینی، ئەمیر قازی و سمایل شەریفزادە، لە شاری سەقز؛ مامۆستا ڕەشید حوسێنی، لە شاری پیرانشار؛ عەبدوڵڵا زەکی، لە شاری سەردەشت؛ مامۆستا خدر عەبباسی و مامۆستا ئاوارە (ئەحمەد شڵماشی) ڕێبەرایەتی ئەم شۆڕشە و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان بەدەستەوە گرت.

پاشان بەهۆی لێوەشاوەیی، ئەحمەد تۆفیق بە سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵبژێردرا. بەهۆی نایاساییبونی هەڵسوڕانی ڕامیاری ڕێکخراوەیی لەو بەشەی کوردستان، خەباتی

ڕامیاری بە شێوەیەکی نهێنی بەردەوام بو تا ساڵی ١٩٥٤
ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ هێندێک لە هاوڕێیانی لە ژێر تەوژمی
هێرشی ملهوڕانەی دەزگای سەربازی و پۆلیسی ئێران، سەنگەری
خەباتیان گواستەوە بۆ باشوری کوردستان و ناچار بە
هەڵبژاردنی تاکتیکی شەڕی پارتیزانی بون.



ئەحمەد تۆفیق

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیق
خەباتی ڕامیاری و چەکداریی خۆی لە ناوخۆ و دەرەوەی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژە پێدا تا ئەوکاتەی ڕێبەرایەتی

حیزبی دێموکڕات لە ساڵی ١٩٥٧ دوکتۆر عەبدورڕەحمان قاسملوی بۆ تێکەڵاوی لە گەڵ خوێندکارانی کورد، بۆ تاران نارد.

دوکتۆر عەبدورڕەحمان قاسملو لە تاران لە گەڵ سمایل قاسملو لە لایەن ساواک (دەستگای سیخوڕی ئێران) گیران. دوکتۆر عەبدورڕەحمان قاسملو لە زیندان زۆر زو خۆی دۆڕاند و بەڵێنی هاوکاریی و سیخوڕیی بە ساواک دا و لە ٢٤ کاتژمێردا ئازادکرا. پاشان دوکتۆر عەبدورڕەحمان قاسملو لە لایەن ساواکەوە ڕەوانەی باشوری کوردستان کرا. قاسملو لای ئەحمەد تۆفیق و بەرپەرسانی تری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتبوی "کڵاوم ناوەتە سەر ساواک و بەدرۆ بەڵێنی هاوکارییم پێداون و بۆیە ئازاد کراوم."

ساواک لە زیندان سمایل قاسملو کە ئامۆزای دوکتۆر عەبدورڕەحمان بو، لە خۆبەدەستەوەدانی دوکتۆر عەبدورڕەحمان قاسملو ئاگادارکرد. سمایل قاسملوش لە پێناوی ئازادکردنی خۆی ناوی ٢٥٠ کەس لە کادرانی بەتوانا و نهێنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بە ساواک دا. ساواک لە هێرشێکدا ٢٥٠ کەسەکەی

دەستگیر و زیندانی کرد. غەنی بلوریان و عەزیز یوسفی دو کەس لەو کادرانە بون، کەوتنە بەندیخانە و بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لە بەندیخانەکانی دەستەڵاتی داگیرکەری ئێران شۆڕشگێڕانە بەرەنگاریان کرد.

هەربۆیە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باوەڕی بە دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو نەکرد و پاش لێپێچانەوەی، ویستیان دادگای کەن.

ئەوکاتە حیزبی شیوعی (کۆمەنیستی) ئێڕاق دەستەڵاتی زۆر بو لە ئێڕاق و لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران دۆستایەتی زۆر خۆش بو، چونکو هەردوکیان سەر بە ڕوسیە بون. دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو کە بە نهێنی ئەندامی حیزبی تودە بو و هاوکاریی ک.ج.پ (ڕێکخراوی سیخوڕی ڕوسیە)ی دەکرد، بە هاوکاریی حیزبی شیوعی ئێڕاق، توانی خۆی لە دادگایکردن قوتار بکات و لە سلێمانی ڕا هەڵات بۆ بەغدا. لە بەغدا وەک کارمەندێکی فەرمی لە وەزارەتی بودجە و دارایی ئێڕاق دامەزرا.

شایەنی باسە کە لە ئێراقی ئەوکات وەک کارمەند دامەزراندنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (هاووڵاتی فەرمی ئێرانی) شتێکی زۆر نائاسایی بو و لای هەمو کەس سەیر و جێگای گومان بو.

لە ساڵی ١٩٦٤ کۆنگرەی دوەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە گوندی سونێی سەر بە شاری قەلادزێ گیرا کە تێیدا ئەحمەد تۆفیق بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا. هەر لەو کۆنگرەدا دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو بە تاوانی هاوکاریی ساواک و خەیانەت بە شۆڕشی نەتەوەی کورد لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەرکرا. غەنی بلوریان و عەزیز یوسفی کە لە بەندیخانەکانی ساواک قارەمانەتیان دەنواند، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵبژێردرانەوە.
پێش بەستنی کۆنگرەی دوەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، سەلاح موهتەدی کە ئەندامی حیزب بو لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان جیا بۆوە و حیزبێکی بەناوی "حیزبی ڕزگاری کوردستان" دامەزراند کە زۆربەی دەرەبەگەکانی ناوچەی موکریانی لەگەڵ بون. بەڵام پاشان ئاشکرا بو کە سەلاح موهتەدی

سیخوڕی ساواکە و بۆ ناکۆکی و سیخوڕی ناردراوەتە ناو دێموکڕات. هەر بۆیە پاش ئاشکرابونی، سەلاح موهتەدی گەڕایەوە باوەشی ساواک و بو بە سەرۆکجاشی ناوچەی موکریان.

ئەحمەد تۆفیق خزمەتێکی یەکجار زۆری بە شۆڕشی باشوری کوردستان و خودی مەلا مستەفا بارزانی کرد. چەندین ساڵ شانبەشانی هاوڕێیەکانی لە دژی داگیرکەری ئێراق شەڕی چەکدارانەی کرد. هەوڵ و خەباتی شێلگیرانەی ئەحمەد تۆفیق بۆ یەکگرتویی هەمو باڵەکانی شۆڕش لە هەر چوار پارچەی کوردستان بو.

دوای تێکەڵاوی مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ دەستەڵاتی ئێران لە ساڵی ١٩٦٨ چەند کەس لە بەڕێوبەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک سەدیق هەنجیری و مەلا ڕەحیم مەرجەلانی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بون بە بڕیاری مەلا مستەفا بارزانی گیران و بێسەروشوێن کران.

دوای ئەم ڕوداوە لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨ سولێمان موعینی لەگەڵ خەلیل شەوباش لە لایەن بارزانیەکانەوە گیران و لە پایزی هەمان ساڵدا بە کوژراوی ڕادەستی دەستەڵاتی ئێران کران. لە هەمان کاتدا ساڵح لاجانی و دە هاوڕێی تری لە لایەن بارزانیەکان گیران و بە سنوری حاجیەمەراندا ڕادەستی ئێران کران. ساواک دەست بەجێ ساڵح لاجانی و دو هاوڕێی تری لە گوندی جەڵدیانی سەر بە شاری خانێ لە پێش چاوی خەڵک زیندەبەگۆڕکرد. ئەوانەی تریش لە زیندان بێ سەروشوێن کران. تەنیا کەسێک بە ناوی شێخەی گردێنێ ئازاد کرا کە پێناسی ئێڕاقی لە گیرفاندا بو.

پاش ئەم ڕوداوانە ئەحمەد تۆفیق لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ لە ترسی مەلا مستەفا بارزانی کە نەکا ڕادەستی دەستەڵاتی ئێڕانی کات، ناچار لە باشوری کوردستان بەرەو بەغدا ڕای کرد و داوای مافی پەنابەری ڕامیاری لە دەستەڵاتی ئێراق کرد.

لە هەمان کاتدا دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو بەو هاڵۆزیەی کوردستانی زانی و بە هاوکاری کەریم حیسامی، مەلاحەسەن ڕستگار و مەلاعەبدوڵڵا حەسەنزادە توانی لە دژی ئەحمەد تۆفیق پیلانگێڕیبکات. لە ساڵی ١٩٧١ لە شاری کۆیە و لە ماڵی مەلاحەسەن ڕستگار کۆبونەوەی کادرانی حیزب بە بەشداری ٣٢ نەفەر پێکهات. لەم کۆبونەوە دا کەریم حیسامی پیشنیاری گرتن و کوشتنی ئەحمەد تۆفیقی بە بەشداربوان کرد، بەڵام زۆربەی کادرەکان دژی ئەم بڕیارە هەڵوێستیان گرت. هەر لەم کۆبونەوەدا کەریم حیسامی ڕایگەیاند کە ئیتر حیزب ناتوانێت هاوکاری ماڵی و ئەمنیەتی ئەو کادرانە بکات. هەربۆیە ئەحمەد نستانی کە یەکێک لە بەشداربوانی ئەم کۆبونەوە بو، پاش ئەم بڕیارە لە گەڵ ١٥ پێشمەرگەی تر خۆیان گەیاندە لای ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا.

دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو خۆی کارمەندی فەرمی ئێڕاق و هاوکاری ئیستخباراتی ئێڕاق بو، دەستی ئاوەڵابو بۆ پیلانگێڕی لە دژی ئەحمەد تۆفیق و هەربۆیە لە بەغدا بە هاوکاری

مەلاعەبدوڵڵا حەسەنزادە تێکەڵاوی خۆی لەگەڵ ئەحمەد نستانی پەیداکرد و پاشان ئەحمەد تۆفیق لە لایەن دەستەڵاتی ئێڕاق زیندانیکرا.

لە ساڵی ١٩٧١ دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو زیرەکانە لەگەڵ هێندێک کوردی دۆڕاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە سەربە دەستەڵاتی بەعس بون و ئازادانە لە ئێڕاق هاتوچۆیان دەکرد و بەشێکیان کارمەندی فەرمی دەستگای ئیستیخباراتی دەستەڵاتی بەعس بون، کۆبونەوەکیان بە ناوی کۆبونەوەی کادرانی حیزب لە هوتێل شیراتۆنی بەغدا بەست و ئەم چەند کادرەی دێموکڕاتیش بانگێشتی ئەو کۆبونەوە کران:

- عەبدوڵڵا زەکی (قەندیل) - چاوەدێری بەرزی ڕامیاری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
- شاعیر مامۆستا سالار (عەلی قوتبی) - کادری ڕامیاری
- کاک خدری بەردەڕەشان
- عەوڵای مام سەعیدی
- مەلا محەممەد خانە خەڵی سەردەشت

ئەو پێنج کەسە لە کۆ بونەوەکە دژی دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو هەستانەوە و پێیانگوت:

"تۆ بەبۆنەی خەیانەت بە حیزب لە کۆنگرەی دوەم دەرکراوی و تا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تۆ بە ئەندام قبولْ نەکاتەوە، مافی بەشداری کردنت لە کۆبونەوەی حیزبدا نیە چ بگات بە بەستنی کۆنفڕاس و کۆنگرە".

بەشداربوانی تر چونکو سەر بە دەستەڵاتی ئێڕاق بون، مرتەقیان نەکرد. پاشان ئەو پێنج کەسە لە کۆبونەوەکە چونە دەرێ و گەڕانەوە شارێ کۆیە و ڕوداوەکانیان بۆ ئەندامانی حیزب باسکرد.

پاشان ئەو کادر و ئەندامانەی کە لە باشوری کوردستان بون لە بهاری ١٩٧٢ لە گوندی ورتەی بناری قەندیل لە ماڵی عەبدوڵڵا زەکی کۆنفڕانسیان بەست و تێیدا کۆمیتەی بەڕێوبەرایەتی کاتی حیزبی دێموکڕاتیان دامەزراند.

لە ساڵی ١٩٧٢ ئەحمەد نستانی لە بەغداوە دەگەڕیتەوە باشوری کوردستان و بانگێشتی مقەڕی کۆمیتەی بەڕێوبەرایەتی

کاتی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان دەکرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت. لەم لێپرسینەوەدا ئەحمەد نستانی وتبوی کە مەلا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە بەغدا پێی گوتم: "ئەگەر لە بەگرتدانی ئەحمەد تۆفیق دا هاوکارین بکەیت، پلە و پایەی باشت دەدەینێ و ئەمنیەتیشت دەپارێزین". منیش بەڵێنیم پێدان.

ئەحمەد نستانی وتبوی: "مەلا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بە فەرمانی دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو منی ڕاسپارد کە نامەیەک لە بەغداوە بۆ کوردستان بێنم. منیش وتومە کە ئەم نامەیە چیە و بۆ کێیە. پێیان وتم کە ئەم نامەیە بەناوی ئەحمەد تۆفیق نوسراوە و بۆ مەلامستەفا بارزانیە. پاشان کارێک دەکەین کە لە ویستگای پشکنین(سەیتەرە)ی کەرکوک لە لایەن کاربەدەستانی دەستگای ئەمنی بەعسی ئێڕاقەوە بگیرێی و نامەکەت لێ ئاشکرابێت. تۆش پاش گیرانت بڵێ ئەوە ڕاستە و ئەحمەد تۆفیق سەر بە بارزانی و ئەمریکایە و بە زۆر منی ناردوە بۆ ئەو چالاکیە".

پێیان وتم: "کاک ئەحمەد نستانی هیچ نیگەرانی خۆت مەبە، ئێمە پاشان تۆ ئازاد دەکەین و بەم شێوە ئەحمەد تۆفیق لەناودەبەین و خۆمان دەست بە سەر حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دادەگرین و دەبینە خاوەن حیزب".

پیلانەکە چۆن دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو دایڕشت بو، بەهەمان شێوە و بە داخوازی دڵی ئەو سەری گرت و ئەحمەد تۆفیق لە لایەن دەستەڵاتی ئێڕاق گیرا و خرایە بەندیخانەی ئەبو غرێب.

جێگای سەرنجە کە تاهیری هاوڕێی ئەحمەد تۆفیق و غەفوری خوشکەزای ئەحمەد تۆفیق کە لەگەڵ ئەودا لە زیندانی ئەبو غرێب بون، بە چاو بەستراوی گوێیان لێ ببو کە حەمەدەمین سیڕاجی بە فەرمانی دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو شکنجەی ئەحمەد تۆفیقی کردبو.

ئەحمەد تۆفیق لە حەمەدەمین سیڕاجی پرسیبو:

" ئاخر بۆچی شکەنجەم دەکەی شینەڕێوی، خۆ لە هەر بەرگێک دابی دەتناسمەوە، هەی نامەردی خۆفرۆش، من چ خراپەیەکم دەرهەق بە تۆ کردوە".

حەمەدەمین سیراجی لە وەڵامدا وتبوی:
"ئەوە دەستوری دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملویە و تۆ دەبێ لە ناو تیزاو (ئەسید)دا بکوڵێندرێت".

بەم شێوەیە سەرۆکی شۆڕشی ئەوسای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەحمەد تۆفیق بە دەستی حەمەدەمین سیڕاجی و بە دەستوری دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو و سەددام حوسێن لە ناو تیزاو دا کوڵیندرا و تەرمەکەشی بێسەروشوێن کرا.

ئەحمەد تۆفیق لە ساڵی ١٩٥٠ تا ١٩٧١ کە بێسەروشوێنیان کرد، ڕابەری شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری حیزبی

دێموکڕاتی کوردستان بو. ئەو مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی گەل و نیشتمانەکەی بو کە قەت لە کار و هەڵسوڕانی ڕامیاریدا پشودانی نەبو. ئەوەندە نیشتمانپەروەر بو کە تەنانەت دەیگوت کوردستان دەزگیرانی منە و تا کوردستان ئازاد نەبێت، من زەماوەند ناکەم. تا گیانبەختکردنی هەر بە ئاواتی سەربەخۆیی کوردستان بو.

بەڕێز قەندیل پێش گیانبەختکردنی بەم شێوەیە لە سەر ئەحمەد تۆفیق دواوە:

"ئەحمەد تۆفیق سەرکردەیەکی زۆر بەتوانا بو و لە ناو گەلی کورد دا وێنەی نەبو. ئەوەی کە ئەحمەد تۆفیق دەیزانی گەلی کورد و سەرکردەکانی تری کورد، نەیان دەزانی و تێی نەدەگەیشتن. لە کار و خەباتی ڕامیاریدا بێوێنە و ماندونەدەناس بو. ئەو سەرکردەیەک بو کە لەگەڵ هاوڕێ پێشمەرگەکانی هەردەم لە چیا بو. تەنانەت وەک پێشمەرگەیەک هەردەم چەک بەشان بو و بە پێ دەڕۆیشت و خۆی لە هاوڕێیانی هەڵنەدەبڕی و خۆی بە زلتر و بە دەستەڵاتر

نەدەزانی. هەر بەو هۆیەش بو ئەوەی کە خەیانەتکاران و داگیرکەرانی کوردستان بەسەر ئەحمەد تۆفیقیان هێنا تا ئێستا بەسەر کەس نە هاتوە".

دوکتۆر عەبدورەحمان قاسملو لە ساڵی ١٩٧٢ بە هاوکاری دەستەڵاتی بەعسی ئێڕاق دانیشتنێکی نهێنی لە بەغدا بەناوی کۆنگرەی سێیەمی حیزب بەست و حیزبێکی تازەی بە ناوی "حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران" دامەزراند. دەستەڵاتی بەعس وشەی "ئێران"ی بە ناوی حیزبی دێموکڕاتەوە زیادکرد و دوکتۆر عەبدورەحمان قاسملوی بە سکرتێری ئەم حیزبە دیاریکرد.

پاش ئاشبەتاڵی مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥، ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە هاوڕێیانی ئەحمەد تۆفیق بون، لە لایەن دەستەڵاتەکانی ئێران و ئێڕاق گەمارۆدران و لە ناچاری بڕیاریان دا داوای مافی پەنابەری ڕامیاری لە دەستەڵاتی ئێڕاق بکەن. ئەوە بو کە ٥٥ کەس لە

بەڕێوبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شارۆچکەی سەنگەسەری باشوری کوردستان، بە هاوکاریی "بایزی هەباساغای سەرکەپکان" کە سەرۆک خێڵێکی ئەو ناوچەیە بو، داوای مافی پەنابەری ڕامیاریان لە دەستەڵاتی ئێڕاق کرد. ئەو ٥٥ کەسە بۆ ماوەی ٩ ڕۆژ لە شاری ڕانیە ڕاگیران و پاشان دەستەڵاتی ئێڕاق بڕیاریدا کە مافی پەنابەری ڕامیاریان پێبدا و کوێیان پێخۆش بێت لە وێ نێشتەجێ بن. بەڵام بەدوای تێپەڕبونی دو ڕۆژ بەسەر وەرگرتنی مافی پەنابەری ڕامیاری، کەریم حەداد و حەمەدەمین سیڕاجی بەجل و بەرگی سەربازیی ئێڕاقی (مغاویری) و چەند ترومبێلی گەورەی سەربازیی (زیل عەسکەری) و سەربازێکی زۆرەوە هاتنە شاری ڕانیە و ئەو ٥٥ کەسەیان خستە ناو ترومبێلەکانیان و بەرەو کەرکوک و خانەقین و پاشان لە هەمان ڕۆژدا لە ڕێگەی سنوری خوسرەویەوە ڕادەستی ژاندرمەری ئێرانیان کردن. بەمجۆرە پیلانی هاوبەشی داڕێژراوی دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو، مەلاعەبدوڵڵا حەسەنزادە، مەلاحەسەن ڕستگار، کەریم حەداد، حەمەدەمین سیڕاجی و کەریم حیسامی بە هاوکاریی سەددام

حوسێن و دەستەڵاتی بەعس گەیشتە ئەنجام. ئەم پیلانە ڕەشە لە مێژوی گەلی کوردستاندا بە "شانۆی خەیانەت" ناوزەدکراوە.

ئەوانەی ڕادەستکرانەوە لە زیندان بون تاکو دەستەڵاتی شای ئێران بە شۆڕشی گەلانی کوردستان وئێران لە ١٩٧٩/٢/١١ ڕوخا. پاش ئەوەی کە دەرگای بەندیخانەکان لەلایەن گەلی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە شکێندران، هاوڕێیانی ئەحمەد تۆوفیق ئازاد بون و زانیان کە شۆڕش کراوە و کوردستان ئازاد بوە. لەگەڵ ئازاد بونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕوخانی شای ئێران، دەستەڵاتی بەعسی ئێڕاق دارودەستەی دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملوی بە چەک و دراوێکی یەکجار زۆرەوە ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و بەم شێوە دەستەڵاتی بەعس بە ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، دەستی بەسەر ناوچەکە داگرت.

بەشێک لە شۆڕشگێڕانی کۆمیتەی بەڕێوبەرایتی کاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پاش لە زیندان ئازاد بونیان، بۆ ئەوەی

کە شەڕی ناوخۆ دروست نەبێت، "کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان"یان لە ساڵی ١٩٧٩ دامەزراند و بەو ناوە لە دژی داگیرکەری ئێران خەباتیان کرد تاکو بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانیان لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان گیانیان بەختکرد.

کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان باوەڕی وا بو کە دەبێ کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەباتبکات و گرێدراو بە هێچ داگیرکەرێک نەبێت. هەربۆیەش بو کە تا دوا هەناسە سەربەرزانە ژیان و سەربەرزانەش لە پێناوی خاکی پیرۆزی کوردستان، سەریان نایەوە. وەک دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو نەبون کە بۆ گەیشتن بە دەستەڵاتێکی چەوتی ئاغایەتی دەست بۆ هەر کارێک بەرن.

دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو ڕۆژێک دوای کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە وتووێژی تەلەفیزۆنی ئێڕاقدا وتی: " هەڵەبجە لەلایەن دەستەڵاتی ئێرانەوە کیمیاباران کراوە. کوردی ئێڕاق

ئۆتۆنۆمی خۆی هەیە. ئەگەر کوردی ئێران ئەو مافانەی هەبان و مۆڵەتی پێدرابا کە بە زمانی خۆی بخوێنێت و بنوسێت، ئیتر ئێمە چیترمان نەدەویست." دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو لەو وتووێژەدا تاکە وشەیەکی لەسەر شەهیدانی هەڵەبجە نەگوت.

دوای بێسەروشوێنکردنی ئەحمەد تۆفیق و ڕادەستکردنەوەی ٥٥ کەس لە هاوڕێیانی، هاوڕێیەکی ئەوکاتی دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو بە ناوی "سەیدڕەسوی بابی گەورە" لە قاسملوی پرسی بو، کە بۆچی هەمو سەرکردەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانت ڕادەستی ئێران کردنەوە، بەڵام ئەحمەد تۆفیقت بۆ خۆت کوشت. دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو لە وەڵام دا دەڵێت: "ئەحمەد تۆفیق زۆر لە من زیرەکتر و بە تواناتر بو، لە هەر شوێنێک با، حیزبێکی بە تواناتری لە حیزبەکەی من دروست دەکرد. من توانای بەرەنگاری کردنەوەم لەگەڵ ئەو نەبو، لەبەینم برد کە بتوانم بە ئاسودەیی خۆم سکرتێریەتی بکەم. بەڵام ئەوانەی تر کە ڕادەستی ساواک کرانەوە، ئیتر ساواک لە

ناو زیندان دا دەیان ڕژێنێت و دەرسێکیان پێدەدات کە هەرگیز نەتوانن لە بەرنابەر مندا سەرکەون."

هێندێک لەو کەسانەی کە لە پیلانەکەی شانۆی خەیانەتی دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو دا تەسلیمی ساواکی ئێران کرانەوە، ئەمانە بون:

- مامۆستا ڕەشید حوسێنی (شەیدای کوردستان) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان و سەرۆکی یەکیەتی جوتیارانی کوردستان بو. بەڕێزیان لە شەڕی دژی بەکرێگیراوانی ئێران لە ١٩٧٩/٨/١٧ لە ناوچەی کەرەفتۆی سەر بەشاری سەقز گیانی بەختکرد. گڵکۆی ئەم شۆڕشگێڕە لە گۆڕستانی سەقزە.

- عەبدوڵڵا زەکی (قەندیل) کە چاوەدێری بەرزی ڕامیاری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و پاشانیش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان بو. بەڕێزیان لە شەڕی دژی داگیرکەری ئێران لە ١٩٨٢/٨/٢٨ لە

گوندی بادیناوێی سەر بە شاری پیرانشار گیانی بەختکرد.
گڵکۆی ئەم شۆڕشگێڕە لە گۆڕستانی گوندی ترکەشی سەر بە شاری پیرانشارە.

- هەڵبەستوانی گەورەی کورد مامۆستا سالار هەورامی(عەلی قوتبی) کادرێکی بەتوانای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان بو. بەڕێزیان لە شەڕی دژی دارودەستەی سوپای ڕزگاری کە بەکرێگیراوی ئێراق بون لە ١٩٨٠/٧/٢٩ لە گوندی بێسارانی سەر بە شاری مەریوان گیانی بەختکرد. گڵکۆی ئەم شۆڕشگێڕە لە گۆڕستانی گوندی بێسارانە.

- مامۆستا خدر قادر (خدر کوردستانی) خەڵکی شاری سەردەشت و کادرێکی چالاکی کۆمیتەی بەڕیوەبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بو و کادرێکی باڵای کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانە کە هەمیشە لە دژی نەیارانی کورد شۆڕشگێڕانە خەباتی کردوە و پاشان لە ناچاری توشی ژیانی هەندەران بوە.

- بەڕێزێک بە ناوی قادرئاغا لەزیندانی ساواکدا لە ژێر شکەنجەی سەرپەرەکانی (جەلادەکانی) ئێران لە ساڵی ١٩٧٥ گیانی لە دەستدا.



شۆڕشگێڕان لەدەستی ڕاستەوە: ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی)، ڕەشید حوسێنی (شەیدای کوردستان)، عەبدوڵڵا زەکی (قەندیل).

## ٢-٣٦. شۆڕشی باکور بە سەرکردایەتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان(ئاپۆ) لە ساڵی ١٩٧٠

لە باکوری کوردستان بە کارهێنانی وشەی کورد و زمانی کوردی قەدەغەکرابو و هەرکەس باسی لە کورد کردبا، دەستبەجێ لە لایەن دەستەڵاتی داگیرکەری تورکیەوە، پەتکی سێدارەی بۆ هەڵداوەسرا. لەو کاتە دژوار و هەستیارەدا، ئاپۆ وەک لاوێکی تێکۆشەر و خوێندکارێکی زانکۆ، هەستی بە خۆناسین و کوردناسین کرد. ئاپۆ زانی کە دەستەڵاتەکانی داگیرکەری کوردستان، نەتەوەی کوردیان کردۆتە کۆیلە و خەریکی لەناوبردننی. هەر بۆیە بۆ زیندوکردنەوەی نەتەوەی کورد شۆڕشگێڕانە و بوێرانە دەستی بە هەوڵ و تێکۆشان کرد. ئاپۆ لە ناو خوێندکارانی زانکۆکانی ئانکارا چەند دۆستێکی وەک کەماڵ پیر، جەمیل بایق، مەزلۆم دۆغان، محەممەدخەیری دۆرمیش و حەقی قەرای پەیداکرد.

ئەو کەسانە کۆبونەوەی یەکەمیان لە شاری ئانکارا لە ١٩٧٤/٣/٢١ لەبن دارێک پێکهێنا و لەم کۆبونەوە بڕیاردرا کە دەستەیەکی شۆڕشگێڕ دروستبکەن.

کۆبونەوەی دوەمیان لە گەڕەکی دیکمەنی ئانکاڕا لە ساڵی ١٩٧٦ پێکهێنا کە تێیدا بڕیار درا بۆ درێژەدان بە خەبات لە ئانکارا ڕا بگەڕێنەوە کوردستان و هەریەکێک لە ئەوان بچێتە شارێک و دەست بە وشیارکردنەوەی جەماوەر بکات. ئەو کەسانە لە هەمان ساڵ دەستەیەکیان بەناوی گروپی ئایدۆلۆژی پێکهێنا و لەو کاتەوە بە ناوی ئاپۆچی خەباتیان دەکرد. لە ساڵی ١٩٧٦ هەڤاڵ ئایدەن گوڵ کە یەکێک لە ئەندامانی ئەو گروپە بو بە دەستی چەپەکانی تورک لە شاری دێرسیم کوژرا.

لە ڕۆژی ١٩٧٦/١١/٢٧ یەکەم کۆنگرەی ئاپۆچیەکان لە گوندی فیسی سەربە شارۆچکەی لیجێی ناوچەی ئامەد بەسترا کە تێیدا پارتی کرێکارانی کوردستان دامەزرێندرا.

پاشان هەڤاڵ حەقی قەرار لە شاری ئەنتاب(دیلۆک) لە ١٩٧٧/٤/١٨ بەدەستی پارتی پێشەنگ کە کورد بون، کوژرا.
پاشان "کەماڵ پیر" کە یەکەمین دۆستی ئاپۆ بو و دوای ئاپۆ بە یەکەمین ڕێبەری ئەم بزوتنەوەیە دەزانرا، لە ساڵی ١٩٧٩ لە شاری خارپیت (ئەلعەزیز) لە گەڵ "مەزلوم خەیری دۆرمیش" لە لایەن دەستەڵاتی تورکیە گیران و خرانە زیندانی شاری ئامەد.

"مەزلوم دۆغان" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پ.ک.ک بو، لە نەورۆزی ١٩٨٢ ئاگری بەردایە جەستەی خۆی و بەسوتاندنی لەشی خۆی نەورۆزی لە ناو زیندانی دوژمندا پیرۆزکرد و نەک سەری بۆ داوای خۆ بەدەستەوەدانی دوژمن دانەنواند، بەڵکو بەم چالاکیە ڕوناکی خستە دڵی هەڤالانیەوە و بو بە کاموسی شەوەزەنگی داگیرکەران.
"کەماڵ پیر" و "مەحەممەد خەیری دۆرمیش" لە بەرخۆدانی ناو زیندان بە دروشمی یا ئازادی یا مردن لە ١٩٨٢/٧/١٤ دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد و پاش دومانگ شۆڕشگێڕانە گیانیان بەختکرد.



خەیری دۆرمیش



مەزلوم دۆغان



کەماڵ پیر

ئاپۆ بۆ بەردەوامی خەباتی ڕامیاری ناچار بو لەساڵی ١٩٧٩ باکوری کوردستان بەرەو سوریە و لوبنان بە جێ بێلێت.

پارتی کرێکارانی کوردستان بە ئامانجی سەربەخۆیی بۆ گشت کوردستان دامەزرا و لەسەر ئەو بنەمایەش خەباتی درێژە پێدا. لە ١٩٨٤/٨/١٥ بە ڕێبەرایەتی هەڤاڵ عەگید (مەعسوم قورقوماز) کە فەرماندەی گشتی ئەرتەشی ڕزگاری کوردستان بو، لە دژی تورکیەی داگیرکەر دەستی بە شەڕێکی چەکداریی بەربلاو کرد. عەگید خەڵکی فارقین (سیلوان)ی سەر بەئامەد بو و لە

١٩٨٥/٣/٢٨ لە چیای گەڤەڕ لە شەڕی دژی تورکیەی داگیرکەر گیانی بەختکرد.



عەگید

لەساڵی ١٩٩٣ پارتی کرێکارانی کوردستان ئاگربەستی یەکلایەنەی ڕاگەیاند و تورگوت ئوزاڵ سەرکۆماری تورکیە لێژنەیەکی لە پاڕلەمانتارە کوردەکانی باکوری کوردستان لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و چەند ڕۆژنامەوان بە ئامانجی چارەسەری کێشەی کورد و بۆ وتووێژ لەگەڵ ئاپۆ ناردە دیمەشق. پێش گەڕانەوەی لیژنەکە دەستەڵاتی تورکیە تورگوت ئۆزالی کوشت و بڵاویان کردەوە کە ئۆزال بەهۆی دڵ ڕاوەستانەوە مردوە. بەم

شێوەیە هەوڵی تورگوت ئۆزال کە خۆی کورد و هاوشاری ئاپۆ بو بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت.

جێگای ئامازەیە دوای تێپەڕبونی ٦٨ ساڵ بەسەر نایاسای بونی زمانی کوردی، بەڕێز تورگوت ئۆزال لە ساڵی ١٩٩١ ئاخەفتن بە زمانی کوردی لە تورکیە و باکوری کوردستان ئازادکرد.

لە ساڵی ١٩٨٨ دەستەڵاتی تورکیە بە هاوکاریی ناتۆ و پشتگیری ئەمریکا گوشارێکی زۆری بۆ سەر دەستەڵاتی سوریە هێنا و دەستەڵاتی سوریەی ناچار بە دەرکردنی ئاپۆ لە شاری دیمەشق کرد.

ئاپۆ لە ڕۆژی ١٩٩٨/١٠/٩ لە سوریە ڕا بەرەو یونان و پاشان بەرەو ڕوسیە و ئیتالیا وەڕێکەوت. ئاپۆ بە مەبەستی چارەسەری کێشەی کورد بەشێوازێکی ڕامیاریانە و ئاشتیخوازانە ڕوی کردە ئەوروپا، ئەگینا دەیتوانی بچێتە لای گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و لە چیاکان بمێنێتەوە. لە ئیتالیا ئاپۆ داوای بەستنی

کۆنفرانسێکی ناونەتەوەیی بۆ چارەسەری کێشەی گەلی کورد کرد، بەڵام هەمو دەستەڵاتەکانی جیهان بەتایبەت ئەمریکا و ئەڵمانیا زۆر نامرۆڤانە لە دژی داخوازیەکانی ئاپۆ وەستانەوە و بەرژەوەندیە ئابوریەکانی خۆیان و دۆستایەتیان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان، لە مافی گەلی کورد بۆ گرینگ تر بو. گوشارەکانی تورکیە و ئەمریکا و ئەڵمانیا، دەستەڵاتی ئیتالیای ناچارکرد کە ئاپۆ لە وڵاتەکەی دەرکات و لەئاکامدا ئەویان بەرەو نادیارێکی تر هەڵداشت. فرۆکەکەی ئاپۆ لە ئاسمانی ئەوروپا دەخولایەوە و هیچ وڵاتێک مۆڵەتی نیشتنەوەی پێنەدا، لە ئاکامدا بەرەو ڕوسیە، تاجیکستان، یونان و کینیای ئەفریقا چو. پاشان دەستگای سیخوڕی موسادی ئیسڕائیل و سیای ئەمریکا لە ڕۆژی ١٩٩٩/٢/١٥ ئاپۆیان بە فڕۆکە ڕفاند و زۆر نامرۆڤانە بە نیوە بێهۆشکراوی دایانەوە دەست دەستەڵاتی فاشیستی تورکیە.

وڵاتانی ڕۆژئاوا ویستیان بەو کارەیان شۆڕشی گەلی کورد بەچۆک دابێنن و هاوکات شەڕ لە کوردستان بەردەوام بێت بۆ ئەوەی بەرژەوەندیە ئابوری و ڕامیاریەکانی خۆیان چاتر بپارێزن.

پاش ئەم کارەساتە، گەلی کورد شۆڕشگێڕانە هاتە مەیدان و بە ناڕەزایەتی خۆی سەلماندی کە کورد قەت بە زەبر و زەنگ لەبەین ناچێت و ناتوێتەوە.

لەو ناڕەزایەتیانەدا ١٥٠ کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان و هەندەران خۆیان سوتاند و ڕق و کینەی خۆیان بەم شێوەیە لە دژی داگیرکەرانی کوردستان و دوڕویی جیهانی بە ناو مرۆڤایەتی دەربڕی. لە هەمان کاتدا لە خۆپیشاندانەکانی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتگیری لە ئاپۆ، گەلی کورد کەوتە بەر دەسترێژی گوللەی خوێنرێژانی دەستەڵاتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی ئێران و لە ڕۆژێکدا ٢٧ کەس لە شاری سنە کە دوکەسیان زاوا و بوکی هەمان ڕۆژ بون کوژران. دو کەسی تریش لە شاری ورمێ کوژران و بە دەیان کەسیش بریندار بون و خرانە بەندیخانەوە.

لە خۆپیشاندانەکانی کوردەکانی ئاڵمانیا لە بەردەرگای باڵوێزخانەی ئیسڕائیل، چەند گەنجێک کەوتنە بەر دەسترێژی گوللەی کارمەندانی باڵوێزخانەکە و لە ئاکامدا چوار گەنجی کورد کوژران و بە دەیانیش بریندار بون.

جێگای ئاماژەپێکردنە کە پاش سەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوخۆی باکوری کوردستان و لەشارەکانی تورکیە، هێندێک لە ڕوناکبیرانی شۆڕشگێڕی کورد، پارتی گەل(هەپ)یان لە ڕێکەوتی١٩٩٠/٦/٧ دامەزراند. پاشان ئەو ڕێکخراوە لە لایەن دەستەڵاتی تورکیە قەدەغەکرا و سەرکردەکانیشی دەستبەسەرکران و هێندێکیان کوشتن وهێندێکیشیان لە ناچاری ئاوارەی هەندەران بون. ئینجا ڕوناکبیرانی کورد کۆڵیان نەدا و پارتی دێموکڕاتی ئازاد(ئوزدەپ)یان لە ١٩٩٢/١٠/١٩دامەزراند کە لە ١٩٩٣ /١١/٢٣ لەلایەن دەستەڵاتی تورکیەوە قەدەغەکرا.

بەدوای ئەمە پارتی دێموکڕات (دەپ)یان لە ڕێکەوتی١٩٩٣/٥/٧ دامەزراند کە لە ڕێکەوتی١٩٩٤/٦/١٦ لەلایەن دەستەڵاتی تورکیەوە قەدەغەکرا. ئینجا کوردەکان لە١٩٩٦/٥/٢٣ پارتی دێموکڕاتی گەل (هەدەپ)یان دامەزراند. پاش قەدەغەکردنی هەدەپ، دەتەپە و پاش قەدەغەکردنی دەتەپەش، بەدەپەیان دروستکرد کە لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٧ دا توانی ٢١ پاڕلەمانتار بنێرێتە پاڕلەمانی تورکیە و ٩٩ شارەداری باکوری کوردستانیش بەدەستبخات.

لەساڵی ١٩٩٣ دەوڵەتی تورکیە پیلانی لەناوبردنی پاڕلەمانتارانی کوردی داڕشت و لە ئاکامدا محەممەدسینجار کە نوێنەری شاری ماردین بو لە ١٩٩٣/٩/٤ لە شاری باتمان لە لایەن سوپای داگیرکەری تورکیەوە کوژرا. چەند پاڕلەمانتارێک وەک لەیلا زانا و خەتیب دیجلە کە نوێنەری شاری ئامەد بون، سەلیم سادەق و ئەرهام دۆغان کە نوێنەری شاری ماردین بون لە ١٩٩٤/٣/٢ خرانە بەندیخانەی ئانکارا و هەریەکەی پازدەساڵ زیندانیان بۆ بڕایەوە و لە کاری ڕامیاری دورخرانەوە. ئەوانەی تریش وەک زوبێر ئایدار، ڕەمزی کارتاڵ، یاشار کایە، نیزامەتین توغوچ و عەلی یگیت لە ناچاری ئاوارەی هەندەران بون و لە ساڵی ١٩٩٥ پاڕلمانی دەرەوەی کوردستانیان لە بلژیک دامەزراند.

پاشان لە ٢٤-١٩٩٩/٥/٢٧ کۆنگرەی نەتەوەی کوردستانیان (ک.ن.ک) لە هولەند دامەزراند.



ئاپۆ لە کاتی بەرگریکردنی لە دادگای سەربازی تورکیە ١٩٩٩




تاوانەکانی دەستەڵاتی فاشیستی تورکیە دەرهەق بە گەلی کورد

لە ساڵی ٢٠١٠ " پارتی دێموکڕاتی گەل" قەدەغەکرا و کوردەکان "پارتی ئاشتی و دێموکڕاسی" (بدپ)یان دامەزراند. جێگای سەرنجە کە بە هەمو گوشار و گەندەڵکاریەکانی دەوڵەتی تورکیە، پارتی ئاشتی و دێموکڕاسی توانی لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠١١ دا ٣٦ کورسی لە پاڕلەمانی تورکیە بەدست بێنێت.

جێگای پێزانینە کە پارتی کرێکارانی کوردستان بەرپرسیارەتی مێژویی خۆی لە بەشەکانی تری کوردستانیش هێناوەتەجێ و هاوکاری کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستانی لە ڕێکخستن و خۆپێگەیاندنیان کردوە.

پارتی چارەسەری دێموکڕاتی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٢ لە چیای قەندیل بە ڕابەرایەتی دوکتۆر فایق گوڵپی دامەزرا و ئیستا بەڕابەرایەتی دیار غەریب لە باشوری کوردستان خەباتی ڕامیاری دەکات.

پارتی یەکیەتی دێموکڕات لەساڵی ٢٠٠٣ لە چیای قەندیل دامەزراو ئێستا وەک بەهێزترین ڕیکخراوی ڕۆژئاوای کوردستان لە کارەکانی ڕامیاری ئەم بەشەی کوردستان دا جەماوەر بەڕیکخستن دەکات.

پارتی ژیانی ئازادی کوردستان(پژاک) لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆ پاراستنی گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێبەری مەهەندیس

عەبدوڕەحمان حاجی ئەحمەدی لە چیای قەندیل دامەزرا. پژاک لە ماوەیەکی کورتدا توانی خەباتێکی بەنرخی نەتەوەیی بەڕێوەبەرێت و وەک بەهێزترین ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران پشتگیری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست بێنیت.

## ۲-۳۷. شۆڕشی جەماوەری باشوری کوردستان لە ساڵی ۱۹۹۱

دەسـتـەڵاتـی ئێڕاق لـە دوا ڕۆژەکـانـی هـاوینـی سـاڵـی ۱۹۹۰ وڵاتـی کوەیتی بێتەقە داگیرکرد. پاشان دەستەڵاتەکانی جیهان لە ژێر ناوی نەتەوەیەکگرتوەکان و بەڕێبەرایەتی ئەمریکا لە دژی ئێڕاق بڕیاری شەڕیان دا. دیارە شەڕەکە لە بەر خۆشەویستی و پارێزگاری لە مافی مرۆڤی گەلی کوەیت نەبو بەڵکو بۆ خۆشەویستی نەوت و گرتنە دەستی دەستەڵات لە ناوچەکەدا بو. بەم شێوەیە لە ۱۹۹۱/۱/۱۷ هێرشکرایە سەر ئێڕاق و شەڕەکە تا ۱۹۹۱/۲/۲۸ی خایاند. دەستەڵاتی ئێڕاق پاش ٤۱ ڕۆژ بە زیاتر لە سەدهەزار کوژراو و سەدان هەزار پەککەوتو و برینداروەوە، تێکشکا و پاشەکشەی کرد و کوەیتی بەجێهێشت.

لە باشوری کوردستان ئەوکاتە دەستەڵاتی ئێڕاق زۆر لاواز بو، بۆیە گەلی کورد بەدەرفەتی زانی و لە ڕۆژی ۱۹۹۱/۳/٥ سەرەتا لە شاری ڕانیە و پاشانیش لە گشت باشوری کوردستان لە دژی داگیرکەری ئێڕاق ڕاپەڕین و لە ماوەیەکی کورتدا گشت باشوری

کوردستانیان ئازادکرد. لە نەورۆزی ١٩٩١ شاری کەرکوک لەلایەن خەڵکی کوردەوە ئازادکرا.

گەلی باشوری کوردستان پێیان وابو کە چۆن ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتوەکان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان گەلی کوەیتیان لە دژی هێرشی سەددام حوسێن پاراست، ئاواش ئەوان دەپارێزن و پشتگیریان لێدەکەن. بەڵام نەتەوەیەکگرتوەکان ڕاپەڕینی گەلی کوردی لە بەرژەوەندی خۆی نەزانی و ترسی هەبو کە دەستەڵاتی سەربخۆی کوردستان دروست بێت، هەر بۆیە مۆڵەتیان بە دەستەڵاتی ئێراق دا کە هێرش بکاتە سەر خەڵکی کوردستان.

دەستەڵاتی ئێراق لە ڕاگەیاندنەکانیدا هەڕەشەی کیمیابارانی گەلی کوردی کرد و پاشان لە پێش چاوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ١٩٩١/٤/١٥ بە فڕۆکە جەنگیەکانی کە فڕینیان لە لایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە لە باشوری کوردستان قەدەغەکرابو، شارەکانی باشوری کوردستانی بۆمبارانکرد و زیاتر لە دەهەزار کوردی لەو هێرشەدا کوشت. دەستەڵاتی ئێراق لەو هێرشەدا

ناوچەکانی کەرکوک و موسڵی داگیرکردەوە. کوردەکان لە ترسی کیمیاباران ڕویان لە ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان کرد. لەم کۆڕەوە زیاتر لە دو ملیۆن کورد ئاوارەی بەشەکانی تری کوردستان بون. دەستەڵاتەکانی تورکیە و ئێران سنورەکانیان بە ڕوی ئاوارەکاندا داخست و سەرتا نەیانهێشت کەس بەم سنورانەدا تێپەڕبێت. بۆیە خەڵکێکی زۆر لە برسان مردن و لە سەرمان ڕەقهەڵاتن. تەنانەت ژاندرمەری ئێران لە سنوری تەمەرچیانی نزیک شاری پیرانشار، هێرشی کردە سەر خەڵک و بە دەیان کەسیان کوشت و بریندارکرد. ژاندرمەری تورکیەش لە شارەکانی سڵوپی و شەمزینان، ئاوارەکانی کوردیان دایە بەر دەسترێژی گوللە و بەدەیان کەسیان کوشت و بریندارکرد. لەم کۆڕەوە دا بە سەدان کەس بە مین گیانیان لە دەستدا و پەککەوتە بون.

پاشان نەتەوەیەکگرتوەکان هێڵی قەدەغەی فڕینی ٣٦ پلەیان بۆ دەستەڵاتی ئێڕاق دیاریکرد تا فڕۆکەکانی نەتوانن لە ناوچەکانی هەولێر و دەهۆک و سلێمانی بفڕن و هاوکات ئەو ناوچانەی

باشوری کوردستان لە ژێر چاوەدێری نەتەوە یەکگرتوەکان دا مانەوە. هێڵی ٣٦ پلە ناوچەکانی کەرکوک و موسڵی لە خۆی نەدەگرت و بەم شێوەیە سێ یەکی خاکی باشوری کوردستان لە ژێر دەستەڵاتی ئێراق مایەوە.

کاتی ڕاپەڕینەکە سەرکردەی ڕێکخراوەکانی باشوری کوردستان لە ئێران دەژیان و پاش ئازاد بونی باشور، گەڕانەوە سەر حازری و چون یەکسەر ڕومەتی سەددام حوسێنیان ماچکرد و دەستکەوتەکانی ئەم ڕاپەڕینەیان ناشیاوانە فرۆشت.

پاشان پارلەمانێکی هاوبەشیان پێکهێنا کە تەنیا نوێنەری هێندێک لە ڕێکخراوە کوردەکانی تێدا بو. لە سەر کێشەی دەستەڵاتی چەوتی ڕێکخراوەیی پارلمانەکە سەری نەگرت و جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی کردیانە شەڕی براکوژی وزیاتر لە دەهەزار کوردیان بەدەستی یەکتر بەکوشت دا. پاش ٤ ساڵ شەڕی براکوژی، بارزانی و تاڵەبانی ئەم بەشەی کوردستانیان کردە دو پارچە و هەریەکەی پارلەمانی خۆی

دروستکرد. تاڵەبانی بە هاوکاریی دەستەڵاتی ئێران لە سلێمانی و بارزانی بە هاوکاریی دەستەڵاتی ئێڕاق لە هەولێر دەستەڵاتی خۆیان دروستکرد.

ئاشکرایە نەمانی سێبەری شومی داگیرکەر لە کوردستان جێگەی خۆشحاڵی و شانازی هەر کوردێکی تینوی ئازادی کوردستان بوە و هەیە، بەڵام شەڕی ناوخۆیی زیانێکی زۆری براکوژی و کۆچڕەوی هەندەرانی بۆ گەلی کورد بەدواوە بو و مێژوی ئەو حیزبە بە ناو کوردانەی کە ساڵەهایە زۆربەی یاساکانی دەستەڵاتی ئێڕاق لە کوردستان بەڕێوەدەبەن، ڕەشترکرد. پارتی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێبەرایەتی بنەماڵەی بارزانی و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە ڕێبەرایەتی بنەماڵەی تاڵەبانی، باشوری کوردستانیان کردە مەیدانی سیخوڕیی و چەتەگەریی دەستەڵاتەکانی داگیرکەری کوردستان. هەر جارە سوپای داگیرکەرێکی کوردستان بەم بەشەی کوردستاندا تێدەپەڕێت و بنەکەی خۆی لێدا دەمەزرێنێت. تەنیا ئەرتەشی کوردستان مافی هەبون و مانەوەی لە باشوری کوردستان نیە، ئەگینا داگیرکەران

لە پێکهێنان و مۆڵدانی سوپا و سیخوڕی خۆیان لە کوردستاندا سەربەستن. بۆ وێنە لە ١٩٩٦/٨/٣١ (٣١ ئاب) دا پاش ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان زانی لە گەڵ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان هەڵناکات و جێگای لە هەولێردانیە، داوای لە ئەنفالچیەکانی سوپای ئێراق و سەددام حوسێن کرد کە بە تانگ و سوپایەکەی لە هێرشکردنە سەر هەولێردا یارمەتیان بکات. لە ئاکام ئەو خەیانەتەی مەسعود بارزانی دا سەدان ڕۆڵەی کورد کوژران و ناوچەکانی هەولێر و سلێمانیش کەوتنە ژێردەستی سوپای ئێراق و بارزانیەکان. یەکیەتی نیشتمانی کوردستانیش لە خەیانەت دوری نەکرد و ناوچەی سلێمانی بە هاوکاریی سپای ئێران لە دەست پارتی دیموکراتی کوردستان دەرهێناو پڕیکرد لە سیخوڕی ئێران.



ئاڵای باشوری کوردستان

جێگای سەرسوڕمانە کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە بنەماڵەکانی بارزانی و تاڵەبانی بە دارودەستەکانیانەوە سەرمایەی خەڵکی کوردستان بەتاڵان دەبەن، بە بێ ئەوەی کە باکیان لە لێپرسینەوە هەبێت. بەجیاتی سەروسامان دان بە کوردستان، ڕکەبەرەکی دەکەن لە دراو گواستنەوە بۆ بانکەکانی داگیرکەرانی کوردستان و بانکەکانی تری جهان. باشوری کوردستانیان کردۆتە مۆڵگەی ئیسلامیە ڕەگەزپەرستەکانی تورک، فارس و عەرەب. داگیرکەران بەناوی ئاینی، فەرهەنگی، زانستی، سەربازی و بازرگانیەوە دەیان بنکەی سیخوڕیی و میشکشۆریان بۆ گەنجانی کورد کردۆتەوە. داگیرکەران بەناوی خوێندنی زانکۆیی دەورەی تایبەتی بە منداڵەکانی بەرپرسیارانی کورد دەدەن کە نەوەی دواڕۆژ و بەرپرسیارەکانی دواڕۆژ زۆربەیان سیخوڕی تورک و ئێران و ئێڕاق بن. دوڕێکخراوی دەستەڵاتداری باشوری کوردستان "پدک و ینک"یش بەشی دەیان پشتیان دراو ڕاگوێستی هەندەرانکردوە کە نەتیژەکانیشیان لە داهاتی دزی دەستی ئەوان بەهرەمەند دەبن.

جێگای زانینە کە ئەو پاڕلەمان و دەستەڵاتی هەرێمی کوردستانەی کە لە باشوری کوردستان دامەزرێندراوە و پارتی و یەکیەتی بەڕێوەیدەبەن تەنیا بۆ چاوپۆشی خەڵک و بە یاسایکردنی خۆیان و یاساکانیان بە سەر کوردستاندایە. ئەگەر گەلی کورد بۆخۆی دەستەڵاتێکی کوردستانی بەدەر لە پارتی و یەکیەتی دامەزرێنێت، ئەم دو ڕێکخراوە هەروەک لە مێژویاندا نیشانیانداوە، دەبنە داروەدستەی هەمو داگیرکەرانی کوردستان بۆ تێکدان و ڕوخاندنی وەها دەستەڵاتێک، ئەگەرچی دەستەڵاتەکە هەڵبژاردەی خەڵک بێت و بەرژەوەندیەکانی نیشتیمانیش زۆر باشتر لە پارتی و یەکیەتی بپارێزێت.



جەلال تاڵەبانی و مەسعودبارزانی

## ٢-٣٨. شۆڕشی گەلی کورد لە کوردستانی سۆر (سور) لە ساڵی ١٩٩٢

پاش شەڕی جیهانی یەکەم بەشێکی بچوکی خاکی کوردستان کەوتە بندەستی دەستەڵاتی ڕوسیە. هەروەها پاش هێرشی دەستەڵاتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٥ بۆ سەر باکوری کوردستان، بە دەیان هەزار کوردی یەزیدی (زەردەشتی) ئاوارەی کورستانی سۆر و وڵاتەکانی یەکیەتی سۆڤیەت بون. لە سەردەمی دەستەڵاتداری دەستەڵاتی سۆسیالیستی هەمو نەتەوەکانی یەکیەتی سۆڤیەت مافی نەتەوییان پەسەندکرا، بەڵام نەتەوەی کورد بە بڕیاری خودی ستالین وەک دۆم (قەرەج) ناسێندرا و لە ناو وڵاتانی یەکیەتی سۆڤیەت وەک ئەرمەنستان، گورجستان، ئازەربایجان، قەزاقستان و ڕوسیە دابەش دابەش کرا.

لە ساڵی ١٩٩٠ و پاش لێکهەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت زۆربەی نەتەوەکانی ئەم یەکیەتیە، سەربەخۆییان ڕاگەیاند. لەو کاتەدا کوردەکانی زەردەشتی کوردستانی سۆریش بە ڕێبەرایەتی

"وەکیل مستەفا" بۆ داخوازی مافی نەتەوەی کورد، ئەرتەشی گەلی کوردیان دامەزراند و سەربەخۆیی کوردستانی سۆریان ڕاگەیاند کە تێدا شاری"لاچین"یان وەک پایتەختی کوردستانی سۆر دیاریکرد. لە ساڵی ١٩٩٢ دەستەڵاتەکانی ئەرمەنەستان و ئازربایجان لە سەر داگیرکردنی خاکی کوردستانی سۆر شەڕیان هەڵگیرساند. دەستەڵاتی ئەرمەنستان داوای لە وەکیل مستەفا کرد کە کوردەکان ئەرتەشی خۆیان لە گەڵ دەستەڵاتی ئەرمەنستان لە دژی ئازەربایجان یەکبخەن. ئەو کاتە دوای سەرکەوتنیان، ئەرمەنستان مافی ئۆتۆنۆمی بە کوردستانی سۆر دەدات.

دەستەڵاتی ئازەربایجانیش لە ئاینی ئیسلام کەلکی وەرگرت و بە ناوی هاوئاینی و ناسینی مافی کوردەکان، پشتگیری کوردەکانی بەدەستهێنا و بەم جۆرە کوردەکانی موسڵمانی هەڵخەڵەتاند.

لە ئاکامدا لە سەر ئەوەی کام یەک لە دەوڵەتانی ئەرمەنستان و ئازربایجان زیاتر خاکی کوردستانی سۆر داگیربکات، شەڕێکی خوێناوی دەستی پێکرد و سێ ساڵی خایاند. لەو شەڕەدا بە

هەزاران کورد کوژران و بە دەیان هەزاریش بە ناچاری لە ناوچەکە کۆچبەر بون و کوردستانی سۆریان بەجێهێشت.
پاشان ئەرمەنستان و ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٩٥ لە سەر دابەشکردنی کوردستانی سۆر پێکهاتن و زۆرینەی کوردەکانی شۆڕشگێڕیان لە کوردستانی سۆر دەرکرد و ئاوارەی وڵاتانی قەفقازیە، ڕوسیە و ئەوروپایان کردن. بەم شێوە شۆڕشی سۆر شکستی خوارد و کوردستانی سۆرێش دیسان داگیرکرایەوە.



وەکیل مستەفا

## ٢-٣٩. ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکانی تری کوردستان لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ی زاینی

زۆر ڕاپەڕینی تری گەلی کورد هەبونە کە بە هۆی فشار و زۆرداری داگیرکەران تێکشکاون و نەیان توانیوە بە ئاستی نەتەوەییبون بگەن و بەربلاوتر بناسرێن. سەرکردەی ئەو ڕاپەڕینانە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە کوژراون یان لە سێدارە دراون. ناوی بەشێک لەو شۆڕشگێڕانە و ئەو شۆڕشانە ئەمانەن:

- باکوری کوردستان

سەرهەڵدانی بلْباس لە ساڵی ١٨١٨ی زاینی، میر بەدرخان بەگی بۆتان لە ساڵی ١٨٥٢ تا ١٨٥٥ی زاینی، سەرهەڵدانی حەککاری لە ساڵی ١٨٩٥، شۆڕشی یەزیدیەکان لە ١٩٢٠/٩/٢١ بە سەرۆکایەتی داود لداود و ڕەشە قولو.

- ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سەردار ڕەشید جوانڕۆ، جافر سوڵتانی هەورامان، مەلاخەلیلی میراوێی سەردەشت، گەڵباخیەکانی دیواندەرە، ڕاپەڕینی ئۆمەر پاشا لە ناوچەی سەردەشت لە ساڵی ١٩٣٤ تا ١٩٣٥.

- باشوری کوردستان

ڕاپەڕینی ڕەحمان پاشای بابان لە ساڵی ١٨٠٦ی زاینی، میرحەمەی ڕەواندزی (پاشا کۆرە) لە ساڵی ١٨٢٦ی زاینی، ڕاپەڕینی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ساڵی ١٩١١ تا ١٩١٢، ڕاپەڕینی شێخ سەعید بەرزەنجی لە دژی تورکەکانی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٣ تا ١٩١٤، ڕاپەڕینی گۆبان لە زاخۆ لە ١٩١٩/٤/٤، ئیبڕاهیم خانی دەڵۆ لە ١٩٢٠/٨/٢٢، ڕاپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزان لە ساڵی ١٩٢١ تا ١٩٣٢ی زاینی.



ڕەحمان پاشای بابان

# بەشی سێیەم

## ٣ – خاڵەکانی گرینگی جوگڕافیای کوردستان

### ٣-١. شوێنگەی کوردستان

کوردستان دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای قارڕەی ئاسیا و ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سنورەکانی بەم شێوەن:

لە باکور: ئازربایجان، ئەرمەنستان، دەریای ڕەش و تورکیە.

لە باشور: ئێران و کەنداوی مەدیا.

لە ڕۆژهەڵات: ئێران و دەریای خەزەر.

لە ڕۆژئاوا: ئێراق و سوریە.




کوردستان چوار ڕێگای دەریای هەیە، بەڵام داگیرکەران کوردیان لەو ناوچانە کۆچبەرکردونە و نەتەوەکانی تورک، فارس وعەڕەبیان نیشتەجێکردون.

## ٣-٢. ڕوپێوی خاکی کوردستان

خاکی کوردستان ٥٥٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشەیە و بەقەدەر خاکی وڵاتی فەڕانسە دەبێت. بەڵام تەنیا لە ٢٣٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشەی کوردستان گەلی کورد دەژیت.

ڕامیاری(سیاسەت)ی بە عەڕب، تورک و فارس کردنی کوردستان و ڕاگواستنی زۆرەملی و جێگیرکردنی نەتەوەکانی تورک، عەڕەب و فارس لە زۆر ناوچەی ستراتژی وەک کەرکوک، موسڵ، خانەقین، خارپیت، ئەرزین، ئەرزنجان، ئەرزڕۆم، تەپەی قازی( گازی تەپە)، حەڵەب، ورمێ، نەغەدە، میاندواو، هەمەدان، مەلایر، ئیلام، کرماشان، کۆهگیلۆیە، شاری کورد، دیزفول و خۆرستان (خوزستان) بۆتە هۆی چۆلکردن و شێواندنی نەخشەی کوردستان. ئەو ڕامیاریەیی داگیرکەران بەکردەوە تواندنەوە و بە ڕەچەڵەک سڕینەوەی کوردە لە کوردستان.

## ٣-٣. شارەکان و پارێزگاکانی گرینگی کوردستان

وڵاتی کوردستان لە ٣٨ پارێزگا و ٢٢٠ شار پێکهاتوە.
پایتەختی کوردستان شاری ئامەد(دیاربەکر)ە کە ژمارەی
دانیشتوانی لە ساڵی ٢٠١٣ بە یەک ونیو ملیۆن کەس
خەمڵێندراوە. گەورەترین شاری کوردستان کرماشانە کە ژمارەی
دانیشتوانی بە دو ملوێن کەس لەقەڵەم دراوە.

پارێزگاکانی کوردستان ئەمانەن

باکوری کوردستان (١٩ پارێزگا):

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئامەد | ئادیامان | ڕوحا | سێرت | گازی ئانتەب |
| مەرەش | مەلاتیە | خارپیت | بینگۆل | دەرسیم |
| ئەرزنجان | ئەرزڕۆم | موش | بتلیس | وان |
| بینگۆل | ئاگری | ئیخدر | حەککاری | |

ڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٠ پارێزگا):

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| سنە | ورمێ | کرماشان | لوڕستان | خۆرستان (خوزستان) |
| شاری کورد | ئیلام | کوهگیلویە | بەختیاری | کازرون (بوشەهر) |

باشوری کوردستان (٦ پارێزگا):

| | | |
|---|---|---|
| خانەقین | سلێمانی | کەرکوک |
| هەولێر | نەینەوا (موسڵ) | دەهۆک |

ڕۆژئاوای کوردستان (٢ پارێزگا):

| | |
|---|---|
| قامیشلو | حەڵەب |

کوردستانی سوڕ (١ پارێزگا):

| |
|---|
| لاچین |

## ٣-٤. سەرژمێری دانیشتوانی کوردستان

کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە و سەرژمێری نەتەوەی کورد کارێکی زۆر ئاسان نیە چونکە هیچکام لەو داگیرکەرانە لە بەر ئەوەی کە پێیان وایە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیان ناگونجێت، دان بە نەتەوەی کورد دانانێن و ژمارەیان لەوەی کە هەیە زۆر بەکەمتر دەنوسن.

بە گوێرەی ئەو سەرژمێریانەی کە تا ساڵی ٢٠١٢ی زاینی لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە کراون، نەتەوەی کورد بە ٢٥ ملیۆن کەس سەرژمێرکراوە. بێگومان سەرژمێری گەلی کورد زۆر لەوە زیاترە، چونکە بەشێک لە خەڵکی کوردستان نەیان وێراوە لە ترسی داگیرکەرانی کوردستان خۆیان بە کورد بنوسن یان ئەوەی کە داگیرکەران بەزۆر بە تورک، فارس یان عەرەبیان نوسیون. بەشێکی تریش بۆ ئەوەی پێیان نەڵێن تورکی کێوی و بە دواکەوتویان نەزانن خۆیان بە تورک نوسیوە. هێندێک بۆ ئەوەی لە کار، خوێندن و ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵنەبڕێن و بێبەش

نەکرێن و جیاوازی ڕەگەزی و ستەمی نەتەوەیان لێنەکەن خۆیان بە کورد نەنوسیوە.

لەو سەرژمێریانەی کە لەلایەن دەستگا کوردیەکانی وەک کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کراون، گەلی کورد بە ٤٢ ملیۆن کەس لەقەڵەم دراوە. دیارە ئەم سەرژمێریە بە خەمڵاندن کراوە، چونکە وڵاتی کوردستان داگیرکراوە و گەلی کورد تەنانەت مافی ئەوەی نیە کە سەرژمێری خۆشی بکات. سەرژمێری کوردەکان بەگوێرەی یەکیەتی وڵاتانی ئەوروپا لە ساڵی ٢٠١٣ بە ٣٢ ملیۆن کەس بەم شیوە لە قەڵەمدراوە:
باکوری کوردستان و تورکیە ١٥ ملیۆن کەس،
ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ٩ ملیۆن کەس،
باشوری کوردستان و ئێڕاق ٥ ملیۆن کەس،
ڕۆژئاوای کوردستان و سوریە ٢ ملیۆن کەس،
کوردستانی سۆر و وڵاتانی قەفقازیا و ڕوسیە ٤٠٠ هەزار کەس،
ئاڵمان ٣٠٠ هەزار کەس،
بریتانیا و ئیرلەند ١٠٠ هەزار کەس،

فەڕانسە ٦٠ هەزار کەس،

لوبنان ٥٠ هەزار کەس،

هوڵەند ٤٠ هەزار کەس،

ئاوستریا ٣٠ هەزار کەس،

سوئێد ٣٠ هەزار کەس،

سوئیس ٢٠ هەزار کەس،

ئیتالیا ١٥ هەزار کەس،

دانمارک ١٣ هەزار کەس،

یۆنان ١٢ هەزار کەس،

بلژیک ١٠ هەزار کەس،

نروێژ ١٠ هەزار کەس،

فینلەند ٥ هەزار کەس،

قیبریس ٤ هەزار کەس،

وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ٦٠ هەزار کەس،

ئوستڕالیا ٣٠ هەزار کەس،

میسر، عەڕەبستانی سعودی و کوەیت ١٥ هەزار کەس،

ئیسڕائیل ١٠٠ هەزار کەس.

### ٣-٥. ئابوری کوردستان

ژیانی ئابوری کوردستان بەشێکی زۆری بە کشتوکاڵ بەڕێوە دەچێت، چونکە کەش و هەوا و خاکی کوردستان بۆ کشتوکاڵ زۆر گونجاوە.

کوردستان وڵاتێکە لەسەر نەوت وەستاوە و لە بن زەوی هەر چوار پارچەی کوردستان چاڵی گەورەی نەوت پەیدادەبن کە مەزنترینیان لە باباگوڕگوڕی ناوچەی کەرکوکی باشوری کوردستانە.

جێگای ئاماژەیە کە ئابوری کوردستان تا ئێستا لەسەر ئەو نەوتە نەچەرخاوە و نەوت نەتەنیا نەبۆتە سەرمایە و سامانێک بۆ گەلی کورد، بەڵکو بۆتە هۆی سەرەکی داگیرکردنی ئەو نیشتمانە لەلایەن تورکیە، ئێران، ئێراق، سوریە، ئەرمەنستان و ئازەربایجانەوە.

ئاشکرایە کە نەوت لە وڵاتە عەرەبەکان بۆتە مایەی دەوڵەمەند بونیان، بەڵام لە کوردستان بۆتە هۆی چەوساندنەوەی گەلی کورد و کوشتار و مەرگی ئەم نەتەوەیە.
بێجگە لە نەوت لە کوردستان کانەی جۆراوجۆر هەن کە لە بەردەکانی ئەم کانانە تا ئێستا داگیرکەرانی کوردستان بە هەزاران تۆن ئاسن، زێڕ، مس، گرانیت و ... پاڵاوتوە.

جێگای زانستە کە ژێر زەوی کوردستان هەمو بەردێکی تێدایە کە دەکرێ بپاڵێورێت و کەلکی لێوەربگیرێت. دیارە داگیرکەرانی کوردستان هەردەم ئەو کارەیان کردوە و ئێستاش هەر لەسەری بەردەوامن و ڕۆژانە لە شاخەکانی کوردستان بە هەزارن تۆن بەردی بە قیمەت دەدزن و دەیکێشنەوە بۆ ناوخۆی وڵاتەکانی ئێران، ئێڕاق، تورکیە و سوریە.

جێگای ئامازەیە کە ئەوانە بەشێکن لە هۆیەکانی سەرەکی کە داگیرکەران لە داگیرکردنی کوردستان دەستهەڵناگرن و تێچونێکی یەکجار زۆری بۆ دەکەن و تەنانەت خوێنی نەتەوەی خۆشیانی بۆ

دەڕێژن. داگیرکەران باش دەزانن کە پاش ئەو هەمو شەڕ و کوشتار و تێچونەی دەیکەن، لە ئاکامدا قازانجێکی زۆرتر لە بەرهەمەکانی خاکی کوردستان وەردەگرن. هەربۆیە داگیرکەران نەیانهێشتوە زانست و تەکنۆلۆژی لە کوردستان پێشبکەوێت. تەنانەت لە هەمو لایەکەوە و بەهەمو جۆرێک لە پێشکەوتنی گەلی کورد ڕێگەدەگرن. داگیرکەران و نەیارانی کوردستان زیاتر بە زیندوکردنەوەی خێڵەکان، گرینگیدانی زۆر بە ئاینی ئیسلام، ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی مزگەوت، فەقێخانە، قوتابخانە و زانکۆی ئاینی، گەلی کورد مێشکشۆر دەکەن. هەروەها بە پەرەپێدانی مۆسیقای سوک و بێناوەرۆکی فارسی، تورکی و عەڕەبی و دور لە شارستانییەتی چاوەشان بۆ گەلی کورد کولتورسازی دەکەن. لەلایەکیتر بە بڵاوکردنەوەی ماددە بێهۆشکەرەکان، جگەرە، بێکاری و دامەزراندنی کەسانی دور لە پڕنسیب و ڕەوشتی مرۆڤایەتی لەسەر پۆستەکانی دەوڵەتی، روخساری ڕەسەنی دابونەریەتی کوردەواری دەشێوێنن.

## ٣-٦. چاڵە کانی نەوتی کوردستان

کوردستان لە بواری نەوت یەکێک لە وڵاتانی دەوڵەمەندی جیهانە و تا ئیستا دەیان چاڵی نەوتی تێدا لێدراوە. ناو و شوێنی هێندێک لە و چاڵە نەوتانە ئاوان:

* باکوری کوردستان
چاڵی ڕامانش- لە نزیک شاری باتمانە
چاڵی سێرت- لە نزیک شاری ئامەدە
جێگای زانینە کە لە ساڵی ١٩٥٤ ڕا دەستەڵاتی تورکیە نەوت لە و چاڵانە دەردەخا و دەیدزێت.

* ڕۆژئاوای کوردستان
چاڵی قەرەشوک- لە شارۆچکەی مالکیەی پارێزگای قامیشلویە.
چاڵی سۆری- لە باشوری چاڵی قەرەشوک هەڵکەوتوە.
چاڵی ڕۆمیلان- لە نزیک چاڵی سۆری هەڵکەوتەوە.

شایەنی نوسینە کە دەستەڵاتی سوریە لە ساڵی ١٩٨٠ ڕا ڕۆژانە ٥٢٠ هەزار بۆشکە نەوت لەو چاڵانە دەدزێت.

* باشوری کوردستان

چاڵی حەینزالە- لە باکوری ڕۆژئاوای موسڵ هەڵکەوتوە.

چاڵی بێتمە- لە نزیک شاری موسڵ هەڵکەوتوە.

چاڵی بابەگوڕگوڕ- لە نزیک شاری کەرکوکە کە تا ئێستا ١٥٠ بیری نەوتی تێدا لێدراوە و لە سەدا شەشی نەوتی جیهان لە چاڵی بابەگوڕگوڕە.

چاڵی بای حەسەن- لە باکوری ڕۆژئاوای شاری کەرکوکە.

چاڵی زەنبور- لە باشوری ڕۆژهەڵاتی کەرکوکە.

چاڵی نەوتخانە- لە باشوری شاری خانەقینە.

چاڵی شێوەشۆک- لە نزیک شارۆچکەی تەقتەقی سەر بە پارێزگای هەولێرە.

دوای ساڵی ٢٠٠٠ چەند چاڵەنەوتی تریش لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و دەهۆک دۆزراونەتەوە کە لەلایەن بنەماڵەکانی بارزانی و تاڵەبانیەوە هەرزانفرۆشکراون.

* ڕۆژهەڵاتی کوردستان

چاڵی ئاغاجاری- لە شاری ئاغاجاری هەڵکەوتوە و دەستەڵاتی ئێران بە ژێرزەویدا نەوتەکەی بە کاناڵ کێشی دەدزێت و لە پاڵێوگەی ئابادان دەری دەخات کە بەرهەمی ڕۆژانە زیاتر لە ١٠٠ هەزار بۆشکەیە.

چاڵی پازنان- لە سەر ڕێگەی نێوان شارەکانی بەهبەهان و ئاغاجاریە.

چاڵی گەچساران- لە شاری گەچساران هەڵکەوتوە.

چاڵی مەسجید سولەیمان- لە شاری مەسجید سولەیمانە.

چاڵی نەوتی سپی- لە باکوری ڕۆژئاوای شاری هەفتکۆل هەڵکەوتوە.

چاڵی نەوتی شا- دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای دامێنی چیای زاگرۆس.

دیارە بێجگە لەو چاڵانەی کە لە سەرەوە ناویان براوە، بە دەیان چاڵە نەوتی دەرنەخراویش هەن کە سود و قازانجی هەمویان دەڕژێتە گیرفانی داگیرکەرانی کوردستان. تەنانەت بە داهاتی

ئەو نەوتە، داگیرکەران چەک و تەقەمەنی دەکڕن و بۆ کوشتنی کورد و کاولکردنی نیشتمانەکەی بەکاردێنن. ئەگەر لە سەدا پەنجای داهاتی ئەو نەوەتە بۆ گەلی کوردستان بەکار هێندرابا، کوردستان دەیتوانی لە بواری پێشکەوتن لە ئاست وڵاتانی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیای جیهان ڕکەبەرەکی بکات.

## ٣-٧. کان

لە کوردستان بەسەدان کان(مەعدەن)ی جۆراو جۆر هەن کە داگیرکەران لە هەر چوار لاوە خەریکی دەرخستن و دزینی بەرهەمەکانیانن. بۆ وێنە کانەکانی مەڕمەڕ، ئاسن، زەڕینج، کرۆم، مەنگەنێز، گوگرد، ڕەساس، فۆسفات، مس، یورانیۆم، زێڕ، زێو، ئاڵماس و هتد.

## ٣-٨. سامانی ئاو لە کوردستان

کوردستان لە بابەت ئاوی شیرن زۆر دەوڵەمەندە و بە سەرچاوەکی گەورە وگرینگی ئاوی جیهان دەژمێردرێت. سامانی ئاوی ساڵانەی کوردستان بە هەزاران ملیۆن میتری سێگۆشە دادەنرێت. بەڵام بەشێکی هەرە زۆری بە خۆڕایی دەڕوات و دەڕژێتە کەنداوەکانی مەدیا، دەریای مەدیتەرانە و گۆلی خەزەر. ڕۆڵی ئاو لە جیهان ڕۆژ بەڕۆژ لە زۆر بون دایە و پێشبینیکراوە کە لە پێشەڕۆژدا ئاو زۆر لە نەوت گرانتر و گرینگتر دەبێت. پڕۆژەکانی گواستنەوەی ئاو لە باکوری کوردستان بۆ ئەوروپا و ئیسرائیل دەستی پێکردوە. هەروەها ئێران خەریکی گواستنەوەی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕا بۆ ناو قوڵای خاکی ئێرانە.

هەروەک مێژو نیشانی داوە کە داگیرکەرانی کوردستان و هاوپەیمانەکانیان ویستویانە گەلی کورد بە بڵێسەی ئاگری نەوتی چاڵاوەکانی کوردستان بسوتێنن، ئەگەر کورد وشیار نەبێت، وادیارە دەیان هەوێت لە پێشەڕۆژدا، ئەو گەلە لە ناو شەپۆلی ئاوەکانی وڵاتەکەیدا بخنکێنن.

## ٣-٩. گرینگترین ڕوبارەکانی کوردستان

درێژترین ڕوبارەکانی کوردستان فورات و دیجلەن. ڕوباری فورات کە درێژترین ڕوباری کوردستانە، لە سەرچاوەکەیەوە تا لەگەڵ ڕوباری دیجلە تێکەڵاو دەبێت ٢٨٠٠ کیلۆمیترە. درێژایی فورات لە ناوخاکی کوردستان نزیکەی ٢١٧٠ کیلۆمیترە. ڕوباری فورات لە چیاکانی باکوری کوردستانە ڕا سەرچاوە دەگرێت و لە تێکەڵاوی ڕوبارەکانی قەرەسو ٤٦ کیلۆمیتر و مورات ٦١٥ کیلۆمیتر پێکدێت.

ڕوباری دیجلە لە گراوی (گۆلی) گوڵچوک لە باکوری کوردستانەوە سەرچاوەدەگرێت و درێژایەکەی لە سەرچاوەکەی تا لەگەڵ ڕوباری فورات تێکەڵاو دەبێت ١٩٠٠ کیلۆمیترە کە ٨٤٧ کیلۆمیتری بە ناو خاکی کوردستاندا تێپەڕدەبێت.

## ٣-١٠. دارستانی کوردستان

نزیکەی ١٠%ی زەوی کوردستان لە دارستان و جەنگەڵ پێکهاتوە. لە و دارانە ٦٥% لە خێزانی داربەڕو، ٢٠% لە خێزانی دارەبەن، ٥% لە خێزانی دار چەقالە و ئەوەی تریش لە داری جۆراوجۆرای وەکو هەنجیر، تو، هەنار، چنار، سنەوبەر، ترش و... پێکهاتونە.

## ٣-١١. بەرزترین چیاکانی کوردستان

کوردستان چیای زۆربڵیندی بە بەرزایی ٥٠٠ تا ٥٠٠٠ میتر لەسەر ئاستی دەریاوە هەیە. بەشێک لە چیا بەرزەکانی کوردستان ئەمانەن:

| | |
|---|---|
| ئاگری گەورە (ئارارات) ٥١٣٧ میتر، لە نزیک شاری ئاگریە | کێوە زەرد (زەرد کوە) ٤٥٤٨ میتر، لە ناوچەی لوڕستانە |
| دینار ٤٤٠٩ میتر، نزیک شاری دێهلۆڕانە | تەپێ ڕەشکۆ ٤١٣٤ میتر، نزیک شاری حەککاریە |

| | |
|---|---|
| سیپان ٤٠٥٨ میتر | وشترانکێو ٤٠٥٠ میتر |
| ئاگری گچکە ٣٨٩٦ میتر | مۆر ٣٨٠٧ میتر |
| سامری ٣٧٩٤ میتر | قەرەداغ ٣٧٥٢ میتر |
| باشتەق ٣٦٨٤ میتر | سپیرین ٣٦٦٨ میتر |
| ئەندروک ٣٦٦٠ میتر | گەرین ٣٦٤٥ میتر |
| بەردەڕەش ٣٦٠٨ میتر | دەردەڕەش ٣٦٠٨ میتر |
| سومبول ٣٦٠٧ میتر | هەڵگورد ٣٦٠٧ میتر |
| سیاکێو ٣٥٧٨ میتر | مورات باش ئالاداغ ٣٥١٠ میتر |
| قەندیل ٣٤٥٢ میتر | شاهۆ ٣٣٩٠ میتر |
| پەرۆ ٣٣٥٧ میتر | و ... |

## ۳-۱۲. مەودای پلەی گەرمایی ساڵانە لە کوردستان

لە کوردستان بە گشتی بەرزی گەرمایی ٤٠ پلە سەرەوەی سفرە و نزمی سەرماش ۳٠ پلە ژێر سفرە. کوردستان وڵاتێکی چوار وەرزییە و هەر وەرزەش سێ مانگ دەخایەنێت. وەرزەکان بریتین لە بەهار، هاوین، پایز و زستان. باشور و ڕۆژئاوای کوردستان گەرمەسێرترن لە باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. باکور وڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کوێستانترن لە باشور وڕۆژئاوای کوردستان.

## ۳-۱۳. ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان

ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان لە ساڵی ۲٠۱۳ نزیک بە لە سەدا سی و پێنج خەمڵێندراوە کە لە هەمو وڵاتانی دەوروبەری خۆی زیاترە. هۆی ئەو نەخوێندەواریە لە لایەک دەگەڕێتەوە سەر ژێردەستبونی کوردستان و لەلایەکیتر داگیرکەران لە بەر بەرژەوەندی ڕامیاری و ئابوری خۆیان، گرینگیان بە خوێندەواری

لە کوردستان نەداوە. داگیرکەرانی کوردستان نەیانویستوە کورد لە هیچ بوارێک پێشکەوێت و ناسنامەی خۆی و مافە سەرەتاییەکانی خۆی بناسێت. دوژمنان دەیانەوێت کە کورد هەر نەزان و نەخوێندەوار بێت بۆ ئەوەی هەر لە ژێر دەستی ئەواندا بمێنێتەوە. تەنانەت خوێندنی سەرەتایی لە زۆربەی وڵاتان بە زمانی زگماکیە (دایکیە) بەڵام لە زۆربەی چوارپارچەی کوردستان خوێندن بۆ منداڵان هەر لەسەرەتاییەوە بە زمانی داگیرکەرانە.

شایەنی باسە لە کوردستان تەنانەت بەزمانی داگیرکەرانیش هەمو کەس دەرفەتی خوێندنی پێنادرێت. داگیرکەرانی کوردستان بەجێی خوێندن و پێشکەوتن، زیاتر گرینگی دەدەن بە شەڕ و هاڵۆزی ناوخۆی کوردستان و بەجێی تەکنۆلۆژیا و زانست، چەک و تەقەمەنی بۆ وێرانکردنی کوردستان بەرهەم دێنن.

## ٣-١٤. کشتوکاڵ

کوردستان لە بواری کشتوکاڵ دەوڵەمەنترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. هەمو جۆرە دانەوێڵەیەک وەکو گەنم، جۆ، برینج، نۆک، ماشە، نیسک، لوبیا و ... لێ بەرهەمدێت. لە میوە و سەوزی زۆر دەوڵەمەندە و میوەی وەکو هەرمێ، سێو، ترێ، قەیسی، هەنار، ئالوبالو و... سەوزی وەکو پیواز، تەماتە، کەوەر، سپیناغ و ... لێشیندەبێت.

## ٣-١٥. ئاژەڵ

کوردستان لە بواری ئاژەڵداریی دەوڵەمەندە و ئاژەڵی وەکو یەکسم (ئەسپ، ئێستر، گوێدرێژ)، ماڵات (مەڕ، بزن، مانگا، گامێش، ئاسک، بەراز) و... دەتوانن تێیدا بژین.
زۆر پەلەوەری جۆراوجۆر وەک مریشک، مراوی، قاز، قەل، کۆتر، کەو، چوێلەکە و ... لە کوردستان دەژین.

## ٣-١٦. نەتەوەی کورد

نەتەوەی کورد بە کرمانج، سۆران، لوڕ، کەڵهوڕ، بەختیاری، گۆران، زازا و هەورامی دەگوترێ. بە هۆی قەدەغەبونی خوێندن بە زمانی زگماکی، زاراوەکانی کوردی لێکدور کەوتونەتەوە بەڵام هەرکوردێک تا ڕادەیەک هەوڵبدات بە ئاسانی لە زاراوەکەی تر تێدەگات و دەتوانێ بەکاری بێنێت. دیارە لە ناو زۆربەی نەتەوەکانی تری جیهان زاراوەی جۆراو جۆر هەن کە خەڵکەکەیان تەنانەت لە یەکتریش تێناگەن بەڵام زمانی فەرمی و خوێندنیان یەک زمانە. لە ناو زۆر نەتەوەشدا پسپۆڕانی زمانزان کۆبونەتەوە و زمانێکی یەکگرتوی نەتەوەییان پێکهێناوە. ئەوکارە بۆ کوردیش زۆر گونجاوە و دەکرێت لە پێشەڕۆژ کورد کە سەربەخۆیی بەدەستهێنا، زمانێکی یەکگرتوی کوردی بۆ نوسین وخوێندن بەکاربهێنێت. بۆ شێوازی نوسین چونکە شێوازی لاتینی ناونەتەوەییترە و لەگەڵ ژیانی سەردەم گونجاوترە، بۆیە وا باشترە کە لەپێشەڕۆژ پیتی لاتینی واتە پیتی کرمانجی بەکار بهێندرێت.

کورد بە شێوازی پیتی لاتینی دەتوانێت خۆی زیاتر لە گەڵ گەلە پێشکەوتوخوازەکانی جیهان نزیک بکاتەوە. لە لایەکی تر زانستەکانی جیهانیش زیاتر بە لاتین نوسراون تا بە پیتی ئارامی.

جێگای ئاماژەیە کە نەتەوەی ئاسوری و سوریانی خۆیان بە کوردستانی دەزانن و نزیک لە سەدا دوی دانیشتوانی کوردستان پێکدێنن.

# بەشی چوارەم

## ٤- ئاینەکانی کوردستان

ئاین دیاریدەیەکی دروستکراوی دەستی مرۆڤە بۆ بە دەستهێنانی خواست و ویستەکانی خۆی. مرۆڤ بە درێژای مێژو ویستی دەستەڵاتداری و دەوڵەمەندبونی تێدا هەبوە و ئەم ویستەی بە شێوازی جۆراوجۆر وەک خوایەتی، پەیامبەری، ئیمپڕاتۆڕی، پاشایەتی و ڕامیاری بە سەر کۆمەڵگەی دەوروبەری داسەپاندوە. زۆر جار ئەو دەستەڵاتانە تەواوکەر و زۆرجاریش بە تەواو پێچەوانەی یەکتری بون، بەڵام هەرهەمویان بۆ بەدەستخستنی دەستەڵات، سەرمایە و ژن بونە. خوا لە زۆر شوێن شتێکی دیتراو وەک مرۆڤێک و لەزۆر ئاینیشدا نەبیندراوە. هەر کۆمەڵگەیەک بەگوێرەی پێداویستیەکانی سەروسامانی بە خولایان و پەیامبەرانی داوە. لە ئاکام دا سەدان خولا و پەیامبەر دروستکراون کە هەمویان لەگوێرەی بەرژەوەندی دەستەڵاداران پێکهاتون و هیچکامێکیان لە گەڵ ڕاستی و زانستی مرۆڤایەتی

ناگونجێن و زۆریش ناکۆکن. لێردا کوردیش بەشی خۆی خولاّ و پەیامبەری هەنە کە لە کردوە و فەلسەفەدا زۆر ناکۆکن. ئەوەی جێگای سەرنجە کە نەتەوەکانی تری جیهان و دراوسێکانی کورد هەمویان بۆ دەولّەمندبون و ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لە ئاینەکان کەلکیان وەرگرتوە، بەلاّم کورد بە پێچەوانەی هەمو نەتەوەیەک، ئاینی لێبۆتە بەلاّ و بۆتە هۆی ئەوەی کە کورد هەست بە ناسنامەی خۆی کە کوردستانی بونیەتی نەکات.
زۆرینەی کورد تەنیا بەنێو کوردە، ئەگینا لە کردوەدا ڕۆژانە ١٧ جار کڕوشمدەبا بۆ عەرەب. بەتایبەت کوردی موسڵمان، ناسنامەی عەرەب، فارس و تورکی بەتەوای پەسەندکردوە و بە کردەوەش بەرێوەی دەبا، بەبێ ئەوەی کە هەست بەم تاوانە مەزنە بکات کە دژی خۆی دەیکات.

من لام وایە ئەگەر لێپرسینەوەیەک لە دنیایەکیتر هەبێت، هەمو ئەو کوردانەی کە کولتوری عەرەبیان بەناوی ئاینی ئیسلام پەسەندکردوە، دەدرێنە پای لێپرسینەوە و گەورەترین سزایان پێدەدرێت کە خۆیان قەت نەیانخەملاّندبێت.

### ٤-١. گەمی نوح

زۆربەی پەڕتوکەکانی ئاینی باس لە گەمیەکەی نوح و بە سەرهاتەکەی دەکەن کە نوح داوای لە خەڵکانی ئەو سەردەمی خۆی کردوە لە گەندەڵکاریی وازبێنن بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لە ئاشتی و تەبایی دابێت و هەمو مرۆڤەکان بە یەکسانی و ئاسودەیی بژین. نوح لە خەباتەکەیدا سەرنەکەوت و بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە خەراپکار بسڕێتەوە، گەمیەکی گەورەی دروستکرد و باوەڕپێکراوانی خۆی و لە هەر ئاژەڵێک نێر و مێیەکی خستە ناو ئەو گەمیە. پاشان داوای لە خوا کرد لافاوێکی جیهانی هەستێنێت کە هەمو گەندەڵکاران تێیدا بخنکێن. دوای لافاوەکە ئەو کەشتیە بۆماوەیەک لە ناو ئاودا مایەوە و پاشان لە سەر چیای جودی هەڵکەوتو لە باکوری کوردستان لەنگەریگرت. بەم جۆرە خەڵکانی باش لە دەست خەراپکاران ڕزگاریان بو.

جێگای پێزانینە کە لێکۆڵەرانی پسپۆڕ پاشماوەی گەمیەکەی نوحیان دۆزیوەتەوە کە درێژاییەکەی ١٧٠ و پانایيەکەی ٤٥ میتر

بوه . توێژەران مێژویی ئەو گەمیە دەگەڕێننەوە بۆ نزیک سەد هەزار ساڵ پێش.

گڵکۆی نوح (بە بەرینایی ٢ میتر و درێژایی ٩ میتر) لە شاری جزیری باکوری کوردستانە و دەکەوێتە داوێنی چیای جودی. ئەگەر ئەم گڵکۆیە لە هەرشوێنکی جیهان بوایە، دەبو بە گەورەترین پیرۆزگا بۆ هەمو خەڵکانی جیهان. بەڵام داگیرکەرانی کوردستان نەیانهێشتوە و نایانەوێت کە شارێک لە کوردستان ببێتە پیرۆزگایەکی گەورەتر لە مەککە و کەربەلا و ئورشەلیم. نەشیان توانیەوە کە چیای جودی یان گڵکۆی نوح بگوێزنەوە بۆ ناو وڵاتی خۆیان، ئەگینا ئەم کارەیان دەکرد.



چیای جودی ( شوێنی جێگیربونی گەمی نوح )



چوارچێوەی گەمی نوح

## ٤-٢. ئاینی زەردەشت

ئاینی زەردەشتی بە کۆنترین ئاینی نەتەوەی کورد ناسراوە و سەرەتای پەیدابونی بۆ نزیک هەزار ساڵ پێش ئاینی کریستیانی (٣٠٠ ساڵ پێش نەورۆزی کاوە) دەگەڕێتەوە. زەردەشت لە ناوچەی ورمێ (شاری سەردەشت) و لە بنەماڵەیەک بە ناوی سپی تاما لە دایک بو. سپی تاما لە زمانی ئاوێستایدا مانای تەواو سپی، تەواو ڕاستی و تەواو دروستی دەدات. ئەو بنەماڵە ناوی کوڕەکەیان نابو ئاشۆ زەردەشترا سپی تاما. وشەی ئاشۆ لە ئاشتیەوە هاتوە. زەردەشت هەر لە منداڵیی ڕا زۆر وشیار بو و لە تەمەنی ٣٠ساڵیڕا خۆی لە خەڵک دورخست و خەریکی خۆپێگەیاند و فێربون بو. بە بیرکردنەوەی فەلسەفیانە پێڕەو و بەرنامەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی لە ڕوانگەی ئاینی داڕشت.

زەردەشت بۆ یەکەمجار لە تەمەنی ٤٠ ساڵی لە کەنار ڕوباری ئاراس خەڵکی بۆ سەر ئاینی زەردەشتی بانگێشتکرد و موژدەی ئاهورامەزدا (خوا)ی بۆ گەلی مەدیا وەکو گاتا هێنا.
ڕوباری ئاراس لە چیاکانی نێوان باکوری کوردستان و کوردستانی سۆر دەستپێدەکات و بەسەروی سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا تێپەڕدەبێت و دەڕژێتە دەریای خەزەر. (ڕوباری ئاراس سنوری دەستکردی داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان واتە تورکیە، ئەرمەنستان، ئازربایجان و ئێران پێکدێنێت).

دوای ئەوەی کە زەردەشت ناوبانگی دەرکرد، گەلانی مەدیا و پارس باوەڕیان بە ئاینی زەردەشتی هێنا. زەردەشت بۆ ناساندنی ئاینەکەی ڕوی لە پاشا گشتاسب (ڤیشتاسپ پاشا) کرد. وڵاتی گشتاسب خاکی ئێران و هەر چوار پارچەی کوردستانی ئەمڕۆی لە خۆی دەگرت.

پاشای گشتاسب ئاینی زەردەشتی پەسەندکرد و زەردەشت لە سەر ناساندنی ئاینەکەی خۆی بەردەوام بو تا لە شەڕی نێوان

ئەرجاسب پاشای وڵاتی تۆران (تورک و ئازەریەکانی ئەمڕۆ) و گشتاسبدا بەشداریی کرد و لەم شەڕەدا بە دەستی ئەرجاسب کوژرا.

زەردەشت دوای ٣٧ ساڵ تێکۆشان بۆ بڵاوکردنەوە و ناساندنی ئاینەکەی لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا کوژرا.

لە ڕوانگەی ئاینی زەردەشتی جیهان لە دو هێزی ڕوناکی و تاریکی پێکهاتوە. ئەو دو هێزانە بە بەردەوامی لەگەڵ یەکتر لە شەڕدان و جیهانیان لە نێوان خۆیان دابەشکردوە. سەرکردەی ڕوناکی ئاهۆرامەزدایە و بەشی تاریکیش ئەهریمەنە. بەپێی ئەم ئاینە ئاهورامەزدا حەوت فرشتە و ئەهریمەنیش سێ فریشتەی هەیە.

لە ئاینی زەردەشتی دا گیان لە ناو ناچێت و دوای مردن بۆ ماوەی سێ شەو و ڕۆژ هەست بەخۆشی و ناخۆشی دەکات. ئینجا بەرەو ڕوی دادگا و لێپرسینەوە دەبێتەوە و لە بەردەم سێ دادوەر

دادگایی دەکرێت. لەم دادگایەدا چاکە و خراپەی مرۆڤ دەخرێتە تەرازووەوە و بڕیاری لە سەر دەدرێ. ئەگەر چاکەکانی مرۆڤ زیاتربن، گیانی لە ڕوناکی و خۆشی دا دەمێنێتەوە و ئەگەر خراپەی زیاتربن، گیانی لە تاریکی و ناخۆشیدا دەمێنێتەوە. ئەگەر بێت و چاکە و خراپەی یەکسان بن، گیانی ئەو کەسە، خۆشی و ناخۆشی دەبینێت.

لە ئاینی زەردەشتی بۆ ئەوەی گیان بە بەرزترین پلە و پایە بگات، دەبێ مرۆڤ بە سێ قۆناغی"بیری چاک، وتەی چاک و کردەوەی چاک" دا تێپەڕێت.

شایەنی باسە کە ئاینی هەمو نەتەوەی کورد سەرەتا زەردەشتی بوە بەڵام دوای داگیرکردنی کوردستان، سوپای داگیرکەری عەڕەب بە زەبری شمشێر و خوێن ڕشتن و کۆمەڵکوژی، توانیان فەرهەنگی خۆیان بە ناوی ئیسلام بە سەر گەلی کورد دا بسەپێن. وشەی ئیسلام لە تەسلیم بونەوە هاتوە کە بە کوردی دەبێتە سەرشۆڕیی و ملکەچیی. هەر تاکێک کە لە بەرانبەر سوپای عەڕەبەکان خۆی

بەدەستەوە نەدابا و سەری کڕنۆش و سوجدەی بۆ نەبردبان، بە ناوی کافر و گاور زیندەبەچاڵ و بەردباران دەکرا.

پەڕتوکی ئاینی زەردەشتیەکان ناوی"ئاوێستا"یە کە بەزمانی ئاوێستا واتە زمانی کوردی ئەو سەردەمە نوسراوە. نوسراوەکانی ئاوێستا وەکو گاتا ناویان نراوە. گاتا لە وشەی گوتنەوە هاتوە. گاتاکانی زەردەشت، یانی گوتنەکانی زەردەشت.

جێگای ئاماژەیە کە لە ئاینی زەردەشتیدا هیچ سنوربەندیەک بۆ مرۆڤ دیارینەکراوە و لە چوارچێوەیەکدا نەبەستراوەتەوە. زەردەشت ڕێگای پێشکەوتنی لە خەڵک نەگرتوە و ڕێنوێنی هیوابەخشی بە باوەڕپێکراوەکانی داوە. پەڕتوکی ئاینی ئاوێستا هەرگیز باس ناکات چ بخۆ و چ مەخۆ، چ دەبەرکە و چ دەبەر مەکە. ئاوێستا یەکسانیخوازانە باسی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات و ژن و پیاو وەک یەک دەبینێت و مافەکانیان یەکسان هەڵدەسەنگێنێت. واتە لە هاوسەرییدا هەر تاکێک تەنیا مافی هەبونی یەک هاوسەری هەیە و هاوسەرەکان خاوەن مافی یەکسانن.

زۆربەی شوێنە ئاینی و مێژویەکانی زەردەشتی لە لایەن موسڵمانەکان تێکدراون و سوتێندراون. لە کوردستان زۆر جار شوێنەواری مێژویی دەدۆزرێنەوە، بەڵام داگیرکەران بە خێرایی زێڕەکان و شتە بەنرخەکان دەدزن و شوێنەوارەکان تێکدەدەن. بۆ وێنە لە شاری سەردەشت کە بە پایتەختی ئاینی زەردەشت ناسراوە، تا ئێستا چەندین جار شارۆچکە و شوێنەوار و پەیکەری مێژویی دۆزراونەتەوە، بەڵام دەستەڵاتی ئێران شوێنەونی کردون و دزیونی.

ئەو دو مومیایانەی کە لە نزیک شاری سنە لە ساڵی ٢٠٠٨ دۆزرانەوە(سەیری وێنەی خوارەوەکە) یەکێکیان زەردەشت و ئەوەی تریان گەشتاسب بوە، بەڵام ئێران بێسەروشوێنی کردن و وەک هەمو سەرمایەکانی تری کوردستان بەتاڵانی بردن.



هێندێک لە شوێنەوارە مێژویەکانی زەردەشتیی کە تا ئێستاش ماون ئەمانەن:

ـ تەپکی نەوشیگیان ( نەوشی جان تەپە) کە دەکەوێتە ٦٠ کیلۆمیتری باشوری هەمەدان و ٢٠ کیلۆمیتری ڕۆژئاوای شاری مەلایر. درێژایەکەی ٨٠ میترە، پانایەکەی ٣٠ میترە و بڵندایەکەشی ٣٧ میترە.

ـ تەپکی بابەگیان (بابا جان) کە لە سەد کیلۆمیتری باشوری ڕۆژئاوای تەپکی نەوشی گیان هەڵکەوتوە.

لە هەردوک شوێنەوارەکەدا بەدەیان ئاگردان دروستکراون، چونکە ئاگر لە ئاینی زەردەشتیدا هێمای پیرۆزی و جوانییە.



ئەم وێنەی زەردەشت زۆر وەک ئەو مۆمیایە دەچێت کە  لە ساڵی ٢٠٠٨ لە نزیک شاری سنە دۆزرایەوە و لەلایەن داگیرکەری ئێران بێسەرو شوێنکرا.

## ٣-٤. ئاینی جو

پەیامنێر موسا لە چەرخی ١٤ی پێش زاین لە نێو خەڵکی ئورشەلیم دەستی بە بڵاوکردنەوەی ئاینی جو کرد و پەڕتوکی ئاینی تەوراتی بۆ خەڵک بە دیاری هێنا.

پەیدابونی ئاینی جو لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆساڵی ٥٨٧ی زاینی کە سوپای بابلیەکان بە سەرکردایەتی"ئەبوخودنەسەر" ژمارەیەک لە جولەکەکانی ئورشەلیمی لە شەڕدا بەدیل گرتن و بۆ بابلی بردن. لە بابلەوە هێندێک لەو جولەکانە هاتنە کوردستان و تێکەڵاوی خەڵکی ناوچەکە بون. پاش دروستبونی دەستەڵاتی ئیسرائیل بەشێکی زۆر لەو جولەکانەی کە لە کوردستان دەژیان و لەوێ لەدایک ببون، گەڕانەوە ئیسرائیل. ئەو جولەکانەی گەڕاونەتەوە بۆ ئیسرائیل لەسەر دۆزی کورد تا ئێستا بێ هەڵوێست بونە.

## ٤-٤. ئاینی کریستیان (فەلە)

پەیامنێر عیسا لە کچێکی شونەکردو بەناوی مریەم لە شاری بەیتولەحم لە دایک بو و لە سەر بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی لە تەمەنی ٣٣ساڵی لە خاچدرا.

ئاینی کریستیان لە ڕێگای خێڵی حەوارییەکانەوە لە کوردستان بڵاو کرایەوە. بۆ وێنە لە شارەکانی ڕوحا و دیانان کە نێوەکانیشیان لە ئاینەکەوە هاتوە، ئاینی کریستیان بڵاو بۆتەوە و لایەنگری پەیداکردوە.

پەڕتوکی کریستیانەکان ناوی ئینجیلە کە لە زمانی کوردیدا واتای مزگێنی دەدات. نزیکەی سەدا دەی دانیشتوانی کوردستان کریستیانن و ئاسوری و سوریانەکان بەشێکن لە کریستیانەکانی کوردستان.

## ٤-٥. ئاینی ئیسلام

حەزرەتی محەممەد (درودی خوای لێبێت) هەر لە تەمەنی گەنجیەوە لەکاروانچیەتی و بازرگانی سەرکەوتنی باشی بەدەستهێنا و ئینجا بیری دەستەڵاتخوازی و سەرمایەداری لا دروست بو. پاش کۆکردنەوەی ڕەشوڕوتێکی زۆری عەڕەب و کڕینەوەی هەزاران کۆیلە، توانی سوپایەکی بەهێزی تۆقێنەر پێکبێنێت. هەرکات سوپاکەی حەزرەتی محەممەد (درودی خوای لێبێت) هەڵیکوتابا سەر هەر کاروانێک و هەر ناوچەیەک تێکی دەشکاند. چونکو ئەسحابەکانی حەزرەتی محەممەد (درودی خوای لێبێت) ئیزنی کوشتن و تاڵانکردنی هەمو مرۆڤێکیان پێدرابو. بۆ هەر ناوچەیەک یان شارێک هێرشیان کردبا، خەڵکیان لە گۆمی خوێندا دەگەوزاند و هەرکەس لە بەرانبەریاندا خۆی بەدەستەوەنەدابا دەیانکوشت. لە ئاکامدا ئەو سوپایە توانی بەسەر زۆربەی هێزەکانی ناوچەی مەککە و مەدینەدا سەرکەوێت و خۆیان بەسەردا بسەپێنێت. حەزرەتی محەممەد (درودی خوای لێبێت) پاش بەدەستهێنانی دەستەڵات و سەرمایەی هۆزەکانی

حیجاز(عەڕەبستان)، بۆ پتەوکردنی دەستەڵاتەکەی بەناوی ئاینی ئیسلام، توانی بیرۆکەی شەڕ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی دامەزرێنێت. هەر کەس لە بەرانبەر سوپاکەی حەزرەتی محەممەد(درودی خوای لێبێت) خۆی بەدەستەوەنەدابا، لە ڕێگای ئەڵڵا دا دەیانکوشت.

وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّـهِ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّـهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ.

بکوژن لەڕێ ئەڵڵا دا، چاک بشزانن کە ئەڵڵا بیسەر و زانایە (سورەی البقره[مانگا] ئایەتی ٢٤٤).

موسڵمانان پەڕتوکی پیرۆزی قورئانیان پێ بەنرخترین نوسراوەی جیهانە و لایان وایە کە هیچ ناکۆکیەکی تێدانیە، هەروەک ئەڵڵا خۆشی دەڵێت:

أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخْتِلَٰفًا كَثِيرًا

ئەوە بۆ چاک لەم قورئانە ڕانامێنن، ئەگەر لەلایەن هەرکەسێک بێجگە لە ئەڵڵاوە بوایە، بێگومان گەلێک ناکۆکی ئالۆزیان تێدا دەدۆزیەوە(سورەی النساء، ئایەتی ٨٢).

دیاره هەر دەستەڵاتدارێک هاتوە قورئانی بە شێوازی بەرژەوەندی خۆی شیرۆڤە(تەفسیر)کردوە، چونکە شیرۆڤەگەران زانیویانە کە ئەگەر دەقی قورئان وەک خۆی وەرگێڕدرێت، پڕیەتی لە ناکۆکی. لێرەدا بۆ ناسینی ئاینی ئیسلام چەند ناکۆکی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز هەڵدەسەنگێنین:

خَلَقَ ٱلۡإِنسَـٰنَ مِنۡ عَلَقٍ

مرۆڤی لە پارچە خوێنێک بەدیهێنا (سورەی العلق، ئایەتی ٢).

خَلَقَ ٱلۡإِنسَـٰنَ مِن نُّطۡفَةٖ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٞ مُّبِينٞ

مرۆڤیشی لە نوتفەیەک بەدیهینا، کەچی خێرا دوژمنێکی ئاشکرایە (سورەی النحل، ئایەتی ٤).

وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَـٰنَ مِن صَلۡصَـٰلٖ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ

بێگومان ئێمە مرۆڤمان لە قوڕێکی وشکبوی ڕەشی بۆگەنیو دروستکرد (سورەی الحجر، ئایەتی ٢٦).

خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ كَٱلۡفَخَّارِ

مرۆڤی لە گڵێکی وشکبوی وەکو سواڵەت دروستکرد (سورەی الرحمن، ئایەتی ١٤).

وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ مِنَ ٱلۡمَآءِ بَشَرٗا فَجَعَلَهُۥ نَسَبٗا وَصِهۡرٗاۗ وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرٗا

هەر ئەویشە کە مرۆڤی لە ئاو دروستکرد، ئەوسا کردنی بە توخم و تۆرە و ڕەگەز، ژن و ژنخوازی، پەروەردگاریش هەمیشە بە توانایە (سورەی الفرقان، ئایەتی ٥٤).

وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ إِذَآ أَنتُم بَشَرٞ تَنتَشِرُونَ

لەنیشانەکانیشیەتی ئەوەی کە ئێوەی لە گڵ دروستکردوە، پاشان ئێوە لەپڕدەبنە مرۆڤ و بڵاودەبنەوە (سوڕیی الرم، ئایەتی ٢٠).

أَلَمۡ نَخۡلُقكُّم مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ

ئایا ئێوەمان لە ئاوێکی بێ بایەخ دروست نەکرد (سورەی المراسلات، ئایەتی ٢٠).

فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ
خُلِقَ مِن مَّآءٖ دَافِقٖ
يَخۡرُجُ مِنۢ بَيۡنِ ٱلصُّلۡبِ وَٱلتَّرَآئِبِ

دەسا با مرۆڤ وردبێتەوە کە لە چی دروستکراوە. لە ئاوێکی بازرقەبەس(بە توندی هاتنەخوار) دروستکراوە. کە لەنێوان بڕبڕی پشت و قەفەسەی سینەوە دێتەدەر (سوڕەی الطارق، ئایەتەکانی ٥،٦،٧).

گەلۆ ئەڵڵا دەبێ مرۆڤی لە چی دروستکردبێت، لە ئاو، گڵ، قوڕ، نوتفە، یان خوێن؟ ئەم هەمو ناکۆکیانە سەرەوە چنە؟ گەڵۆ ئێمە لەپڕ دەبێنە مرۆڤ و پاشان بڵاودبینەوە؟ ئەرێ ئەمە زۆر لە ڕاستی دور نیە؟ دروستبونی مرۆڤ لە ئاوی نێوان بڕبڕەی پشت و قەفەسەی سینگ زۆر ناکۆکە لە گەڵ زانستی پزیشکی ئەمڕۆ؟ کەواتە پێویستە مرۆڤ بیربکاتەوە و ڕاستیەکان ببینێت؟

هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ.

هەر ئەو خودایە ئەوەی لەم سەر زەوییدایە، تێکڕا بۆ ئێوەی دروستکردوە، پاشان خواست و ویستی، ڕویکردە ئاسمان، حەوت ئاسمانی بەدیهێنا، هەر ئەویشە کە ئاگای لە هەمو شتێکە (سوڕەی البقرە، ئایەتی ٢٩).

هەبونی حەوت ئاسمان لەگەڵ زانستی ئەمڕۆ زۆر ناکۆکە. ئەگەر قورئان وتەی خودایە بۆ دەبێ ئاگاداری نادروستی تێدابێت؟

لَّيسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاء وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ فَلأنفُسِكُمْ وَمَا تُنفِقُونَ إِلاَّ ابْتِغَاء وَجْهِ اللَّهِ وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ.

موسڵمانکردنی خەڵکی لەسەر تۆ پێویست نەکراوە، بەڵکو ئەڵڵا کەیفی لە هەر کەسێک هەبێت هیدایەتی دەدا و موسڵمانی دەکا، ئەوەی دەیدەن لە چاکە و خێر بۆ خۆتانە، چونکە تەنیا هەر لە بەر ئەڵڵا ماڵ و سامانتان بەخشیوە، هەرماڵ و سامانێک دەدەن، بە تێر و تەسەلی پێتان دەدرێتەوە، ستەمیشتان لێناکرێت (سوڕەی البقرە ، ئایەتی ٢٧٢).

له ئایەتی ٢٤٤ی سورەی بەقەرە، ئەڵڵا دەفەرموێت کە لە ڕێگای ئەڵڵا دا خەڵکانێک کە بێباوەڕن بکوژن، بەڵام لە ئایەتی ٢٧٢ی هەمان سورەدا، دەفەرموێت کە موسڵمانکردنی خەڵک لە سەر تۆ پێویست نەکراوە و ئەوە ئەڵڵایە کە پێی خۆش بێت کەسانێک هیدایەت دەکات و پێشی خۆش بێت گومڕاهیان دەکات. کە واتە موسڵمانبون و کافربون هەردوکیان کاری ئەڵڵان. ئەم دو ئایەتە هەم ناکۆکیان لە گەڵ یەکتری و هەم لە گەڵ هەمو ئیسلام دا هەیە. چونکە موسڵمانان هەمیشە ئایەتی ٢٤٤یان بەجێگەیاندوە و دەرێگای ئەڵڵا دا هەر کەسی پێیان خۆش بێت کوشتویانە.

وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِن يَرَوْا كُلَّ آيَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا بِهَا حَتَّىٰ إِذَا جَاءُوكَ يُجَادِلُونَكَ يَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَـٰذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ.

هەندێکیان گوێت لێدەگرن، بەڵام چەندها پەردەمان کێشاوە بەسەر دڵەکانیانادا، تا تێی نەگەن، گوێکانیشمان کەڕکردونە، ئەگەر چاویان کەوێ بە هەمو بەڵگە ونیشانەکانیش هێشتا هەربڕوای پێناکەن، دەڵێن ئەمە بێجگە لە ئەفسانەی پوچی پێشینیان هیچی تر نیە (سورەی الانعام، ئایەتی ٢٥).

وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى الْهُدَىٰ
ئەگەر ئەڵڵا بیویستایە، هەموی لەسەر هیدایەت و ڕێنوێنی کۆدەکردنەوە (سوڕەی الانعام، ئایەتی ٣٥).

وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِي الظُّلُمَاتِ مَن يَشَإِ اللَّهُ يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ
ئەوانەی وا ئایەت و نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆدەزانی، لەناو تاریکایەکاندا کەڕ ولاڵن، ئەڵڵا کەیفی لەسەر هەرکەس بێ، ڕێگای ڕاستی لێ ون دەکات، کەیفیشی لە ڕێنوێنی هەرکەسیش بێ، دەیخاتە سەر ڕاستەڕێگا (سوڕەی الانعام، ئایەتی ٣٩).

فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهۡدِيَهُۥ يَشۡرَحۡ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِۖ وَمَن يُرِدۡ أَن يُضِلَّهُۥ يَجۡعَلۡ صَدۡرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجٗا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي ٱلسَّمَآءِۚ كَذَٰلِكَ يَجۡعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ.
جا هەرکەسێک خودا بیەوێ ڕێگای ڕاستی پیشان بدا، دەرونی فراوان دەکا بۆ ئیسلامەتی، گەر بیشیەوێ لە سەر ڕێگای لادا، دڵ و دەرونی تەنگ دەکا، هەر دەڵێی زۆر بە ئاستەمی بەرەو ئاسمان سەردەکەوێ، بەم شێوەیە خودا خراپە و ناپاکی و سزا

دەدا بەو کەسانەی کە بڕوا و ئیمان ناهێنن (سوڕەی الانعام، ئایەتی ١٢٥).

مَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَلَا هَادِيَ لَهُۥۚ وَيَذَرُهُمۡ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ

کەسێ کە ئەڵڵا گومڕای بکات، هیچ ڕێنوێنی کەرێکی نیە، وازیان لێدێنێ با لە یاخی بونی خۆیاندا بتلێنەوە (سوڕەی الانعام، ئایەتی ١٨٦).

وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوۡمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمۡۖ فَيُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ

هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردوە، بەزمانی هۆزەکەی نەبێ، تاکو هەمو شتێکیان بۆ ڕونکاتەوە، پاشان خوا ویستی لەسەر هەرکەسێ بێ گومڕاهی دەکا، ویستی لەسەر هەرکەسیش بێ، بەرەو شارەزای دەیبا، هەر ئەوە زاڵ و کاربەجێ (سوڕەی ابراهیم، ئایەتی ٤).

وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ وَمِنۡهَا جَآئِرٞۚ وَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ

لە سەر ئەڵڵایە ڕونکردنەوەی ڕێبازی ڕاست، هەندێ لە ڕێبازەکانیش، لار و خێچ و نالەبارن، ئەگەر خودا بیویستایە، بەڕاستی هەموتانی شارەزادەکرد (سوڕەی النحل، ئایەتی ٩).

وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَلَتُسۡـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ

ئەگەر ئەڵڵا بیویستایە بێگومان دەیکردن بەیەک گەل، بەڵام خودا ئەوەی بیهەوێ گومڕاهی دەکا، ویستی لەسەر هەرکەسێکیش بێ، بەرەو ڕێبازی ڕاست دەیبا، بێگومان پرسیارتان لێدەکرێت سەبارەت بەوکارانەی کە کردوتانە (سوڕەی النحل، ئایەتی ٩٣).

أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَسَمۡعِهِمۡ وَأَبۡصَٰرِهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ

ئەوانە ئەو کەسانەن کە ئەڵڵا مۆری ناوە بەسەر دڵ و دەرون و گوێچکە و چاوەکانیاندا، هەر ئەوانەشن بێ ئاگا (سوڕەی النحل، ئایەتی ١٠٨).

...إِنَّا جَعَلۡنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ أَكِنَّةً أَن يَفۡقَهُوهُ وَفِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَقۡرٗاۖ وَإِن تَدۡعُهُمۡ إِلَى ٱلۡهُدَىٰ فَلَن يَهۡتَدُوٓاْ إِذًا أَبَدٗا

...بەڕاستی ئێمە پەردەمان كێشا بەسەر دڵەكانیاندا، هەتاكو لێی تێنەگەن و گوێكانیشمان كەڕكردون، ئەگەر بانگیشیان كەیت بۆ لای هیدایەت و شارەزایی، هەرگیز ڕێگای هیدایەت و شارەزایی ناگرنەبەر (سوڕەی الكهف، ئایەتی ٥٧).

أَلَمۡ تَرَ أَنَّآ أَرۡسَلۡنَا ٱلشَّيَٰطِينَ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ تَؤُزُّهُمۡ أَزّٗا

ئایا نەتانزانی ئێمە شەیتانمان ناردە ناو دڵ و دەرونی بێبڕوایان، تا هانیان بدا و هەڵیانخڕێنێ (سوڕەی مریەم، ئایەتی ٨٣).

وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ لَأٓمَنَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ كُلُّهُمۡ جَمِيعًاۚ أَفَأَنتَ تُكۡرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ

ئەگەر پەروەردگارت هەویستبای، بێگومان ئەوەی لەسەر زەویە هەمویان بەتێكڕا ئیمانیان دەهێنا، ئایا ئیتر ئەتۆ زۆری لە خەڵكی دەكەی هەتاكو ببنە بڕوادار (سوڕەی یونس، ئایەتی ٩٩).

وَلَوۡ شِئۡنَا لَأٓتَيۡنَا كُلَّ نَفۡسٍ هُدَىٰهَا وَلَـٰكِنۡ حَقَّ ٱلۡقَوۡلُ مِنِّى لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ

ئەگەر ئێمە بمانویستایە، شارەزای و هیدایەتمان دەبەخشی بە هەموکەسێ، بەڵام تازەبڕیار لە لای منەوە جێگیربوە، بێگومان دۆزەخ پڕدەکەم لە جندوکە و مرۆڤ بە تێکڕایی (سورەی السجدە، ئایەتی ١٣).

لەم چەند ئایەتەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ئەڵڵا خۆی بڕیاری داوە کێ موسڵمان یان کافر بێت و مرۆڤەکان لە بەرانبەر چارەنوسیاندا بێدەستەڵاتن. گەلۆ ئەڵڵا دەبێ حەزی لە شەڕ و خوێنڕشتن کردبێت کە ئەم ناکۆکیانەی لە نێوان مرۆڤەکان دا دروستکردوە؟ دەبێ تاوانبار بۆ مرۆڤ بێت کە ئەڵڵا خۆی چەندین پەردەی بەسەر دڵ و گوێیان دا کێشاوە کە چاکە نەبیستن و خراپە ڕەچاوکەن؟

لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ.

شەریک و هەواڵی نیە، بەمە فەرمانم پێدراوە، خۆشم یەکەم موسڵمانم (سورەی النعام، ئایەتی ١٦٣).

مَا كَانَ إِبْرَٰهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ
ئیبراهیم نه جولەكە بو نە عیسای، بەڵكو هەقخواز و موسڵمان بو، لە هاوەڵدانەرانیش نەبو (سورەی العمران، ئایەتی ٦٧).

حەزرەتی ئیبراهیم هەزار ساڵ پێش لەدایك بونی حەزرەتی محەممەد كۆچیدوایكردوە. ئەمە ناكۆكیەكی مەزنە كە قورئان لەلایەك دەڵێت حەزرەتی ئیبراهیم موسڵمان بوە، لەلایەكیتر دەڵێت حەزرەتی محەممەد (درودی خوای لێبێت) یەكەم موسڵمانە. ئەم ناكۆكیە شكوگومان دروستدەكات كە نوسەری قورئانی پیرۆزی دەبێ كێ بێت، مرۆڤ یان ئەڵڵا؟

يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ كَمَآ أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ ٱلْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَٰتِهِمَآ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوْلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ
ئەی نەوەكانی ئادەم! شەیتان هەڵتان نەخەڵەتێنێت، هەروەكو باوك و دایكتانی لە ناو ئەو بەهەشتە دەركرد، جل و بەرگی لە بەردارنین، تا شەرمگایان پیشانی یەكتربدات، شەیتان و دار ودەستەكەی بەجۆرێك ئێوەدەبینن، كە ئێوە ئەوان نابینن،

بێگومان ئێمە شەیتانمان کرد، بەدۆست و یارمەتیدەری ئەو کەسانە کە بڕوا و ئیمان ناهێنین (سورەی الاعراف، ئایەتی ٢٧).

ئەڵڵا خۆی شەیتانی درستکردوە و کردویەتی بە دۆستی کەسانێک بۆ ئەوەی ئیمان نەهێنن، کەواتە بۆ دبێ مرۆڤ تاوانبار بێت لە کردەوەکانی کە ئەڵڵا لە ڕێگای شەیتانەوە پێیدەکات؟

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحْزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَـٰرِعُونَ فِى ٱلْكُفْرِ مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِأَفْوَٰهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِن قُلُوبُهُمْ ۛ وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ ۛ سَمَّـٰعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّـٰعُونَ لِقَوْمٍ ءَاخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ ۖ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ مِنۢ بَعْدِ مَوَاضِعِهِۦ ۖ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَـٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ فَٱحْذَرُوا۟ ۚ وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتْنَتَهُۥ فَلَن تَمْلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمْ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ ۚ لَهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا خِزْىٌ ۖ وَلَهُمْ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ

ئەی پێغەمبەر! ئەوکەسانەی کە لە بێبروایدا پێشبڕکێ دەکەن، پەرۆش و خەمبارت نەکەن،...هەرکەس ئەڵڵا بیەوێ بیخاتە ناو گومڕایەوە، ئیتر ئەتۆ لە بەرابەر خودا هیچت پێناکرێت، ئەوانە ئەو کەسانەن کە خودا نایەوەێ دڵەکانیان پاک و خاوێن کاتەوە، لەم دونیایەدا ڕسوا دەبن و لە پاشەڕۆژیشدا جەزرەبەیەکی گەورەیان دەدرێ (سورەی المائدە، ئایەتی ٤١).

ئەگەر خودا بۆ خۆی نەیەوەی دڵی کەسانێک پاک کاتەوە، کەواتە بۆچی پێغەمبەری ناردوە کە زەحمەتیان لەگەڵ بکێشێت؟ ئەم ناکۆکیە دەری دەخات کە دەبێ نوسەرێ ئەم پەڕتوکە پیرۆزە کێ بێت؟

أَوَلَمۡ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ كَانَتَا رَتۡقٗا فَفَتَقۡنَٰهُمَاۖ وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤۡمِنُونَ

ئایا ئەوانەی بێ بڕوان ورد نابنەوە کە بەڕاستی ئاسمانەکان و ئەم زەویە پێکەوە لچکابون جیامان کردنەوە. هەمو زیندەورێکمان لە ئاو دروستکردوە، ئیتر بۆ ئیمان ناهێنن (سورەی الانبیاء، ئایەتی ٣٠).

وَجَعَلۡنَا ٱلسَّمَآءَ سَقۡفٗا مَّحۡفُوظٗاۖ وَهُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِهَا مُعۡرِضُونَ

ئاسمانمان کرد بە بانێکی پارێزراو کەچی ئەوان لە نیشانەکانی ئاسمان خۆدەبوێرن (سورەی الانبیاء، ئایەتی ٣٢).

أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱلۡفُلۡكَ تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِأَمۡرِهِۦ وَيُمۡسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ

ئەی نەتدیوە ئەوی لەزەویدایە خۆدا بۆی ڕامکردون، گەمیشی ڕامکردوە هەر بەفەرمانی ئەو لە دەریادا دێت و دەچیت، ئاسمانیشی ڕاگرتوە تا نەکەوێ بە سەر ئەرزا، مەگەر خۆی ویستی لەسەر بێ، بەڕاستی ئەڵڵا لەگەڵ خەڵکدا زۆردڵسۆز و دلۆڤانە (سورەی الحج، ئایەتی ٦٥).

ئاسمان تەنیا بەتاڵایە و سەربانی گۆی زەوەی نیە. ئەم وتەی ئەڵڵا لە بواری زانستی زۆر ناکۆکی هەیە لە گەڵ ڕاستیدا. ئەڵڵا چۆن دەکرێت هەم ترسێنەر، سوتێنەر، سزادەر، تۆڵەستێنەر و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ خەڵکدا دڵسۆزو دلۆڤان بێت؟ هەربۆیە ئەم ئایەتانە دەریدەخەن کە ئەم نوسراوە هەڵبەستراوی ئاستی وشیاری مرۆڤی سەدەی شەشی زاینی بوە و لە گەڵ وتەی خولا ناگونجێت و تەنیا بۆ بەرژەوەندی و دەستەڵاتخوازی نوسراون.

قُلۡ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبۡعِ وَرَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ

بڵێ ئەی پەروەردگاری حەوت ئاسمان و پەروەردگاری ئەم تەختە گەورە کێیە (سورەی المؤمنون، ئایەتی ٨٦).

لە بواری زانستی ئاسمان بەتالایە و سەر و بنی نیە تا ٧ دانە بن. گۆی زەویش خڕە نەک تەخت، کەواتە زانست و وتەکانی ئەڵڵا ناکۆکن؟

لَّا تَجۡعَلُواْ دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ بَيۡنَكُمۡ كَدُعَآءِ بَعۡضِكُم بَعۡضٗاۚ قَدۡ يَعۡلَمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمۡ لِوَاذٗاۚ فَلۡيَحۡذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنۡ أَمۡرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمۡ فِتۡنَةٌ أَوۡ يُصِيبَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ
هەرگیز بانگکردنی پێغەمبەر بۆ ئێوە، وەکو بانگکردنی هەندێ لە هەندێکتان لە خۆتان دامەنێن، بێگومان ئەڵڵا ئاگای لەم کەسانەیە کە بە خۆدانە پاڵ ئەم و ئەو لە ناو ئێوەدا خۆیان دەدزنەوە، با ئەوانەی لە فەرمانی پێغەمبەر سەرپێچی دەکەن، لەوە بترسێن بەلایەکیان توش ببێ، یان سزایەکی بەژان بەرۆکیان بگرێت (سورەی النور، ئایەتی ٦٣).

ئەم ئایەتە خەڵکانی ساوێلکەی مێشکشۆرکردوە کە کڕنۆشبەر و ملکەچی پێغمبەر و عەرەبەکان بن. خەڵکانی ئەمریکا، ئەوروپا، ئوستڕالیا، کانەدا، چین و ژاپۆن بە درێژای مێژو سەرپێچیان لە فەرمانەکانی پێغەمبەر و ئەڵلا کردوە و ئیستاکەش هیچ سزایەکی بەژان بەرۆکی نەگرتون، بەڵکۆ باشترین

خزمەتگوزاریان لە بواری پیشەسازی و زانستی پیشکەش بە گەلانی جیهان کردوە. خەڵکانی موسڵمانیش بە پشتوانەی قورئانی پیرۆز، گەلانی تری جیهان بە جیهاد دەترسێنن و ئەمەش بە شانازی و داهێنەر و دیاری ئەڵڵا بۆ مرۆڤایەتی دەبینن.

قُلۡ أَئِنَّكُمۡ لَتَكۡفُرُونَ بِٱلَّذِی خَلَقَ ٱلۡأَرۡضَ فِی يَوۡمَيۡنِ وَتَجۡعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادٗاۚ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ

بڵـی ئایا ئێوە لە ڕاستیدا بێ بڕوان بەو کەسەی کە ئەم زەویەی لە دو ڕۆژدا بەدیهێنا؟ شەریکی و هاوەڵیشی بۆ بڕیاردەدەن! ئائەوە پەروەردگاری جیهانیانە (سورەی فصلت، ئایەتی ٩).

فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِی يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِی كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفۡظٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ

ئەوساکە حەوت ئاسمانی لە دوڕۆژاندا بەدیهێنا، لە هەر ئاسمانێکیشدا کار و باری تایبەت بە خۆی پێڕاگەیاند و ئاسمانی دنیاشمان بە چرا ڕازاندە و پاراستیشمان، ئەمەیە ئاندازەگرتنی زاڵی زانا (سورەی فصلت، ئایەتی ١٢).

ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ مَا لَكُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِىٍّ وَلَا شَفِيعٍ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ
هەر ئەو ئەڵڵایەیە کە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە لە شەش ڕۆژدا دروستی کردوە، ئەوسا لە سەر تەختی فەرمانڕەوایەکەی خۆی دامەزرا، بێجگە لە و هیچ یارمەتیدەرێکتان نیە، ئایا بۆ بیرناکەنەوە (سوڕەی السجدە، ئایەتی ٤).

دەبێ بۆ نوسەری قوڕئان بیری نەکردبێتەوە کە ناکۆکی هەیە لە ناو ئەم سێ ئایەتەی سەرەوە. دو ڕۆژ لە گەڵ دو ڕۆژ دەکاتە چوار، لەلایەکی تر دەڵێت شەش ڕۆژی خایاند (٤=٢+٢ ناکاتە ٦).

وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا وَتُنذِرَ يَوْمَ ٱلْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ فَرِيقٌ فِى ٱلْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِى ٱلسَّعِيرِ
هەر بەم شێوەیەش قوڕئانێکی عەڕەبیمان بۆ ناردوی، هەتاکو ترس بخەیتە بەر دانیشتوانی شاری مەککە و ئەو کەسانەش کە وان لە دەوروبەریدا، ترسی ڕۆژی کۆبونەوەش بخەیتە بەریان کە

هیچ گومانی تێدانیه دەستەیەک وان لە بەهەشتا و دەستەیەکیش لە دۆزەخدان (سورەی الشورا، ئایەتی ٧).

لەم ئایەتەی سەرەوە دەردەکەوێت کە نوسەری قورئان تەنیا زانیاری لە سەر شاری مەککە و دەوروبەری هەبوە، نەیزانیوە کە گۆی زەوی خڕە و لە ئەمریکا و ئوستڕالیاش مرۆڤ دەژین کە لە زمانی عەڕەبی هەر تێناگەن، یا خود قورئان تەنیا بۆ خەڵکی عەڕەب هاتوە و پەڕتوکێکی جیهانی نیە؟ دەبێ پاش ئەم خوێندنەوە، مرۆڤ هەرخۆی لە مێشکشۆری دابێڵێتەوە یان وشیار ببێت و بەخۆی دابشتەوە و تۆبە لە کولتوری عەڕەب بکات؟

ثُمَّ أَخَذۡتُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۖ فَكَيۡفَ كَانَ نَكِيرِ
جا غەزەبم گرت لە وانەی کە کافر و بێبڕوا بون، ئەدی سزا و تۆڵەم چۆن بو (سورەی فاطر، ئایەتی ٢٦).

ئەگەرچی زۆرینەی خەڵکانی چین، ژاپۆن، ئەمریکا، ئوستڕالیا، ئەوروپا و کانەدا کافرن، بەڵام نەکەوتونەتە بەرغەزەبی ئەڵڵا،

بەڵكو كەوتونەتە بەر بەرەكەتی. هەرچی زانست و پێشكەوتنە لەم وڵاتانە دایە و هەرچی مرۆڤكوژ و دواكەوتوشە لە وڵاتانی موسڵمان دا پەروەردە دەكرێت.

وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرّٖ لَّهَاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ
خۆریش دەڕوا بەرەو ئەو قۆناغەی كە بۆی دیاریكراوە، ئا ئەوەش ئەندازەی دیاریكراوی خودای زاڵ و زۆر زانایە (سورەی یس، ئایەتی ٣٨).

لَا ٱلشَّمۡسُ يَنۢبَغِي لَهَآ أَن تُدۡرِكَ ٱلۡقَمَرَ وَلَا ٱلَّيۡلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِۚ وَكُلّٞ فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ
نەخۆر دەتوانێ و بۆی هەیە بگات بە مانگ، نە ئەویش پێش ڕۆژ دەكەوێ، هەر یەكێكیان لە جغزێكدا مەلەدەكەن (سورەی یس، ئایەتی ٤٠).

بە گوێرەی ئەم دو ئایەتەی سەروە ڕۆژ و مانگ هەردوكیان لە حاڵی گەڕاندان! ئەمە زۆر ناكۆكە لە گەڵ زانستی ئەمڕۆ كە زەوی بەدەوری خۆر دا دەسوڕێت و خۆر بێجوڵەیە. لە مە دەردەكەوێت كە ئیسلام دروستكراوی پێغەمبەرە نەک خودا.

چونکە خودا کە خۆری دروستکردوە دەشزانێت کە بەدەوری زەوی دا ناسوڕێت.

ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ
ئەوا پەسلان(قیامەت) نزیک بۆتەوە و مانگیش لەت بوە (سوڕەی القمر، ئایەتی ١).

ئەم ئایەتە ١٤٠٠ ساڵ پێش گوتراوە، ئەی بۆ تاکو ئێستاش قیامەت ڕانەبوە و مانگیش لەت نەبوە؟

مَّن ذَا ٱلَّذِی یُقۡرِضُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنًا فَیُضَـٰعِفَهُۥ لَهُۥ وَلَهُۥۤ أَجۡرٌ كَرِیمٌ
کێیە ئەوەی قەرزی جوان دەدا بە ئەڵڵا، تاکو ئەڵڵاش چەند بەرابەری بۆ بکاتەوە، پاداشی شیاویشی هەیە (سوڕەی الحدید، ئایەتی ١١).

لە زۆر ئایەت دا گوتراوە کە ئەڵلا لە هەمو کەس بێنیازە، کە واتە قەرز بۆ لە خەڵ وەردەگریت؟ گەڵۆ پێغەمبەر خۆی نیازی بە سەرمایە هەبوە و بەم جۆرە کاسپی کردوە؟

هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِی لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡقُدُّوسُ ٱلسَّلَـٰمُ ٱلۡمُؤۡمِنُ ٱلۡمُهَیۡمِنُ ٱلۡعَزِیزُ ٱلۡجَبَّارُ ٱلۡمُتَكَبِّرُۚ سُبۡحَـٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا یُشۡرِكُونَ

هەرئەوە ئەو ئەڵڵایەی کە هیچ پەرستراوێک بێجگە لەو نیە، پاشا و خاوەن دەستەڵاتە، پاک و خاوێن و بێخەوشە، ساغ و سەلیم و بێعەیبە، ئارام بەخش و هێمنی دەرە، چاوەدێر و پارێزەرە و بە هەمو شتێکدا ڕادەگا، زاڵ و خاوەن دەستەڵاتە، هەموکەم و کوڕیەک چارەسەردەکات، شایستەی هەمو گەوریەکە، پاک و خاوێنە ئەم ئەڵڵایە، لە هاوبەشانی کە بۆی دادەنێن (سوڕەی الحشر، ئایەتی ٢٣)

مەگەر ئەمە کەم وکوڕی نیە کە گەلانی تورک، ئازەری، عەڕەب و فارس کوردستانیان داگیر کردوە و هەمو ڕۆژێک مرۆڤکوژی و کورد کوژی دەکەن؟ دەبێ بۆ ئەڵڵا چاوپۆشی لە دڕندەی ئەم نەتەوانە بکات؟

إِن تُقۡرِضُوا۟ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنًا یُضَـٰعِفۡهُ لَكُمۡ وَیَغۡفِرۡ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ شَكُورٌ حَلِیمٌ

ئەگەر قەرز بدەن بە خودا بە قەرزی باش، خوداش چەند بەرابەر زیادی دەکات بۆتان، لە گوناح و هەڵەکانیشتان خۆشدەبێ، خوا پێزان و لەسەرەخۆیە (سوڕەی التغابن، ئایەتی ١٧).

مەگەر هەرئەم قورئانە نالێت ئەڵلا لە هەموشتێک و هەمو کەس بێنیازە، ئەدی بۆ داوای قەرزی لە بەندەکانی کردوە، دەبێ قەرزی بۆچی بێ؟ مەگەر قورئان نالێت سود وەرگرتن نارەوایە (حەرامە)، ئەدی بۆ خودا دەیهەوێت سود و قازانج بداتە بەندەکانی؟ دەبێ ئەم قەرزانە بە کێدا بۆ ئەڵلا ڕەوانە بکرێن؟ ئەگەر پێغەمبەر و ئیمامەکانی پێش ئەم ئەرکەیان هەبوبێت، دبێ ئەمرۆ خامنەی و شێخەکانی سعودی ئەم دراو و زێڕانە بدەنە دەستی ئەڵلا؟ ئەگەر ئەمانە ناکۆکی نەبن، دەبێ چی ناکۆکی بێ؟ دەبێ مرۆڤ کەنگین مێشک و بیری بەکاربێنێت؟

**يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ.**
ئەی ڕۆڵەکانی ئیسرائێل، ئەو نازونیعمەتەتان لە بەرچاوبێت کە ڕشتبوم بە سەرتاندا، کە من ڕێزی ئێوەم دا بەسەر هەمو خەڵکی سەردەمی خۆتاندا (سورەی البقرە، ئایەتی ٤٠).

ئەڵلا لێرەدا جیاوازی خستۆتە ناو نەتەوەکانی کە خۆی دروستی کردون، وتەکەی یەکسانیخوازانە نیە.

فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِندِ اللّهِ لِيَشْتَرُواْ بِهِ ثَمَناً قَلِيلاً فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُمْ مِّمَّا يَكْسِبُونَ.

سەرەنجام هاوار بۆ ئەو کەسانەی کەوا، هەر بەدەستی خۆیان کتێبێک دەنوسنەوە و پاشان دەڵێن ئەمە لەلایەن ئەڵلاوەیە، تاکو کاڵایەکی کەمی پێبکڕن، دەک تێدابچن و سەرنەگون بن، بۆ ئەو شتەی کە دەینوسن و بۆ ئەوەش وەدەستی دێنن (سوڕەی البقرە، ئایەتی ٧٩).

لێرەدا ئەڵلا جنێو بە خەڵک دەدات و سوکایەتی بە کەسانێک دەکات کە نوسراوەی تر دەنوسن. دەبێ ئەڵلا بۆچی خۆی هێنابێتە ڕێزی ئەو مرۆڤانە کە پێی خەراپ بونە و بە ناشیرنی لە گەڵیان دواوە. لە سەردەمی ئەمڕۆدا مرۆڤی تێگەیشتو ئەگەر ڕەخنەی لێبگیرێت و دژی نوسراوەی ئەو، نوسراوەیەکی تری بەهێزتر یان بێهێزتر بنوسرێت، ئەوە بە دڵێکی فراوان وەری دەگرێت و دەڵێت با کۆمەڵگە بڕیاردەربێت، کام شتەیان پێخۆش بێت و پێیان ڕاست بێت، با هەڵی بژێرن. ئەگەر ئەم هەڵوێستەی

ئەڵڵا گرتویەتی لە بەرامبەر بەند(عەبد)ەکانی، ئەمڕۆ کەسێکی ئاسای بیگرێت، پەسەند ناکرێت.

ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودٗا لَّمۡ تَرَوۡهَا وَعَذَّبَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ
پاشان ئەڵڵا ئارامی و خۆڕاگری خۆی ڕژاند بەسەر پێغەمبەرکەی و بڕوادارن، سوپایەکیشی نارد کە ئێوە نەتان دەدیت، سزای ئەو کەسانەشی دا کە کافربون، ئاوایە تۆڵەی کافران (سوڕەی التوبە، ئایەتی ٢٦).

دەبێ ئەڵڵا بۆ سوپایەکی نەدیتراو نەنێرێت بۆ دەرکردنی داگیرکەرانی عەڕەب، فارس، تورک و ئازەری لە کوردستان؟

فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡ وَخُذُوهُمۡ وَٱحۡصُرُوهُمۡ وَٱقۡعُدُواْ لَهُمۡ كُلَّ مَرۡصَدٖۚ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ
کاتێک مانگە یاساغکراوەکان تەواو بون، لە هەر جێگایەی موشریکەکانتان دەستکەوت بیان کوژن، بیانگرن و ئابلوقە و گەمارۆیان بدەن، لە هەمو حەشارگەیەکدا خۆتانیان بۆ

حاشاربدەن، جا ئەگەر تۆبەیانکرد و نوێژیان کرد و زەکاتیاندا، ئیتر ڕێیان بۆ چۆلکەن و لێیان گەڕێن، بێگومان خودا لێبوردە و دلۆڤانە (سوڕەی التوبە، ئایەتی ٥).

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡۚ وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ

ئەی پێغەمبەر! لەگەڵ کافر و دوڕووەکاندا جیهادبکە، دەربارەشیان توند و تیژی بنوێنە، جێگا و ماوەشیان دۆزەخە، چەند چارەنوسێکی خراپە (سوڕەی التوبە، ئایەتی ٧٣).

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلۡكُفَّارِ وَلۡيَجِدُواْ فِيكُمۡ غِلۡظَةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ

ئەی ئەوانەی بڕوا و ئیمانتان هێناوە، ئەو دراوسێ بێ بڕوایانەتان قەتڵ بکەن، با توند و تیژیشتان لێوە بەدی بکەن، بشزانن بە ڕاستی خودا لەگەڵ پارێزکاراندایە (سوڕەی التوبە، ئایەتی ١٢٣).

لەم ئایەتانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ئاینی ئیسلام ئاینی شەڕ و کوشتنە، نەک ئاینی ئاشتی و بەخشش و دڵفراوان بون.

خُذۡ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ صَدَقَةٗ تُطَهِّرُهُمۡ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيۡهِمۡۖ إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٞ لَّهُمۡۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيم

له ماڵ وسامانیان سەدەقە و خێر وەرگرە، تا کو بەهۆی ئەوەوە پاک و خاوێنیان بکەیتەوە، دوعا و نزایان بۆ بکە، چونکە دوعای تۆ ئارامیەکە بۆ ئەوان، خوداش بیسەر و زانایە (سورەی التوبە، ئایەتی ١٠٣).

پێغەمبەر بەم بهانەیە سەرمایەی لە خەڵک ستاندوە، هەر بۆیەشە مەلاکانی کورد زەکات، بەرات و سەرچاککردنەوە بۆ خۆیان وەردەگرن.

لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ

ئاینی خۆتان بۆ خۆتان، ئاینی خۆم بۆ خۆم (سورەی الکافرون، ئایەتی ٦).

پێغەمبەر لەو کاتانەی کە هیز و دەستەڵاتی زۆر بوە، بڕیاری قەتڵ و جیهادی داوە، بەڵام کاتێک کە ڕوبەشکست بوە، وتویەتی دین خۆتان بۆخۆتان، ئێمە دینی ئیسلامتان بە سەردا ناسەپێنین.

قَدۡ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ فَأَتَى ٱللَّهُ بُنۡيَٰنَهُم مِّنَ ٱلۡقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيۡهِمُ ٱلسَّقۡفُ مِن فَوۡقِهِمۡ وَأَتَىٰهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَشۡعُرُونَ

بەڕاستی ئەو کەسانەی کە پێش ئەمان بون، پلان و نەخشەیان کیشا، سەرئەنجام خودا خانوەکانیانی لە بنچینە و بنەڕەتدا دەرهێنا، سەربانەکانیان بە سەردا تەپی و ڕوخا، سزا و عەزابیان لە جێگایەکەوە بۆ هات، کەوا هەستیان پێنەدەکرد (سوڕەی النحل، ئایەتی ٢٦).

وَإِن مِّن قَرۡيَةٍ إِلَّا نَحۡنُ مُهۡلِكُوهَا قَبۡلَ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَوۡ مُعَذِّبُوهَا عَذَابًا شَدِيدًاۚ كَانَ ذَٰلِكَ فِى ٱلۡكِتَٰبِ مَسۡطُورًا

هیچ شار و دێیەک نیە ئێمە لە پێش ڕۆژی پەسڵان(قیامەت)دا کاولی نەکەین، یاخۆ سزایەکی توند و پڕ لە ئازاری نەدەین، ئەمەش لە کتێبی خودا دا تۆمارکراوە (سوڕەی الاسرا، ئایەتی ٥٨).

وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَعۡمَىٰ

هەرکەسێکیش پشتی لە یادی من هەڵکرد، بێگومان ژیانێکی تەنگ و دژواری هەیە، لە ڕۆژی پەسڵانیشدا بە کوێری حەشرونەشری دەکەین (سوڕەی طە، ئایەتی ١٢٤).

ئەم سوڕانە سەرەوە هەمویان هەڕەشە و ترسن. لە بواری سایکۆلۆژی ورەی مرۆڤەکان دادەبەزێنن کە سەرشۆڕ و خۆ بەدەستەوەدەری ئەم ئاینە بن. هەربۆیە موسڵمانان هەم لە دونیا و هەم لەئاخرەت زۆر دەترسن. زیاتر لە ٦٩١ جار وشەکانی ترس، عەزاب، ئاگر، سوتان، هەڕشە و گوڕەشەکانی ئەڵڵا لە قورئان دوپاتکراوەتەوە. پێغەمبەر گەورترین دەرونناسی ئەم گۆیەی زەوی بوە و بە دوپاتکردنەوەی وتەکانی زانیوەیەتی دەتوانێت لە مێشکشۆری خەڵکانی ساوێلکە دا سەرکەوتوبێت.

وَقِيلَ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ مَاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمۡۚ قَالُواْ خَيۡرٗاۗ لِّلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٞۚ وَلَدَارُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞۚ وَلَنِعۡمَ دَارُ ٱلۡمُتَّقِينَ

وترا بەو کەسانەش کە لە خودا ترس بون، پەروەردگارتان چی ناردۆتە خوارەوە؟ وتیان چاکە، بۆ ئەوانەی لەم دونیایەدا چاکە و خێریان ئەنجام داوە، خێر و پاداشی چاکەیان بۆ دانراوە، بە ڕاستی ماڵی پەسلانیش چاکترین ماڵە، ئای چەندە خۆشە ماڵی لە خوداترسەکان (سوڕەی النحل، ئایەتی ٣٠).

جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ لَهُمۡ فِيهَا مَا يَشَآءُونَۚ كَذَٰلِكَ يَجۡزِي ٱللَّهُ ٱلۡمُتَّقِينَ

باخ و باخاتێکه که جێگای مانەوەیە، دەچنە ناوی، چەندین ڕوبار لە ژێردار و درەختەکانیانەوە جاریە، هەرچیان بوێ لە وێ بۆیان ئامادەیە، بەم شێوە خودا پاداشی لە خودا ترسەکان دەداتەوە (سورەی النحل، ئایەتی ٣١).

ئەم پاداشەی ئەڵلا زیاتر لە ١٨٢ جار لە قورئان دا دوپاتکراوەتەوە. ئەم دوپاتکردنەوانە بونەتە هۆی سەرەکی مێشکشۆری خەڵکانی ساوێلکە و لەئاکامدا ئاینی ئیسلام ڕۆژبەڕۆژ پەرەی ستاندوە.

وَمَن كَانَ فِي هَٰذِهِۦٓ أَعۡمَىٰ فَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ أَعۡمَىٰ وَأَضَلُّ سَبِيلٗا

هەرکەس لەم دونیایەدا کوێربێت، لە پاشەڕۆژیشدا کوێرە و زۆرتر ڕێگا لێون بوە (سورەی الاسرا، ئایەتی ٧٢).

خودا خۆی کوێری دروستکردوە، چۆ دەبێت بەشکانەوە و بێڕێزی باسی بکات؟ خودا دەبێ زۆر لەمە مەزنتربێت کە سوکایەتی بە

دروستکراوی خۆی بکات؟ گەلۆ ئەمە دەریناخات کە قورئان هەڵبەستراوی مرۆڤە؟

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ إِنَّآ أَحۡلَلۡنَا لَكَ أَزۡوَٰجَكَ ٱلَّـٰتِىٓ ءَاتَيۡتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتۡ يَمِينُكَ مِمَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّـٰتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَـٰلَـٰتِكَ ٱلَّـٰتِى هَاجَرۡنَ مَعَكَ وَٱمۡرَأَةً مُّؤۡمِنَةً إِن وَهَبَتۡ نَفۡسَهَا لِلنَّبِىِّ إِنۡ أَرَادَ ٱلنَّبِىُّ أَن يَسۡتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۗ قَدۡ عَلِمۡنَا مَا فَرَضۡنَا عَلَيۡهِمۡ فِىٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ وَمَا مَلَكَتۡ أَيۡمَـٰنُهُمۡ لِكَيۡلَا يَكُونَ عَلَيۡكَ حَرَجٌ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا

ئەی پێغەمبەر، بێگومان ئێمە ئەو ژنانەت کە مارەیەکانت پێداون بۆ تۆمان حەڵاڵ کردوە، ئەو کەنیزانەش کە لە جەنگدا ئەڵڵا کردویە بە نسیبت، کچەکانی مام، خاڵ، پورەکانت و ئەوانەی کە لەگەڵتا کۆچیان کردوە، هەرژنێکی موسڵمانیش ئەگەر هاتو خۆی پێشکەش کرد بە پێغەمبەر، ئەگەر پێغەمبەریش ویستی مارەی بکا، ئەوە تایبەتی تۆیە نەک موسڵمانان، بێگومان ئێمە چاک دەزانین چیمان لە سەر پێویست کردون، سەبارەت بە ژنەکان و کەنیزەکانیان، تاکو گیروگرفت نەیەتە ڕێگای تۆ، خوداش هەمیشە لێبوردە و دڵۆڤانە (سورەی الاحزاب، ئایەتی ٥٠).

دەبێ ئەڵڵا بۆچی ئازادی بە پێغەمبەردابیت تاکو بەکەیفی خۆی ژن مارەکات و تەنانەت کەنیزەکان بە بێ مارەیش بەکیفی خۆی لەگەڵیان ڕابوێریت؟ کەس لە موسڵمانان مافی هەڵبژاردنی کەنیزەکانی نەبوە تا پێغەمبەر ئیشتیای لێبوبن؟ گەلۆ هەبونی دەیان ژن و کەنیزە بۆ خۆشڕابواردن کاریکی شیاو و مرۆڤیە؟ گەلۆ ئەم ئایەتە بەس نیە بۆ ئەوەی موسڵمانان بیربکەنەوە کە بەڕاستی ئیسلام یانی تەسلیم بون لە بەرانبەر خواستەکانی تایبەتی پێغمبەر و بە گشتیش نەتەوەی عەڕەب؟ ئەرێ زۆر زەحمەتە لەم ئایەتە تێگەیشتن؟

هُوَ ٱلَّذِى يُحۡىِۦ وَيُمِيتُۖ فَإِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ

هەر ئەو زیندو دەکاتەوە و دەشمرێنێ، کاتێکیش ویست و خواستی لە سەر کارێک بو، هەر تەنیا پێیدەڵێ ببە، ئەویش دەبێ (سوڕەی عافر، ئایەتی ٦٨).

دەبێ کەنگین ئەڵڵا خواستی لەوەی بێت کە بڵێت داگیرکەرانی کوردستان؛ فارس، ئازەری، تورک و عەڕەب لە کوردستان

بچنەدەر و ئیتر بەسیەتی قەتڵ و داگیرکەری؟ یان بڵێت ماموستایانی ئاینی، ڕاستیەکان بە گەلی کورد بڵێن، ئەگینا خواستم لە سەرتان دەگۆردرێت و لە قیامەتدا سزای توند و تیژم بۆتان دەبێت؟

ٱتْلُ مَآ أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ ۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۗ وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ

هەرچیت بۆ نێردراوە لە کتێب بیخوێنەوە، نوێژیش بکە، بەڕاستی نوێژ بەرگری دەکات لە کاری ناشرین و خەراپ، یادی ئەڵڵاش گەورە و مەزنترە، ئەڵڵاش دەزانێ چی دەکەن (سورەی العنکبوت، ئایەتی ٤٥).

حەزرەتی عومەر ، ئیمام خومەینی، خامنەی، سەددام حوسێن، بەشار ئەسەد و تەیب ئەردوغان هەمویان نوێژکەربونە، ئەدی بۆ دەبێ نوێژەکانیان پێشیان پێنەگرتبن لە کاولکردن و قەتڵکردنی خەڵکی بێتاوانی کوردستان؟ گەلۆ نوێژکردن نابێتە هۆی مێشکشۆری خەڵکانی ساوێلکەی کوردستان بۆ ئەوەی کە هەم خۆیان قەتلی برا کوردەکانیان بکەن و هەم چاوبنوقێنن لە

بێڕەوشتی و دڕەندەی داگیرکەرانی عەرەب، تورک، ئازەری و فارسی موسڵمان لە کوردستان؟

أَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمْ جَنَّٰتُ ٱلْمَأْوَىٰ نُزُلاً بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ
بەڵام ئەوانەی بڕوا و ئیمانیان هێناوە و کار و کردوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، بەهۆی ئەو کارانەوە کە کردویان، باخ و باخاتێکیان هەیە کە جێگای ڕاستەقینەیە و میوانداریان لێدەکرێت (سوڕەی السجدە، ئایەتی ١٩).

گەلۆ هیچ ڕەوایە حەزرەتی عومەر، خومەینی، سەددام، ئەردوغان و هەمو دارو دەستەکانیان لە بهەشت لە ناو باخ و باخات و لە دەم ڕوباری شەڕاب و هەنگوین، بە دیان حۆری میوانداریان لێبکەن، بەڵام دەهەزار کەنیزەی کوردی ڕفێندراو و سەدهەزار کوردی قەتڵکراوی بەدەستی حەزرەتی عومەر و ارودەستەکەی، ١٨٢ هەزار کوردی ئەنفالکراو، دەهەزار کوردی کوژراوی جیهادەکەی ئیمام خومەینی، کوردەکانی کوژراوی بە فەرمانی مستەفا کەماڵ پاشا تا تەیب ئەردوغان، لە دۆزەخ دا

بسوتێندرێن، چونکە کورد و ئازادیخواز بون، نەک سەرشۆڕ و داگیرکەرپەرست؟

أَوَلَمۡ يَهۡدِ لَهُمۡ كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم مِّنَ ٱلۡقُرُونِ يَمۡشُونَ فِى مَسَـٰكِنِهِمۡۚ إِنَّ فِى ذَٲلِكَ لَأَيَـٰتٍۚ أَفَلَا يَسۡمَعُونَ

ئایا بۆیان دەرنەکەوتوە، چەندین بەرەمان پێش ئەوان قڕکردوە، کە لە خانوبەرەکانی خۆیاندا لە جموجۆڵدابون، بەڕاستی ئا لەمانەدا چەندین نیشانە و بەڵگە هەن، دەبۆ نابیسن؟ (سورەی السجد، ئایەتی ٢٦).

ئەرێ دەبێ بۆ خوا پشتی کردبێتە خەڵکی کورد، دەبێ کەنگین نەتەوەکانی ئازەری، تورک، فارس و عەرەب لە کوردستان لەماڵەکانی خۆیاندا قڕکات؟ ئەرێ دەبێ ئەڵڵا بۆ ئەم پاڕانەوەی ٤٢ ملوێن کورد نەبیسێت؟



حەزرەتی محەممەد (درودی خوای لە سەر بێت) لە ساڵی ٥٧٠ زاینی لە شاری مەککە لەدایک بو. لە ساڵی ٦١٠ لە ئەشکەوتی حیرا کە سێ کیلۆمیتر لە مەککە دورە، ئەڵلا لە ڕێگای جوبڕائیل قورئانی بۆ نارد. لە ساڵی ٦٢٢ لە مەککە ڕا پەنابەری شاری مەدینە بو. لەم ماوەیە لایەنگری زۆری پەیداکرد و پاشان لە ساڵی ٦٤٢ لە هێرشێک دا شاری مەککەی گرتە ژێر فەرمانڕەوای خۆی. واتە پێغەمبەر لە هەمو تەمەنی دا تەنیا توانی بەشێک لە دانیشتوانی شاری مەککە و مەدینە بکاتە موسڵمان. حەزرەتی محەممەد (درودی خوای لە سەر بێت) نۆ ژنی بەفەرمی هەبو، لەگەڵ عایشەی کچی عومەر و سەلمەی کچی ئەبوبەکر زەماوەندی کردبو. فاتمەی کچی دابو حەزرەتی عەلی و سومەییەی کچی دابو بە حەزرەتی عوسمان. واتە هەر ئەو خزمانەشی بونە

خەلیفەی ئیسلام. خەلیفەکانی ئیسلام لەسەر دەستەڵات و تێگەیشتنیان لە ئیسلام ناکۆکیان هەبو، تەنانەت حەزرەتی عایشە (خوای لێڕازیبێت) لە نزیک مەدینە بە سواری وشتر لە گەڵ حەزرەتی عەلی(خوای لێڕازیبێت) بە شەڕهات کە بە شەڕی جەمەل(وشتر) ناسراوە. پێغەمبەری ئیسلام لەساڵی ٦٣٢ لەتەمەنی ٦٣ ساڵی کۆچی دوایکرد و چەندین ژن و کەنیزەی لەپاش بەجێما.

پەیدابونی ئاینی ئیسلام لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەم واتە ساڵەکانی ٦٣٤ تا ٦٤٤ی زاینی. لەم کاتەدا حەزرەتی عومەر (خوای لێڕازیبێت) بەناوی بیرو باوەڕی ئیسلام هێرشی کرد بۆ کوردستان و بە سوپاکەی گوت ئەی موسڵمانان هێرش بەرنە سەر کافرەکان (کوردەکان و زەردەشتیەکان) و لە ڕێگای ئەڵڵادا بیانکوژن و سامانەکەیان بە تاڵانبەرن و ژن و کچەکانیان بۆ خۆتان بە کۆیلەی سێکسی (کەنیزە) بگرن."

بەم شێوەیە و بە بەهانەی ئاینی ئیسلام، عەرەبەکان هێرشیان کردە سەر کوردستان. لە ئاکامدا تا توانیان کوردیان کوشتن و وڵاتەکشیان خاپورکردن. کوردەکان ئاینی زەردەشتیان هەبو و

باوەڕمەند بە خوا بون بەڵام حەزرەتی عومەر (خوای لێڕازیبێت) خوای بەفەرمی نەدەناسی و دەیگوت هیچ خوایەک بونی نیە، بێجگە لە ئەڵڵا (لا إله إلا الله).

عەرەبەکان بۆ داسەپاندنی فەرهەنگی عەرەب و تواندنەوەی فەرهەنگی کوردی، پیاوەکانی کوردیان کوشتن و منداڵەکانیان بە زۆری کوتەک فێرە نوێژ و ڕۆژوی عەرەبی کردن. ئەسحابەکانی ئیسلام کچە کوردەکانیان بە ڕەوا (حەڵاڵ) دەزانین و بە تۆبزی دەستدرێژیی سێکسیان پێدەکردن. لە ئاکامی ئەو سوکایەتی و بێڕەوشتیەدا دەهەزار کچی مێرمنداڵی جوانیان هەڵبژارد و لە بنەماڵەکانیان ستاندن و بردیانن بۆ حجاز. حەزرەتی عومەر (خوای لێڕازیبێت) ١١٣ کچی لە منداڵە کوردەکان کردە کۆیلەی سێکسی خۆی.

دیارە گەلی کوردستان بە خۆشی خۆی نەبو کە ئاینی ئیسلامی قبوڵکرد، بەڵکو بە زەبری شمشێر و خوێنڕشتن بو. عەرەبەکان بۆ بە تاڵانبردنی سامان و دارایی کوردستان هێرشیان کردە سەر کوردستان و خەڵکی بێتاوانیان کۆمەڵکوژکرد. کوژراوەکانیان کردە سەدان چاڵی گەورە و لە زۆر شوێن کەڵەکی گاوریان لە

سەر دروستکردن. هەزاران کوردیان بە بریندارى گرت و کوشتیانن. ئەو کوردانەی کە لە بەرانبەر شمشێری عەڕەبەکاندا خۆیان نەدا بەدەستەوە، تا ناوقەدیان لە گڵگرتن و لە پێشچاوی کەس وکاریان بەردەبارانیان کردن.

شوێنەواری دڕندەیی عەڕبەکانی ئەو سەردەمە تا ئێستاش لە کوردستان هەیە و لە زۆر شوێن کەڵەکی گاورەکان ماون. لە ژێر ئەو کەڵەکە گاورانە تەرمی بە هەزاران کوردی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێر هەن کە ئامادە نەبونە سەر بۆ داگیرکەرانی عەڕەب دانوێنن.

گاورەکان شەرافەتمەندترین و شۆڕشگێڕترین کوردەکانی ئەوسای کوردستان بونە کە لە دژی داگیرکەرە عەڕبە موسڵمانەکان شەڕیان کردوە و لە پێناوی سەربەرزیی و ئازادیی گیانیان بەختکردوە.

لەسەر گۆڕی ئەو ئەسحابە عەڕەبانەی کە لە شەڕی داگیرکردنی کوردستان کوژراون، شاڵ هەڵدراوە و بە تۆبزی کراون بە پیرۆزگە (مەرقەد) بۆ کوردان. لە ڕاستیدا ئەسحابەکان دوژمنانی باب و

باپیرانمان بونە و خوێنی نەتەوەی کوردیان لە سەر خاکی کوردستان ڕشتوە.

جێگای زانینە کە یەکێک لە هۆیەکانی بێچارەی نەتەوەی کورد کە وەک پێویستە پێشنەکەوتوە و وەکو گەلانی تری جیهان نەبۆتە خاوەن ناسنامە و کیانی سەربەخۆ، ئەوەیە کە عەڕەبەکان لە سەردەمی حەزرەتی عومەر(خوای لێڕازیبێت) گەلی کوردیان بە سەر چەند شێخ و سەرۆک خێڵدا دابەشکرد کە ئێستاش لە سەدەی بیست و یەکەمدا کورد لە دەستی ئەم دواکەوتویە دەناڵێنێ. سوپای عەڕەب بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە کوردستان مایەوە تاکو بنکەی خۆی بە تەواوی لەم وڵاتە سەقامگیرکرد. عەڕەبەکان بە زۆری کوتەکیش بێت هێندێک هاوکار و سیخوڕی خۆیان لە ناو کوردستان پەیداکرد و ناویانانان سەیدی ئەولادی پێغەمبەر (کاکی کوڕی پەیامنێر)، شێخ (پیر)، دەروێش (نەدار) و سۆفی (خۆبەدەستەوەدەر). شێخ و سەیدەکان تەنیا بۆ عەڕەبەکان کاریان دەکرد و هەمو سامان و دارایی کوردستانیان کۆدەکردەوە و دە دەستی عەڕەبەکانیان دەکرد. ئەگەرچی ئەمڕۆ بەشی هەرە

زۆری خەڵکی کوردستان مێشکیان شۆراوەتەوە و ڕاستی ڕوداوەکان نازان و بونەتە موسڵمان، بەڵام ئێستاش زۆرینەی دارایی کوردستان نادرێتە دەستیان و بەرهەمی کوردستان بۆ داگیرکەرانە.

داگیرکەرانی کوردستان هەردەم لە ناوی ئاینی ئیسلام کەڵکیان وەرگرتوە و کوردیان فریوداوە و توانیویانە بەسەریدا زاڵبن و بیچەوسێننەوە و هەرچی دارایی کوردستانیشە بیدزن و بۆ خۆیانی بکێشنەوە. هەر بۆیە گەلانی عەڕەب، تورک و فارس لەلایەک نەیان هێشتوە کورد مێژویی خۆی و وڵاتەکەی بە دروستی فێربێت و لەلایەکیتر نەیان هێشتوە کورد یەکگرتوبێت و بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی بزانێت. داگیرکەران زۆربەی گەلی کوردیان بەم شێوەیە لە دەریای ئایندا گێژکردوە و داخوازی گەلی کوردیان ئەوەندە دابەزاندوە کە کوردان لە هەمو شتێک زیاتر بە کێشەی ئاینی ئیسلامەوە سەرگەرمبن و ویستی تریان نەبێت. کوردستان ئەگەر لە ئاشتیدا بێت، ئەوە بەهەشتی سەرجیهانە بەڵام ئەمڕۆ قازانج و خۆشیەکەی بۆ داگیرکەرانە و

بەشی زۆربەی گەلی کوردی بەستەزمانیش، ئاینی ئیسلام و سەردانەواندنە بە هیوای بەهەشتێکی نادیار.

لە ناو ئاینی ئیسلام دا ئەو بیروڕا جۆراوجۆرانەی خوارەوە هەن کە هەر یەک لە وان خۆی پێ لەوەی تر باشترە و ئەوەی تر پەسەند ناکات: شافعی، حەنەفی، حەنبەڵی، مالکی، ڕێبازی قادری، ڕێبازی نەقشبەندی، ڕێبازی ڕەفاعی، بەکتاشی، عەلی ئیلاهی، شەبەک، قەڵەم حاجی، بەوەریەکان، فەیلی، عەلەوی و ئەسنا عەشەری.

## ٤-٦. ئاینی یەزیدی

ئاینی یەزیدی یەکێک لە ئاینەکانی تری گەلی کوردستانە. یەزیدیەکان بە زمانی کوردی خواپەرستی دەکەن و بڕوایان وایە کە خواکەشیان بە کوردی دەدوێت. یەزیدیەکان خۆیان بە باڵێک لە ئاینی زەردەشتی دەزانن و ئاینەکەی خۆیان بە هێندێک گۆڕانکاری و بە ناوی یەزیدیەوە لە هێرش و کۆمەڵکوژی موسڵمانان پاراستوە.

یەزیدیەکان باوڕیان بە یەک خوایە کە ناوی یەزدانە و بە دروستکەری گەردون و حەوت فرشتە و ئادەمی دەزانن کە گەورەی فرشتەکان ناوی "مەلەکە تاوس"ە. یەزیدیەکان بڕوایان وایە کە دوای مردن گیان ڕوبەڕوی دادگایەک دەبێتەوە کە لە حەوت دادوەر پێکهاتوە.

ئەو کەسانەی کە شەڕیان لە خێر زیاترە، دەکەونە تاریکی. ئەو کەسانەی کە خێر و شەڕیان بەرانبەرە، دەیانخەنە شوێنێک بە

ناوی زینەخ کە تێیدا خۆشی و ناخۆشی دەبینن. ئەوانەی کە خێریان زۆرترە دەچنە بەهەشت.



ڕوگەی یەزیدیەکان ناوی لالشە و لە نزیک شاری موسڵی باشوری کوردستان هەڵکەوتوە. یەزیدیەکان لە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەزبەر (ئۆکتۆبر) بۆ زیارەتی گۆڕی پیرعودە دەچنە لالش.

## ٤-٧. ئاینی یاری

"پیر بنیامین شاهۆیی" وەک دروستکەری ئاینی یاری (یارسا) دەناسرێت بەڵام "سوڵتان سەهاک بەرزەنجی" لە ساڵی ١٢٥٠ زاینی ئاینی یاری ڕاگەیاند.

پەڕتوکی ئاینی یارسایەکان ناوی دەفتەر (دەفتەری پردیوری)ە کە بە "دیوانی گەورە" یان "دەفتەری سەرئەنجام" ناوی دەبەن. لەو دەفتەرە دا وتەکانی "بهلول" و "پاشا خۆشین لوڕستانی" تێدا نوسراون. چەند دەفتەرێکی تریشی وەک "دەفتەری ئیلبەگی جاف" لە سەدەی پازدە، "دەفتەری خان ئیلماس" و "دەفتەری پیر ئەمیر" و "دەفتەری براکە گۆران" لە سەدەی هەژدەی زاینی دا نوسراون. "ساوە" و "گۆران" دواین دەفتەرەکانی ئاینی یارسان.

بەگوێرەی ئاینی یارسا خوا لە خاوەنکارانێکی وەک "برایم، زەردەشت، سوڵتان سەهاک، پیرموسا، داود دودانی، بابا یادگار، دایە ڕەمزبار" و زانایانەکی وەک "کەیخوسرەو، کاوەی ئاسنگەر، ئەفلاتون، سوقڕات، حافز، بهلول ماهی، بابا سەرهەنگ دودانی، بابا ناوس جاف، بابا جیل، پیرشاهۆ " خۆی گەیاندۆتە مرۆڤ.

یارسایەکان دو ڕوگەیان هەنە. یەکیان ڕوگەی دەرونیە و ناوی "دەستگای خواوەندگاری"(جەم)ە و ئەوی تریان "پڕدیور"ە و دەکەوێتە نزیک گوندی پیران(شێخان) کە لە هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. گڵکۆی سوڵتان سەهاک و بەشێکی زۆر لە زانایانی یارسای لەم شوێنەن.

یارسایەکان باوەڕیان بە بهەشت و جهەندەم نیە بەڵکو بەگوێرە ئاینی یاری، کردارەکانی مرۆڤ لەلایەن "پیرموسا" دەنوسرێن و مرۆڤەکان بەگوێرەی ئاستی باش یان خەراپ بونیان لە مرۆڤ یان ئاژەڵانێکی تر دا دوبارە لەدایک دەبنەوە.

جێگای ئامازەیە کە ڕێبازەکانی وەک حەققە و کاکەیی بەهۆی نزیک بونیان بە بەشێک لە پەیڕەوانی ئاینی یارسا دەناسرێن.

## بەشی پێنجەم

## ٥- هۆیەکانی پێشنەکەوتنی کۆمەڵگەی کوردەواری

کوردستان وڵاتێکی کۆلۆنیکراوە و داگیرکەران بواریان بە گەلی کورد نەداوە کە خۆی پێشبخات و وەک نەتەوەکانی تر بە شێوازێکی پێشکەوتوخوازانە داکۆکی لە ناسنامە و بونی خۆی بکات.
کۆمەڵگەی کوردەواری هەمو ڕێگاکانی پێشکەوتنی لێگیراون، هەر بۆیە لە بوارەکانی ئابوری، تەکنیکی، ڕامیاری، فەلسەفی، کولتوری و کۆمەلایەتی وەک پێویست پێشنەکەوتوە.

داگیرکەرانی کوردستان بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیە ئابوریەکانیان بە پیلانێکی هاوبەش و تۆکمەکراو خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندوە. هەر کوردێک هەوڵی دابێت لە بوارێکدا خۆی یان کۆمەڵگەی کوردەواری پێشبخات، ڕاستەوخۆ لە لایەن نەیارانی کۆنەپەرست و داگیرکەری کوردستان بە شێوازی

کوشتن، زیندانیکردن، بێسەروشوێنکردن و دورخستنەوە سەرکوتکراوە. بەم شێوە نەیانهێشتوە کورد بگاتە ئامانج و وەک گەلانی تری جیهان لە پێشکەوتن و شارستانیەت و ئارامیدا بژیت. داگیرکەرانی کوردستان بونەتە هۆی نەخوێندەواری، نەزانی، پەرەستاندنی فەرهەنگی خێڵەکی، دروستبونی ڕێکخراوە و هێزی زۆردار و کەسایەتی بەرژەوەندیخواز لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

کوردستان تا چوار پارچە بێت و ڕێکخراوەکانیش لەبواری ڕامیاری و بەرژەوەندیەکانەوە دەیان پارچە بن، ئیتر کۆمەڵگەی کوردەواری هەر بەو شێوەیە لە دواکەتویی و ژێردەستیدا دەمێنێتەوە.

کوردستان کاتێک پێش دەکەوێت کە هەمو ڕێکخراوەکانی بە کردەوە بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و یەکسانیخواز تێبکۆشن.

جێگای ئاماژەیە کە گەلی کورد چەند هەلی بەنرخی بۆ ڕەخساوە کە سەرکەوێت و بگاتە ئامانجەکانی بەڵام هەر جارە چەند تەنگوچەڵەمەیەکی ڕۆژگار لە پێشی بونەتە ئاستەنگ. ئەو فاکتەرانەی خوارەوە بونەتە هۆی سەرەکی کە کورد نەتوانێت بەم جۆرە کە پێویستە لە دەرفەتە مێژویەکان کەلک وەرگرێت:

١- نەبونی دامەزراوەیەکی نەتەوەیی کوردی کە بتوانێت لە ناو کوردستان و لە ئاستی جیهانیش نوێنەرایەتی گشت گەلی کوردستان بکات.
ئەو ڕێکخراوە نەتەوەییە دەبێ تایبەتمەندی و توانای یەکخستنی ڕیزەکانی گەلی کوردستان هەبێت و بۆ ناساندن و جێخستنی ناسنامەی کوردستانی لە ناوخۆی وڵات و لە ئاستی جیهانیدا تێبکۆشێت. تا ئەمڕۆ لە کوردستان وەها دامەزراوەیەکی خاوەن کارێزمای مەزن نەبوە.

لە ساڵی ١٩٩٩ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە بروکسێل دامەزرا و مانیفێستی نەتەوەیی بەگوێرە توانای ڕۆژەڤ گەلالە

کرد. ئەگەرچی نە یتوانیوە لە ئاستی پێویستدا کاریگەریی هەبێت، بەڵام دەشێ کار بۆ گەشەستاندنی بکرێت.

پێویستە کوردستانیان و ڕێکخراوەکانی کوردستان پشتگیری دامەزراوەیەکی نیشتمانپەروەر بکەن بۆ ئەوەی لە قەیران و کێشەکان، ئەرکی نەتەوەیی خۆیان چالاکانە بەڕێوەبەرن. پشتگیری هەمو لایەنەکانی نیشتمانپەروەر لە دامەزراوەیەکی نەتەوەیی دەبێتە هۆی پتەو بونی دۆزی کورد لە ئاستی ناونەتەوەییدا. چونکە ئەو دامەزراوەیە نەتەوەییە دەتوانێت بەیەک بەرنامە و ستراتژی بۆ چارەسەری کێشەکان کار و خەبات بکات.

٢- نەبونی یەکیەتی نەتەوەیی کورد یان نەبونی تەبایی و ئاشتی لە نێوان ڕێکخراوە ڕامیاریەکانی کوردستان.

بە هۆی لێکداپچڕاندنی گەلی کورد و دابەشکردنی کوردستان بە سەر چوار داگیرکەری دڕندە (هۆڤی)دا تا ئێستا یەکیەتیەکی بە هێزی نەتەوەیی کوردی پێکنەهاتوە کە وەڵامدەرەوەی ناسنامە و

کەسایەتی نەتەوەیی کورد بێت. هەر ئەو لێکدابچڕاندنەش بۆتە هۆی دروستبونی ڕێکخراوی جۆراو جۆری کوردستانی کە هێندێکیان تەنیا بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیە شەخسی و حیزبیەکانیان ناوی کوردستانیان لەسەر خۆ داناوە. بەشێک لەو ڕێکخراوە بەرژەوەندیخوازانەی کورد، نەتەنیا لە چارەسەری دۆزی کورد دا ڕۆڵێکی ئەرێنیان نەبوە، بەڵکو بونەتە کۆسپ و کێشەی فراوانتری وەک شەڕی براکوژیان ناوەتەوە و تەنانەت لە دژی ڕێکخراوەیکی تری کوردستانی هاوکاریی داگیرکەرانی کوردستانیان کردوە.

٣- سیاسەتی بەرتەسکی ڕێکخراوەیی و شەخسی لە ناو هێندێک ڕێکخراوەکانی کوردستان.

هەبونی سنوری دەستکردی داگیرکەران لە نێوان چوار پارچەی کوردستان و شەڕی نێوان دەستەڵاتەکانی داگیرکەری کوردستان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ گەلی کورد، بۆتە هۆی دروستبونی ڕێکخراوەی جۆراو جۆر لە کوردستان. هێندێک لە و ڕێکخراوانە تەنیا لە بیری بەژەوەندی شەخسی خۆیاندا بونە و بە ناوی

کوردایەتی بازرگانیان کردوە. ئەو ڕێکخراوانە نەتەنیا کێشەی کورد چارەسەر ناکەن، بەڵکو بە هۆی هاوکاریی و گرێدراویان بە یەکێک یان هێندێک لە داگیرکەرانی کوردستان، بونەتە هۆی سەرەکی ئاڵۆزتربونی دۆزی کورد و نائارامی کوردستان.
سیاسەتی ئەم ڕێکخراوانە سەرناکەوێت و پێویستە سەرکردە و کادرەکانیان لە دوارۆژی خۆیان باشتر بیر بکەنەوە و بزانن دۆزی نەتەوەکەمان بەم جۆرە سیاسەتانە هەر پاش دەکەوێت و لە ئاکامدا هەمو گەلی کورد زەرەرمەند دەبێت. ئەگەر قازانجی لایەنێکیشی تێدابێت، ئەوە کاتیە و لە کۆتاییدا خودی ئەو لایەنەش زەرەرمەند دەبێت.

هەر وەک لە مێژوی گەلی کورد دا نە بونی ڕامیاریەکی دروست و پاکی هێندێک ڕێکخراوەی کوردی لە بەرانبەر دۆزی کورد دا بۆتە مایەی بێهێزبون و تێکچونی ئەو ڕێکخراوانە. ئەرکی مێژویی و بەرپرسیارەتی هەر ڕێکخراوێک و هەر ئەندامێک یان لایەنگرێک ئەوەیە کە بیر لە چارەسەری کێشەی کورد بکاتەوە و ڕامیاری و کاریان لە پێناو بەرژەوەندی و بەها نەتەوەیەکانی

گشت گەلی کوردستان دابێت. دەبێ هەر تاکێکی کوردستانی لە بەرژەوەندی ڕێکخراوەیی و شەخسی دوریبکات. پێویستە کە هەر کوردێک و هەر ئەندامێکی ڕێخراوەیەکی کوردی، کاتێک بەرژەوەندی نەتەوەیی لە مەترسیدا دیت، ڕێنوێنی سەرکردەکەی بکات یان لانیکەم دوای سیاسەتی چەوتی ئەو نەکەوێت. بەتایبەتی سیاسەتێک کە ببێتە هۆی شەڕی براکوژی بە هەر ناوێک یان بیانویەک بێت هەرگیز پەسەند ناکرێت. ئەرکی هەر تاکێکی کوردە کە لە بەشداریکردن یان پشتگیریکردنی پیلانی کوردکوژیی خۆی دوربگرێت.

جێگای ئامازەیە کە شەڕی ناوخۆ لە بەرژەوەندی کورد دا نیە، چونکە لە لایەک داگیەکەران کەلکی ڕامیاری خۆیانی لێوەردەگرن و لە لایەک دەبێتە پاڵپشتێک بۆ بەدیهاتنی بەرژەوەندی تەسکی کەس، بنەماڵە و ڕێکخراوێک. لە کۆتاییدا سەرکردەی ڕێکخراوەکانی شەڕکەر بە بێ ئەوەی زەرەرمەند بوبن یان کەسێک لە بنەماڵەیان کوژرابێت و پاش بەکوشتدانی

هەزاران کورد بەدەستی یەکتری، خۆیان ئاش دەبنەوە. بۆ وێنە سەیری ئەو شەڕانەی خوارەبکەین:

- پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کە لە ماوەی چەندین شەڕی براکوژیدا بە هەزاران کوردیان تێداکوشت، بەڵام پاشان بارزانی و تاڵەبانی ئاشبونەوە و هیچکامێکیان زەرەرمەند نەبون، بەڵکۆ بەو شەڕە براکوژیانە بازرگانیەکی زۆریشیانکرد و ژمارە بانکەکانی خۆیان پڕکردن لە دراوەکانی ئێران، تورکیە و ئێڕاق.

- شەڕێ براکوژی نیوان کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کە بەهەزان کەسی تێدا کوژران، بەڵام هیچ زەرەرێک بە بنەماڵەکانی دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو، عەوڵای موهتەدی، برایم عەلیزادە و مەنسور حیکمەت نەکەوت.

- هەروەها لە شەڕەکانی نێوان حدکا و حدکاڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا، بنەماڵەکانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە و جەلیل

گادانی پێدەوڵەمتر بون و لەخۆگەیاندە ئەوروپا و دابینکردنی ئاسایش بۆ منداڵەکانی خۆیان ڕکەبەرەکیان دەکرد، لە هەمان کات دا بە سەدان ڕۆڵەی کوردیان بەدەستی یەکتر بەکوشت دا و پاش چەندساڵ دیسان ئاشتبونەوە.

- شەڕەچەقوەکان و مشتومڕی نێوان حدکا بەڕێبەرایەتی مستەفا هیجری و حدک بەڕێبەرایەتی عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە تێیدابۆتە دوبەرەکی نانەوەی ناو گەل بەلاّم، سەرکردەکان خۆیان کاسبی پێوەدەکەن. هاوکات بە چەواشەکاریەکانیان مێشکشۆری کۆمەڵگە دەکەن و بۆ زڕاندنی ناسناوی خۆیان یەک لە دوای یەک ژیاننامە و بەسەرهاتەکانی پڕ لەخەیانەتی خۆیان بە دروست بەسەر کۆمەڵگە دادەسەپێنن.

٤- جێگا و ڕێگای ستراتژی کوردستان و نەتەوەی کورد کە لە ناو سێ نەتەوەی دواکەوتوتر لە خۆی هەڵکەوتوە و هەریەکە لە و نەتەوانە بە درێژایی مێژو نکۆڵیان لە بونی نەتەوەی کورد کردوە.

سێ نەتەوەی تورک و عەرەب و فارس بە درێژایی مێژو لە سەر ئەوەی کە کامیان خاکی کوردستان زیاتر داگیربکات، شەڕیان بوە و بەم شێوەیە کوردستانیان کردۆتە مەیدانی شەڕ و ململانەی خۆیان. لەلایەکیتر بە درێژایی مێژو هەرسێکیان شەڕیان بە کورد فرۆشتوە و بە کۆمەڵکوژی دڕندانە تۆوی دوبەرەکی و دوژمنایەتیان لە کوردستان و ناوچەکە ناوەتەوە.

هۆیەکەشی دیارە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە قەت لە مێژودا دەستەڵاتدارانی ئێران، ئێراق، تورکیە و سوریە ئازادیخواز و پێشکەوتوخواز نەبونە. بەڵکو دەستەڵاتدارانێکی بەرژەوەندیخواز و دیکتاتۆڕ بونە کە تامەزرۆی شەڕ و ئاژاوە و خوێن ڕشتنیان کردوە.
لە لایەکی تر نەتەوەکانی داگیرکەری کوردستان زۆر زو هەستیان بە دەوڵەمەندبونی خاکی کوردستان کردوە. بۆیە هەمویان هەوڵیان داوە کە بەشێکی زیاتر لە و خاکەیان پێ ببڕێت. چونکە هەرکام لەم داگیرکەرانە زانیویەتی چەندە خاکی کوردستان داگیربکات، ئەوەندە لە ڕکەبەرەکەی تر

بەهێزتر دەبێت. ئەو سێ نەتەوانە ویستویانە نکۆڵی لە بونی کورد و خاکی کوردستان بکەن و لە ناوخۆیاندا بیتوێننەوە و سەرمایەکەشی بۆ خۆیان بدزن. ئەو سیاسەتە چەوتەی داگیرکەران بۆتە هۆی پێشنەکەوتنی نەتەوەکانی خۆشیان. چونکە هەردەم بانگەوازی شەڕیان کردوە و نەتەوەکانی خۆشیان بۆ شەڕخوازی و مرۆڤکوژی پەروەردە کردوە. ئەگەر نەتەوەکانی تری پێشکەوتوی جیهان دەیانەوێت بیری پێشکەوتویی و تەکنۆلۆژیا و زانست لە ناخۆیاندا بەهێزتربکەن، نەتەوەکانی تورک، عەرەب و فارس تەنیا بیری چەک و شەڕ و خوێنڕشتن دەکەنەوە. لەمەش خەراپتر هەر ئەم بیرە نامرۆڤانەش فێری منداڵەکانیان و وەچەی پێشەڕۆژیان دەکەن.

ئەو نەتەوانە پێویستە کە تەنانەت بۆ پێشکەوتنی خۆشیان بێت ئاشتی و ئارامییەک لە ناوچەکەدا پێک بێنن. چونکە نەبونی ئاشتی دەبێتە هۆی دواکەوتنی زیاتری ئەو نەتەوانە و هەڵبڕانی زیاتریان لە جیهانی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتوی ئەمڕۆ. لە لایەکی تر خەڵکانی ناوچەکە و تەنانەت بەڕێوبەرانی

دەستەڵاتەکانیش سایکۆلۆژیەکی ئارامتر و ژیانێکی خۆشتریان لە ئاشتیدا دەبێت تا لە شەڕدا. شەڕ بۆتە مایەیماڵوێرانی ناوچەکە و ئاشتیش دەبێتە هۆی ئارامی و پێشکەوتنی کولتوریی و زانستیی نەتەوەکانی ناوچەکە.

لە مسۆگەرکردنی ئاشتیدا گەلانی تورک، عەرەب و فارس دەتوانن لە ناو گەلانی تری جیهاندا شانازی بە ئازادیخوازبون و پێشکەوتنخوازبونیان بکەن. دەتوانن ببنە خاوەنی تازەترین تەکنۆلۆژیای زانستی بۆ خزمەت بە خۆیان و گەلانی تری جیهان.

بۆ گەیشتن بەو پێشکەوتن و ئارامییە، پێویستە دەستەڵاتەکانی ناوچەکە توانای بوێرانە و لە خۆبردوییان هەبێت. بۆ ئەوەی کێشەی ناوچەکە بە ئاشتی و دیالۆگ چارەسەر بکرێت، دەبێ هەنگاوی ئاشتیخوازانە باوێن و دەرگای دیالۆگ لەگەڵ نەتەوەی کورد بکەنەوە. ئەگەر کێشەی ناسنامەی هەمو گەلانی ناوچەکە چارە سەر بکرێت و دەرفەت بۆ ئازادی و بەرابەری

دروستبکرێت، ئاشتی و پێشکەوتوخوازی لە ناوچەکەدا سەقامگیر دەبێت. ئەم ئاشتیە دەبێتە شانازی هەمو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە هێز بونیان لە ناو گەلانی تری جیهان. ئەوکاتە گەلانی تری جیهانیش حیسابێکی باشتر لە سەر گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن و بە چاوی ڕێزەوە سەیریان دەکەن.

٥- هەڵەی ڕامیاری ڕێکخراوەکانی کوردستان و دوبارە کردنەوەیان.

هێندێک ڕێکخراوی کوردستانی ئەوەندە بە توانا و سەربەخۆنین کە لە پێناوی ئاشتی بۆ کوردستان هەنگاوی بوێرانە باوێن. واتە لە خۆبردویان نییە و سیاسەتێکی دروستیان لە هەمبەر دۆزی کورد دا نییە. تەنیا بیر لە دەستەڵات و لە سەرکاربونی خۆیان و بەهێزتر بونی خێڵەکی و چەکداریی خۆیان دەکەنەوە. لەم پێناوەدا ئامادەن دەست بۆ هەر کارێکی نامرۆڤانە و بێ پڕنسیپی ڕامیاری بەرن و تەنانەت ئامادەن بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی خوشک و براکوژی دەستپێشخەریش بکەن. بۆ وێنە

پدک،ینک، حدکا، حدک، هەمو کۆمەڵەکانی کۆمەنیستی و ئیسلامی.

پێویستە لە هەنگاوی یەکەمدا سەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوانە باش بزانن کە کوردستان ماڵی هەمو کوردستانیانە، تەنیا خاکی تاپۆکراوی چەند بنەماڵە و ڕێکخراوە نیە کە بیکەنە گۆڕەپانی بەرژەوەندی تەسکی تاکەکەسی و ڕێکخراوەیی خۆیان. ئەم جۆرە ڕێکخراوانە لە هەڵەدان و پێویستە کە بەزویی خۆیان لەم ڕامیاریە نادروستە دور بخەنەوە و بەخۆیاندا بێنەوە. دەبێت بە دروستی بیر لە چارەسەری کێشەی کورد بکەنەوە و بوێرانە وئاشتیخوازانە بۆ چارەسەری ئەو کێشە هانگاو بنێن.

ئەرکی نیشتمانیی هەمو ڕەوتێکی ڕامیارییە کە بەرژەوەندی نەتەوەیی لە سەرەوەی بەژوەندی ڕێکخراوەیی خۆی ببینێت و بە هەمو هێزیەوە بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی ناوخۆیی و چارەسەری بنچینەیی کێشەی کورد کاربکات. چونکە

بەرژەوەندی ڕێکخراوەیی بەرژەوەندییەکی کاتیە بەڵام بەرژەوەندی نەتەوەیی هەمیشەییە و دەبێتە مایەی شانازی مێژویی سەرجەم گەلی کوردستان.

٦- لاوازی هەستی نەتەوایەتی و نامۆبونی ناسنامەی کوردستان لای کوردستانیان.

یەکێک لە هۆکارەکانی دانەمەزرانی دەوڵەتی کوردستان و کێشە سەرەکیەکانی تاکی کورد ئەوەیە کە هەستی نەتەوەیی لاوازە و لای شەرمە بە شانازییەوە بڵێت من کوردستانیم.

زۆربەی نەتەوەکانی جیهان سەربەخۆن و وڵاتی سەربەخۆی خۆیان هەیەوە و بە نەتەوەی خۆیان شانازی دەکەن. لە هەر شوێنێک یان هەر وڵاتێکدا بژین، سەربەرزانە پشتگیری نەتەوەی خۆیان دەکەن. هێندێک نەتەوەی بچوکی تریش هەن ئەگەرچی وڵاتی خۆیان نیە بەڵام خودی نەتەوەکە بە ناوی نەتەوەی خۆی سەربەرزە و لە سەرکێشە و گرفتەکانی نەتەوەیی یەکگرتوە.

لـه مێژوی کۆن و تـەنـانـەت لـه سـەردەمـی جیهانیگـەریشدا، ئـەو گـەلانـەی کـه هـەستی نـەتـەوەیی خۆیان زۆر بـەرز ڕاگرتوه، توانیویانـه سـەربـەخۆ بونـی خۆیان بـەدەست بێنن و لـه نـاو نـەتـەوەکـانـی تر خـاوەن نـاسنـامـەی خۆیان بن.

جێگای ئـامـاژە پێکردنـه کـه هـەمو کێشه کۆمـەڵایـەتیـەکان تـەنیا بـه بـەرزبونـی هـەستی نـەتـەوایـەتـی چارەسـەرنـابن، بـەڵکو پێویستـه هـەر ئـەندامێکی کۆمـەڵگـه نـاونـەتـەوەیش بیر بکـاتـەوە و هـەستی هـاوپشتی و یـەکسانـی هـەبێت و بـه لـه بـەرچاوگرتنـی مـافـەکـانـی مرۆڤ ڕێز لـه هـەمو نـەتـەوەیـەک بگرێت.
بۆ چارەسـەری کێشـەکـانـی هـەر نـەتـەوەیـەک پێویست بـه یـەکیـەتـی کرداریی ئـەو نـەتـەوە هـەیـه. تا هـەستی نـەتـەوایـەتیش بـەرز نـەبێت ئـەو نـەتـەوە نـاتوانێت یـەکیـەتـی خۆی دروست بکات و بگـاتـه ئـاستی بـه نـەتـەوەبون. بۆ وێنـه سوئێدیـەکان، ژاپۆنیـەکان، ئینگلیسـەکان و... هـەر هـەمویان سـەربـەرزن بـه نـەتـەوە، ئـاڵا، خـاک و زمـانـی خۆیان. لـه هـەر تـاکێکیان بپرسی خـەڵکی کوێی، ئـەوە بـه شـانـازیـەوە وەڵام دەداتـەوە کـه سـەر بـه چ نـەتـەوەیـەکـه و

خەڵکی کام وڵاتە. بەڵام کورد هەستی نەتەوەییەکەی ئەوەندە نزمە کە شەرم بە کوردستانیبونی خۆی دەکات. بەشێکی هەرە زۆری کوردەکان چ لە کوردستان بن و چ لە تاراوگە، خۆیان بە نەتەوەیەکی تر وەکو تورکیای، ئێرانی، ئێڕاقی و سوریای دەناسێنن و شانازیشی پێوە دەکەن. ئەو کارەساتە،

نەخۆشیەکی دەرونیە و هۆیەکەشی ئەوەیە کە نەتەوەکانی تری جیهان بۆ خۆیان، خۆیان فێرکردوە کە کێن و دەبێ کێبن. هەر لەمنداڵیەوە هەستی نەتەوەییان بۆتە هۆی شانازیان و ئەو هەستە گەشەی ستاندوە و بۆتە ناسنامەی ئەو گەلانە. بەڵام کورد بە درێژایی میژو هەر دەستبەسەر و کۆیلە بوە و دوژمانی گەلی کورد چاک حیسابیان بۆ کردوە و زانایانە کوردیان بە گوێرەی ویستی خۆیان ڕاهێناوە و بیر وهۆشیان تێکداوە و لە ڕاست ناسنامەی خۆیدا ڕەشیان کردۆتەوە (فۆڕماتیان کردوە).

کوردستان هەردەم لە چوار لاوە بۆتە ئارمانجی هێرشی تالانکەر و داگیرکەران. هێرشی هەرە مەزن، هێرشی نەتەوەیی بوە بۆ سەر منداڵانی کورد کە لە منداڵیەوە لە کوردبونی خۆیان حاشابکەن و تەنانەت خۆیان نەناسن و لە دژی کورد بونیش

دەرکەون. بەم شێوەیە و بە فێرکردنی وشەکانی ئێرانیم، ئێراقیم، خەڵکی سوریە یان تورکیەم، بیر و هۆشی کوردیان شۆردۆتەوە. ئەو تواندنەوە و پاکتاوکردنە نەتەوایەتییە (ئاسملاسیۆنە) بەو ئەندازە کاریگەری خستۆتە سەر کوردان کە لە گەورەساڵیشدا ناسنامەی خۆیان نەناسنەوە و شانازی بە ناسنامەی داگیرکەران بکەن. تەنانەت لە ناو کۆمەڵگەی بە ناو ئازادی ڕۆژ ئاواشدا، زۆربەی کوردەکان بەم بیروباوەڕە منداڵەکانیان باردێنن و ئایدیۆلۆژیای داگیرکەرانیان فێردەکەن و بە ناسنامەی داگیرکەرانەوە بە جیهانیان دەناسێنن.

هەر لە وانەکانی فێرگە و سرودەکانی نەتەوەیی ڕا بگرە تا دەگاتە بەرنامەی کارتۆن، فیلم، مۆسیقا و بۆنە کولتوریەکان، منداڵانی کوردستان بە ناسنامەی داگیرکەرانی وڵاتەکەمان مێشکشۆرکراون. بۆ وێنە پەڕتوکەکانی قوتابیان پڕن لە وانەگەلێکی گەوجێنەرانە و ئەفسانەیی دور لە زانست کە قوتابی پێی خۆشبێت یان پێی ناخۆشبێت بۆ بەردەوامی خوێندنەکەی و سەرکەوتن لە پۆلەکەی، دەبێ فێریبێت. ئەوانە ڕاستەوخۆ بیر و هزری ئەو قوتابیانە دەکوژن و مێشکیان

پڕدەکەن لە پڕوپوچاتی (خورافاتی) ئاینی کە هیچ کات بیری ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان نەکەن و قوتابی کاتی نەمێنێت تەنانەت بیر لە لێکۆڵینەوەی زانستە ڕاستەقینەکان بکاتەوە. هاوکات داگیرکەران زانایانە بۆ مێشکشۆری کۆمەڵگەی کوردستان پەرە بەدامەزراندنی ڕێکخراوی ئاینی دواکەوتو وەک سەلەفیەکان، ئیخوان، مەکتەبیەکان، موجاهیدین، کۆمەڵە، بزوتنەوە، حەرەکە و یەکیەتیە ئیسلامیەکان دەدەن.

داگیرکەران، ئەم کارانەیان هەمو بە زانابون و بە بەرنامە کردوە. بۆچی ئەوان هێندە گرینگیان بە چەمکی نەتەوایەتی خۆیان داوە و مێژو، جوگرافیا و ئاینی خۆیان هێندە بە گرینگ گرتوە. بەڵام لە سەر زمان و مێژو و جوگرافیای کوردستان مرتەقیان نەکردوە و ئێستاش نایکەن. نەیارانی کورد زانیویانە کە ئەگەر هەر لە منداڵیەوە مێشک و بیری کورد تێکبدەن و هەستی نەتەوەیی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن، ئەو کاتە دەتوانن بیری ئەو منداڵە کە گەورەش بو، بە بەرژەوەندی خۆیان سودی لێوەربگرن. بێخود نیە کە لە سەدا نەوەدی

گەنجی کورد ئەوانەی خوێندنی ئامادەیی و تەنانەت بڕوانامەی زانکۆشیان وەرگرتوە، لە سەر مێژو و جوگڕافیای ڕاستەقینەی کوردستان شتێکی ئەوتۆ نازانن و بە لایانەوە بێگانەن.

کاریگەری ئەم نەخۆشیە دەرونیە فراوانتریشە که تەنانەت بەشێکی هەر زۆری کورد لە و وڵاتانەی کە تێشیدا ئازادە، خۆی بە کورد و کوردستانی ناناسێنێت، بەڵکو کوردستانیبونی خۆی پێ شەرمە و شانازی بە ئێرانی، ئێڕاقی، تورکی، و سوریە بونیەوە دەکات. ئەمە ڤیروسی کورد کوژە و تەشەنەکەر و ئاوێتەکەرە کە لە نەوەکانی پێشترەوە بۆ کورد ماوەتەوە. هۆش و بیری کوردی ئەوەندە وەدواخستوە کە لە ئەوروپاش کوردێك لە کوردستانیبونی شەرمبکات و شانازی بە ناوی داگیرکەرانەوە بکات. هەگیز تورکێک، عەڕەبێک، فارسێک ناڵیت من ئاڵمانیم، تەنانەت ئەگەر لە ئاڵمانیاش لە دایک بو بێت. واتە حاشا لە نەتەوەی خۆی ناکات و تەنانەت ئەگەر وڵاتەکەی خۆشی بە دیتنیش نەدیبێت. ئەو نەخۆشیە دەرونیە، "کەمی هەستی

نەتەوایەتیە" و لە ناو گەلی کورد دا وەک شێرپەنجە ڕەگی داکوتاوە. ئەگەر چارەسەر نەکرێت، ئاوێتەی نەوەی داهاتوشمان دەبێت.

بە شێک لە خەڵکی کورد بە شێوەیەکی تر هیپنوتیزمی ڕەوانی کراوە و پێیان وایە کورد مافی هەستی نەتەوەیی کوردستانی بونی نییە. چونکە ئەمە داخوازیەکی ناسیۆنالیستانەیە. بۆ دەبێ ئێرانی یان ئێڕاقی بون ئینتەڕناسونالیستی بێت، بەڵام کوردستانیبون ئینتەڕناسیۆنالیستی نیە؟ بۆ کە ناوی کوردستان هات، مرۆڤ دەبێتە ناسیۆنالیست بەڵام کە ناوی نەتەوەکانی داگیرکەری کوردستان هات، مرۆڤ دەبێتە ئینتەڕناسیۆنالیست؟ ئەم جۆرە ڕێخراوانە، وتاریان ئینتەرناسیۆنالیستییە و ڕەفتاریان شۆڤینیستی و تەنیا بۆ فریودانی خەڵکی ساوێلکە و نەزانی کوردە کە ئەو جۆرە خۆیان پێناسە دەکەن. ئەگینا ئەگەر هێندە مرۆڤدۆستن، بۆچی بۆ گەلی کورد هیچ ناکەن و ئینتەڕناسیۆنالیستی کوردستان پێکناهێنن؟ بۆچی بۆ سەربەخۆیی وڵات و ڕزگاری سۆسیالیستیانەی گەلی ژێردەستەی

خۆیان هەوڵ نادەن؟ خۆ کورد لە هەمو نەتەوەکانی فارس، عەرەب و تورک هەژارتر و بێ مافترە. بۆچی خۆشەویستی نەتەوەیی کورد و خاکی کوردستان بە کورد ڕەوا نابینن و پێیان تاوانە بەڵام بە ناوی ئینتەرناسیۆنالیزمەوە بیروباوەڕی داگیرکەرانە و شۆڤینیستانە لە کوردستان پەرەپێدەدەن؟ بەم ناوە نوێنەرایەتی زۆردار و داگیرکەرانی وڵاتی کوردستان دەکەن و بۆ دور خستەنەوەی کورد لە دۆزی نەتەوەیی و شێواندنی ناسنامەکەی کار دەکەن. بۆ وێنە کۆمەڵە و حیزبی کۆمەنیستی کرێکاری بە هەمو باڵەکانیانەوە، سۆسیالیسەتەکان و چەپەکانی هەرچوار داگیرکەرەکەکی کوردستان.

بەشێکیش لە ڕێکخراوە کوردیەکان و کەسایەتیەکان لە پێناوی بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان هاوکاریی دەستەڵاتەکانی داگیرکەر دەکەن. پێویستە تێکەڵاوی لەگەڵ هەر لایەنێک لە چوارچێوەی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستاندا بێت. لەو نزیکایەتیەدا کوردان دەبێ وشیارانە هەڵسوکەوت بکەن و زمان

و کولتور و هەستی نەتەوەیی فێری وەچەی دوارۆژی کورد بکەن، کە دروستکەرتر، وشیارتر و کوردستان پەروەرتر بێت.

٧- هۆیەکی تری ڕێگری لە پێشکەوتنی دۆزی کورد، هەبونی ٢٢ وڵاتی دیکتاتۆری عەرەبە کە لە بەرانبەر کێشەی کورد دا هەردەم پشتیوانی لە ئێراق و سوریە دەکەن. هەمو وڵاتانی ئێسلامییش پشتگیری ئێرانی هاوئاین دەکەن. تورکیەش کە ئەندامێکی گرینگی ناتۆیە لەلایەن زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و هاوپەیمانەکانیەوە لە بەرانبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان بە هەمو شێوەیەک پشتگیری لێدەکرێت. بەهۆی بەرژەوەندیەکانی ئابوری و ڕامیاری وڵاتانی ناوچەکە و جیهان، کورد بێ هاوپەیمان، بێ دۆست و بێ ناسنامە ماوەتەوە. ئەو دەوڵەتانەی کە خۆشیان وەک دۆستی کورد نیشان دەدەن، تەنیا بۆ بەرژەوەندی کاتیی خۆیان کورد بەکار دەهێنن، ئەگینا هەمویان نکۆڵی لە سەربەخۆیی کوردستان و ناسنامەی کورد دەکەن.

هەر بۆیە پێویستە کە گەلی کورد و ڕێکخراوە کوردستانیەکان ماف و بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی خۆیان بناسن و یەکگرتوانە بەرەو ئاسۆی هاوبەشی ڕزگاری هەنگاو بنێن. پێویستە کە هەرتاکێکی کورد و هەر ڕێخراوەیەکی کوردستانی ئاگاداری پلان و بەرنامەی کاری خۆی بێت و لە چوارچێوەی ڕزگاری وڵاتە چوار پارچەکەیدا خەبات بکات.

ئەگەر کوردستانیان یەکگرتوانە و بە خەباتێکی بێوچانی کۆمەڵایەتی دور لە بەرژەوەندی بەرچاوتەنگی تاکە ڕێکخراوەیی، بەدروشمی سەربەخۆیی بۆ کوردستان و داگیرکەر بۆ دەرەوە بێنە مەیدان، مسۆگەرانە دەتوانن بە ئامانجی ڕزگاریخوازانەی خۆیان بگەن. تەنانەت نەتەوەکانی دراوسێش لەم ئازارە لە مێژینەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕزگار دەبن. بێگومان دوای سەرکەوتنیش، وشیاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنی دەستکەوتە نەتەوەییەکان، گرینگیەکی تایبەتی هەیە.

ئەگەر نەیارانی کوردستان بزانن کە یەکیەتی و هاوپشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە بەرەی خەباتی ڕزگاری نیشتمانیدا پارسەنگی هێز بە قازانجی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دەگۆڕێت و پاشەکشە بە داگیرکەران دەکات، بە فەرمی ناسینی کوردستان وەک جوگرافیایەکی ڕامیاری سەربەخۆ لە ئاستی ڕێکخراوی نەتەوەیە یەکگرتوەکان دا بە ئاسانی جێبەجێ دەبێت.

ئەوسا دەوڵەتانی دراوسێ و دۆستیش کە ئەمڕۆ دۆزی کوردیان وەکو کارتێکی یاری ڕامیاری- ئابوری بەدەستەوە گرتوە، لە پێشبڕکێی مامەڵەی ئابوری و پەیوەندی لەگەڵ کوردستاندا، خۆیان دەستپێشخەری دەکەن.

٨- نەبونی پیشەسازیەکی مۆدێرن و کزی بواری ئابوری بەشێک لە خەڵکی کوردستان.
بە هۆی بێکارییەکی بەربڵاو کە زیاتر ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی پیشەسازییەکی سەردەمیانە لە کوردستان، بەشێک لە

خەڵکی ناچارن بۆ دابینکردنی ژیانیان ڕوبکەنە شارەکانی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان. بونی"نەداری، بێکاری و زگی برسی" بۆتە هۆی هەژاری کولتوری و ناسنامەیی خەڵکی کوردستان.

٩- داگیرکەرپەرستی

بەشێک لە ڕێکخراوە ناسیۆنالیستیە کوردەکانیش داگیرکەرپەرستن و بۆ وێنە خۆیان لە هەمو ئێرانیەک پێ ئێرانیترە و بەم جۆرە پانئێرانیسم پەرەپێدەدەن و بەناوی لایەنگری خودموختاری، فدرالیسم و تەڕەماشی لەم چەشنە، خۆیان بە شۆڕشی کوردستانەوە هەڵواسیوە و هەمو هەوڵێکیان شەریکبونە لە دەستەڵاتی کۆنەپەرستانەی داگیرکەرانی کوردستان. ئەم ڕێکخراوانە بە نرخی ڕۆژ ناندەخۆن و بە شەو کوردستانی و بە ڕۆژ ئێرانی و ئێڕاقی و ... ن. بۆ وێنە کۆمەڵە بەهەمو باڵەکانیەوە، حیزبی کۆمەنیستی ئێران، شاپەرستەکان، حدکا، حدک، پدک، ینک، هەمو ئیسلامی و چەپەکان.

پێویستە ئەم لایەنانە باش بزانن کە بەیتوباللۆرەی"لە هەمو ئێرانیەک ئێرانی ترم" یان "کوردستان خەونی شاعیرانە" لای داگیرکەرانی کوردستان و ئۆپۆزیسۆنەکانیشیان گوێگرێکی ڕاستەقینەی نیە. ئەم ڕێکخراوانە بە درێژەدانی ئەم سیاسەتە چەوتەیان خزمەت بە داگیرکەران دەکەن و زیاترلای بیروڕای گشتی کوردستان خۆیان شەرمەزار و ڕیسواتر دەکەن. هەر بۆیە پێویستە هەرچی زوتر بەخۆیاندا بێنەوە و بۆ ڕزگاری وڵاتەکەمان ڕێبازێکی نەتەوەیی کوردستانیی بگرنەبەر و بۆ سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنەوەی هەمو پارچەکانی ڕاستگۆیانە تێبکۆشن. پێشینان چاکی بۆچونە کە دەڵێن: "دۆستت خەراپ بێ لەبەری هەڵێ، ڕوڕەشیی لەدوە ماچی مەنجەڵێ".

# بەشی شەشەم

## ٦- مافەکانی سەرەتایی مرۆڤی کوردستانی

هەبونی ناسنامەی نەتەوەیی، یەکسانیخوازی، ئازادی بیروڕا دەربڕین، مافی دەنگدانی ئازاد و ڕیفڕاندۆم بەشێکن لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤی کوردستانی.

جێگای ئاماژەیە ئەو مافانەی کە هەر تاکێکی کۆمەڵگە دەبێ لێیان بەهرەمەند بێت، لەلایەن داگیرکەرانەوە لە کوردستانیان زەوتکراون. تاکی کورد وەک کەسایەتیەکی کوردستانی نەک مافی بون و بەرگری لەخۆکردنی پێنەدراوە، بەڵکو بۆ ئەوەی نەبێتە خاوەنی ناسنامە و کیانێکی سەربەخۆ، ناسنامەی داگیرکەرانی بەسەردا سەپێندراوە.

لە بەرانبەر هەمو پیلانەکانی داگیرکەران بەشێک لە گەلی کورد نەک خۆی بەدەستەوەنەداوە، بەڵکو شێرانە هاتۆتەمەیدان و

خەباتی سەدانساڵەی خۆی لە پێناو ڕزگاریی نیشتمان و گەیشتن بە بەها مرۆڤیەکان پەرەپێداوە.

ئەوانەی لە پێناو سەربەخۆیی خاکی پیرۆزی کوردستان خەباتێکی بێوچانیان کردوە و لەو ڕێگایەدا گیانیان بەختکردوە، لە ناو دڵی کوردستانپەروەراندا جێگای تایبەتیان هەیەوە و هەمیشە ڕێزیان لێدەگرێت. ڕێگای ئەو نیشتمانپەروەرانە تا دوا ئامانج کە بەدیهێنانی ناسنامەی کوردستان و دابینکردنی ژیانێکی ئازاد و یەکسانیخوازانەیە بۆ گشت کوردستانیەک، بەدرێژەپێدانی خەباتی نەپساوەی گەلی کوردستان ڕێزی لێدەگیرێت.

بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردستان پێویستیمان بە ڕێبەرایەتی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵکی هەیە. واتە دەبێ کەسانی بەویژدان، ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر بڕیاربەدەست بن. پێویستە بەڕێوبەرایەتی یاسا و دەستگاکانی ئەو کۆمەڵگەیە لە ژێر چاوەدێری خەڵکانی پسپۆڕی سیڤیلدا بن و بۆ دابینکردنی

داخوازیە دێموکراتیکەکانی هاوڵاتیان کاربکەن. دەبێ هەمو هاونیشتمانیان بە بێ جیاوازی لە بەرانبەر یاسادا خاوەن مافی یەکسان بن.

بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵگەیە، کۆمەلانی خەڵک پێویستە کە ڕێخستنی خەڵکی پێکبێنن. ڕوناکبیرانی ئەم کۆمەڵگەیە دەبێ هەست بە بەرپرسیارەتی بکەن و لە پێناو پێکهێنانی ئەو کۆمەڵگەیە، ڕێبەرایەتی ڕێکخستنەکانی سڤیل بگرنە ئەستۆ. هەروەها بۆ پێکهێنانی یەکیەتی گەل و بەرزکردنەوەی داخوازیەکانیان بەرانبەر بە دەستەڵات، خەڵکی وشیارکەنەوە و بۆ ستاندنی مافەڕەواکانیان هانیان بدەن. کاتێک ڕادەی وشیاریی خەڵکی ئەوەندە بەرز بو کە بتوانن داخوازیەکانیان بە ڕێگای ئاشتیخوازانە و مرۆڤدۆستانە بە ڕوی بەڕێوبەرانی دەستەڵاتدا بەرزبکەنەوە، ئەوکاتە بەمەرجێک یەکگرتوانە داکۆکی لە مافەکانیان بکەن، دەتوانن داخوازیەکانی خۆیان بەسەر دەستەڵاتدا بسەپێنن و تەنانەت خوازیاری گۆڕانیشی بن. پاشان دەتوانن هەڵبژارتنی گشتی پێکبێنن و

نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک لە ناو دەستەڵاتی نوێدا دەستبەکاربن. ئەوکاتەش پێویستە کە دەستەڵاتی نوێ لە پڕۆسەیەکی کەمخایەندا بەرەبەرە داخوازیەکانی خەڵک جێبەجێ بکات.

دەبێ داخوازیە سەرەتاییەکانی وەک ئازادی بیروڕادەربڕین، ئازادی ڕاگەیاندن، ئازادی هاتوچۆ و پێکهێنانی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە لە لایەن دەستەڵاتەوە ڕابگەیەندرێن. ئەگەر دەستەڵات ئەو ئازادیانە پێشێلبکات، دەبێ خەڵک وشیاربن و هەر لە سەرەتاوە ڕاشکاوانە خوازیاری ئەو ئازادیانە بن و هیچ بڕوبیانویەکی ئەوڕۆ و سپەینێ لە دەستەڵات قبوڵنەکەن.

باشکردنی باری ئابوری ژیانی خەڵک و پێشخستنی زانست و تەکنۆلۆژیا، دەبێ بکرێتە پلانی دەستەڵات و لە پڕۆسەیەکی کەمخایەندا وەڵامدەرەوە بێت. دەستەڵاتی کۆمەڵانی خەڵک دەبێ داخوازیەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان جێبەجێ بکات. کاربەدەستانی

دەستەڵات دەبێ بەپێی داخوازیەکانی گەل کار بکەن و ئەگەریش دەستەڵات نەیتوانی داخوازیەکانی گەل دابینبکات، دەبێ گەل ئەوەندە بەهێز بێت کە دەستەڵات بە شێوازێکی یاسایی بگۆڕیت. بەدەستهێنانی ئەو کۆمەڵگە خەڵکیە لە ناو کوردەواریدا، هێندێک تەنگ و چەڵەمەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو کۆسپ و تەگەرانەش بەستراونەتەوە بەدابەشبونی کوردستان ولێکدابڕانی کۆمەڵگەی کوردەواری، نەتەنیا لە ناو چوار دەستەڵاتی نەیاری کورد دا، بەڵکو لە ناو هەر بەشەی کوردسانیش، کورد بە چین و توێژی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری وەک سەرۆک خێڵ، ئاغا، شێخ، سەید و کرمانج دابەشکراوە. دیارە ئەو دابەشکردنانە بە داخوازی کورد نەبوە بەڵکو زلهێزەکانی جیهان و داگیرکەران، کوردیان توشی ئەم نەگبەتیە و پارچەپارچەبونە کردوە. هەر بۆیە کورد بۆ گەیشتن بە دواترۆپکی ئازادی و سەربەخۆیی، ڕێگایەکی دورودرێژ و پڕ لە هەوراز و نشێوی لە پێشە، کە ڕێبوارانێکی ڕوناکبیر و شۆڕشگێڕی ماندویی نەناسی دەوێت.

بۆ پێکهێنانی دەستەڵاتێکی خەڵکی دەبێ هەستی نەتەوەیی زۆر بەرزبێت و گەلی کوردستانیش مافە سەرەتایەکانی خۆی بە

دروستی بناسێت. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە کوردستانیان پێویستە کە گیروگرفتەکانی ناو خۆیی وەک خێڵ، ئاغا، شێخ، مەلا، جاش و سەید چارەسەربکەن. لە ناو کۆمەڵگەی خەڵکی پێشکەوتو، گەل بە خێڵ و چین و توێژی جۆراوجۆر دابەش ناکرێت، بەڵکو هەمو تاکێکی کۆمەڵگە جێگەورێگەیەکی یەکسانیان دەبێت. گەلی کوردستان تا ئەو گۆڕانکاریە لە ناو خۆیدا پێکنەهێنێت، هەر لە پاشکەوتوییدا دەمێنێتەوە.

پێویستە کە گەنجان و خوێندکارانی کورد هەڵەکانی ڕابردوی باب و باپیرانیان دوپات نەکەنەوە و بۆ ئەوەی بتوانن لە گەڵ جیهانی پێشکەتودا ژیان بکەن، دەبێ لە بواری مافی مرۆڤ و پێشکەوتنخوازی، زانستیانە هەوڵی گۆڕانکاری ناو کۆمەڵگە بدەن.

# بەشی حەوتەم

## ٧- کولتوری نەتەوەی کورد

کۆمەڵێک پێکهاتەی وەک زمان، دابونەریەت و خووڕەوشت، تاکەکانی ناو یەک کۆمەڵگە بەیەکەوە گرێدەدەن کە پێیان دەوترێت کولتوری ئەو نەتەوەیە.

### ٧-١. زمانی پێدوان یان زمانی نەتەوە

گرینگترین و سەرەتایترین خاڵی نزیککردنەوەی ئەندامەکانی یەک نەتەوە، زمانی ئەو نەتەوەیە. هەر بە هۆی ئەو زمانەشە کە نەتەوەیەک دەتوانێت کولتور و ناسنامەی خۆی بە جیهان بناسێنێت. زمانی کوردی گرینگترین فاکتەری جیاوازی کوردە لە گەڵ نەتەوەکانی دراوسێی و هەر بۆیە وەک ناسنامەی نەتەوەیی دەناسرێت. زمانی کوردی بەچەند زاراوە دابەشدەبێت:

- کوردی ژورو (کرمانجی، شکاکی، بادینی)

نزیکەی سەدا چلوپێنجی (٤٥%) گەلی کورد لە ناوچەکانی باکوری کوردستان، ڕۆژئاوای کوردستان، پارێزگاکانی دەهۆک و موسڵی باشوری کوردستان، پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کوردستانی سۆر، کوردەکانی خوراسان، ئەرمەنستان، گورجستان، قەزاقستان و لوبنان پێیدەدوێن.

- کوردی ناوەندی (سۆرانی)

نزیکەی سەدا سی (٣٠%) گەلی کورد لە پارێزگاکانی سنە، موکریان، سلێمانی، هەولێر و کەرکوک پێیدەدوێن.

- کوردی خوارو (لوڕی، کەڵهوڕی)

نزیکەی سەدا پازدە (١٥%)ی گەلی کورد لە هەرێمەکانی کرماشان، لوڕستان و ئیلام پێیدەدوێن.

-گۆرانی یان هەورامی

نزیکەی سەدا پێنج (٥%)ی گەلی کورد لە ناوچەکانی هەورامانی باشوری کوردستان (خانەقین) و ڕۆژهەڵاتی کوردستان(پاوە) پێیدەدوێن.

- زازاکی یان دملکی

نزیکەی سەدا پێنج (٥%)ی گەلی کورد لە ناوچەکانی دەرسیم، ڕوحا و دەوروبەری ڕوباری فوراتدا پێیدەدوێن.

"جەلادەت بەدرخان" لە ساڵی ١٩٣١ دا یەکەم جار ئەلفوبێی کوردی لاتینی و ئارامی دانا. لە ساڵی ١٩٣٢ تا ١٩٤٣ ڕۆژنامەی "هاوار"ی لە شام بڵاوکردوە. هاوار تا ژمارە ٢٣ بە هەردوک پیتەکانی لاتینی و ئارامی چاپدەکرا. لە ژمارە ٢٤ وە تەنیا لاتینەیەکە بەچاپ دەگەیشت.



جەلادەت بەدرخان ١٩٥١- ١٨٩٣

گرفتی سەرەکی ئەلفوبێی کوردی ژورو:

| گرفت | کوردی ناوەندی | کوردی ژورو |
|---|---|---|
| نەبونی پیتەکانی "ح، ع" و نوسینیان بە "H" یان "E" | حەیران<br>هەرەوەز<br>عەفرین | Heîran<br>Herewez<br>Hefrîn, Efrîn |
| نەبونی پیتی "ڕ" و نوسینی بە"ر" | ڕاز<br>مەزار | Raz<br>Mizar |
| نەبونی پیتی "ڵ" و نوسینی بە"ل" | گوڵ<br>گول | Gûl<br>Gûl |

| چارەسەری |
|---|
| بۆ چارەسەری دەکرێت پیتەکانی "ح، ع" وەک " ĥ ، Ĥ " بنوسرێن.<br>پیتی "ڕ" بە ȓ -Ȓ بنوسرێت.<br>پیتی "ڵ" بە ł-Ł بنوسرێت. |

جێگای ئامازەیە کە پیتی"ع" کوردی نیە وشەکانیش دەکرێت بە پیتی"ح" بنوسرێن و هیچ کێشیەکیش لە وتنیاندا دروست نابێت، بۆ وێنە:

| چەند وشە بە پیتەکانی "ع" | Be Latînî |
|---|---|
| بەجیاتی "عەلیشیش" بنوسین "حەلیشیش" | Ĥalîşîş |
| بە جیاتی "باعە باع" بنوسین "باحە باح" | Baĥe baĥ |

شایەنی باسە کە کوردی ژورو لە هێندێک ناوچە بە پیتی ئارامیش دەنوسرێت. بۆ نوسینی زازاکی هەر لە پیتی کوردی ژورو کەلک وەردەگیرێت.

لێرەدا بۆ چارەسەری نوسینی لاتینی ٣٤ پیت پێویستە و لە وانە ١٠ یان دەنگدار و ٢٤ یان بێدەنگن و بەم شێوەیە دەنوسرێن:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| D-d د | Ç-ç چ - چ | C-c ج - ج | B-b ب - ب | A-a ئ - ا |
| H-h ھ | G-g گ - گ | F-f ف - ف | Ê-ê ێ - ێ | E-e ە - ە |
| K-k ک - ک | J-j ژ | Î-î ی - ی (ێیی کورت) | I-i لە بزرۆکە، ئارامیدانیە | Ĥ، ĥ ح - حـ عـ - ـعـ - ـع - ع |
| O-o ۆ | N-n ن - ن | M- م - م | Ł-ł ڵ - ڵ | L-l ل - ل |
| S-s س - س | Ȓ-ȓ ڕ | R-r ر | Q-q ق - ق | P-p پ - پ |
| V-v ڤ - ڤ | Û-û ئو (وو) | U-u وێیی چوکە | T-t ت - ت | Ş-ş ش - ش |
| | Z-z ز | Y-y ی - ی (ێیی درێژ) لە پێش ئەم پیتانەی دەنگداردێت: a,e,ê,i,î,o | X-x خ - خ غ - غ - غ | W-w و لە پێش و پاش ئەم پیتانەی دەنگداردێت: a,e,ê,i,î,o |

ئەلفوبێی کوردی ناوەندی، کوردی خوارو و گۆرانی ٣٢ پیتی هەیە و لە وانە ٦ یان دەنگدارن و ٢٦ یان بێدەنگن و بەم شێوە دەنوسرێن:

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئـ ،ا | ب | پ | ت | ج | چ | ح | خ | د | ر |
| ڕ | ز | ژ | س | ش | ع | غ | ف | ڤ | ق |
| ک | گ | ل | ڵ | م | ن | و | ۆ | ه | ە |
| ی | ێ | | | | | | | | |

لە هێندێک ئەلفوبێی کوردیدا "وو" بە یەک پیت دانراوە بەڵام "وو" دوبارەبونەوەی پیتی "و" ە. لە زمانەکانی تردا پیتێک کە دوپات بێتەوە لە ئەلفوبێدا حسابی پیتێکی جیاواز و سەربەخۆی بۆ ناکرێت، چونکە لە وتندا ئەگەر پیتی بێدەنگ بێت لەسەری ڕادەوەستین و ئەگەر پیتی دەنگدار بێت کێشی دەدەین. بۆ زیاتر ڕونبونەوەی ئەم بابەتە سەرنجی وشەکانی ناو خشتەکەی خوارەوە بدەن:

| فینلەندی | ئینگلیسی | کوردی |
| --- | --- | --- |
| Kuusi | Green | کوورِ |
| دوپاتبونەوەی پیتی " u" | دوپاتبونەوەی پیتی " e" | دوپاتبونەوەی پیتی "و" |

جێگای ئامازەیە کە دوپاتکردنەوەی پیتی"و" پێویست ناکات ئەگەر وشەکە مانای نەگۆڕدرێت. بۆ وێنە فرمانەکانی "بو" و "هەبو" زیاتر بە دو "و" نوسراون، کە بەیەک "و" بنوسرێن هیچ ماناکەیان ناگوردرێت و فرمانەکانیش لەوتن دا کێشیان نیە تا بە دو "و" بنوسرێن. کەواتە پێویست ناکات لاپەڕە و کاتی زیاتری پێبگرین. نوسەرانی کورد لێیان بۆتە چاولێکەری و زۆر وشە کە پێویستناکات پیتەکانیان دوپاتکرێنەوە بەڵام دوپاتیان دەکەنەوە.

ئەم کێشەیە لەگەڵ زۆرینە وشەکانی وەک "دو"، "دوپاتبونەوە"، " کردوە" ، ژماردوە" و ... هەیە کە لە وتندا هیچ کیشیان نیەو وشەی تریشمان بەیەک "و" نیە کە لەگەڵیاندا مانایەکەی بگۆڕدرێت.

بەڵام وشەی "کوورڕ" پێویستە بە دو "و" بنوسرێت، چونکە هەم لەوتن دا کێشی هەیە و هەم بەیەک "و" دەبێتە "کوڕ" و مانای جیاوازدەدات.

لێرەدا سەرنجتان بۆ گرینگی دوبارەکردنەوەی پیتی بێدەنگ ڕادەکێشم لە وشەکانی "گوللە"، "زللە" و "شەممە" کە دوبارەنەکردنەوەیان دەبێتە هۆی گۆڕانی مانای وشەکە بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە لە ئەلفوبێی کوردی ناوەندیدا پیتی "لل" یان "مم" مان هەبێت، کەواتە پیتی "وو" شمان نیە.

سێ گرفتی سەرەکی ئەلفوبێی کوردی ناوەندی:

| گرفت | ئەلفبای ئارامی | ئەلفبای Latini |
|---|---|---|
| ١- نەنوسینی بزوێنی "i" کە بە بزرۆکە ناسراوە. | بۆ وێنە وشەی "تفنک" (کونەلوت) | بە لاتینی Tifinik ئاسانتر دەنوسرێت تا بە ئارامی. |
| ٢- نەبونی هیچ جیاوازیەک لە نێوان "و" لەگەڵ "و"ی کورت. بەلاتینی "w" لەگەڵ "u" | بۆ وێنە "کەیخوسرەو" هەردوک "واوەکە" وەک یەک "و" نوسراوە. | بەڵام بە لاتینی زۆر باش جیاکراونەتەوە Keyxusrew |
| ٣- نەبونی هیچ جیاوازیەک لە نێوان "ی" لەگەڵ "ی"ی کورت. بەلاتینی "y" لەگەڵ "î" | بۆ وێنە وشەی "زەردەشتی" لەگەڵ "زەردەشتیار" هەردوکیان بە یەک "ی" دەنوسرێن. | بەڵام بە لاتینی زۆر باش جیاکراونەتەوە Zerdeştî Zerdeştyar |

## ٧-٢. خو و ڕەوشت

شێوازی ژیانکردن، هەستان و دانیشتن، خواردن و خواردنەوە، تێکەڵاویە کۆمەڵاتیەکان و بەگشتی هەمو ئەو دابونەریتانەی کە ڕۆژانە نەتەوەیەک بە یەکەوەگرێدەدات، خوورەوشتی ئەو نەتەوە پێکدێنن.

ئەو خاڵانەی خوارە بەگشتی بەشێکن لە خو و ڕەوشتی خەڵکی کورد:

*میوانداریەتی یەکێک لە و خاڵە باشانەیە کە کورد پێیەوە ناسراوە بەڵام هەر ئەو میوانداریە بۆتە هۆی دڵفراوانبون و دەرگا ئاوەڵابونی کورد بۆ نەتەوەکانی تر کە لە سەرەتادا وەک میوان هاتونەتە کوردستان و پاشان بونەتە داگیرکەر و دەستەڵاتدا لەسەر گەلی کورد. بۆ وێنە هاتنی ئازەریەکان لە ناوچەی ورمێ، سەڵماس، خۆی، میاندواو، شاهیندژ، نەغەدە و محەممەدیار یان هاتنی تورکەمەنەکان و عەرەبەکان بۆ

کەرکوک و موسڵ و خانەقین. هەروەها هاتنی تورکەکان بۆ هەمو شارەکانی باکوری کوردستان و عەڕەبەکان بۆ هەمو شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان.

* یەکێک لە خاڵە خەراپەکانی کورد ئەوەیە کە هەر تاکێکی کورد خۆی لە کوردێکی تر پێ زاناتر، وشیارتر، تێکۆشەرتر، ڕاستتر، قارەمانتر، گرینگتر و بە هەستره. بەڵام هەمان تاکی کورد خۆی پێ چوکەتره لە نەتەوەکانی تورک، عەڕەب و فارس. واتە کورد شێری ماڵێ خۆی و ڕێوی دەرەوەیە. ئەم نەخۆشیە لە سەرەتایترین بناغەی کۆمەڵ کە بنەماڵەیە سەرچاوە دەگرێت و تەشەنەی کردوە تا دەگاتە ناو حیزبەکان و کۆمەڵگەوە.

* خاڵێکی تری خەراپی نەتەوەی کورد گرێدراوبونی زیادە لە بەدەریەتی بە ئاینەکان. زۆربەی کورد ئاینی زۆر لا گرینگە و خۆی پێوە سەرگەرمدەکات و خوی پێوەگرتوە. هەر تاکێکی کورد لە بواری ئاینیدا خۆی پێ زانایە و بەشانازیەوەیش لە بەرانبەر کێشە ئاینیەکاندا هەڵوێست دەگریت، بێخەبەر لەوەی

کە هیچی لێ تێنەگەیشتوە و کورد گوتەنی" ئاگای لە خولەی بێزەواد نیە".

زۆربەی خەڵکی کورد هەمو تەمەنی تێپەڕدەکات بێ ئەوەی لە ڕاستیەکانی ئەم جیهانە تێبگات و بە نەزانی سەردەنێتەوە. هەروەک باوە و دەڵێن: "پاڵ وەماڵی خوادە"، "بەتەما خوای"، "کارنیە خوا چاکی نەکات"، "سەری خۆت داخەوە و خواپەرستی پکە."

جێگای زانینە کە دوپاتکردنەوەی هەرشتێک دەبێتە هۆی خوگرتن، ژیانکردن لەگەڵ خوگرتنیش دەبێتە نەخۆشی. ئەگەر سەیری ئەو نەزانیە و سەرلێشێواویەی کورد بکەین کاتێک کەسێک خۆی بە کەسێکی تر دەناسێنێت، گەلۆ پێویستدەکات هەمو ڕۆژێک ١٧ جار ناوی خۆی بەو کەسە بڵێتەوە. کاتێک ئەو کارەی کرد ئیتر ئەو کەسە نەخۆشی دەرونی هەیە و گیرۆدەیە و خوگربوە. بەهەمان شێوە پێویست بەوە ناکات کە کوردێک ڕۆژانە ١٧ ڕکات نوێژبکات و ١٧ جار بڵێت باوەڕم بە خوا هەیە.

ئەگەر درۆناکات و باوەڕی پێهەیە با یەکجار خۆی پێ بناسێنێت و بڵێت خوایە هەتا هەم باوەڕم پێتهەیە. ئیتر ئەو نەخۆشیە دەرونیە لە کۆڵ خۆی کاتەوە و پاشماوەی تەمەنی بە ساخی و دروستی بژیت و خۆی بە گرفتەکانی تری ژیان سەرگەرم کات. بەڵام ئەو ڕەوشتە لە دراوسێکانی کوردستان ئاوێتەی کورد بوە و تەشەنەی کردوە. نەیارانی کورد خو و ڕەوشت و کولتوری خۆیان وەک بیروباوەڕ بەسەر کورد دا سەپاندوە بۆ ئەوەی کورد بیری ناسنامەی خۆی نەکات و تەنیا بە کێشە ئاینەیەکان سەرگەرم و خوگرتوبێت و کاتی ئەوەی بۆ نەمێنێتەوە کە بەدوای پێشکەوتن و لێکۆڵینەوەکان دا بچێت.

* یەکێک لە خاڵەکانی تری فەرهەنگی کورد ئەوەیە کە کورد چەندە لە فیداکاریدا بێوێنەیە، ئەوەندەش لە پێچەوانەکەیدا بێوێنەیە. واتە کوردێک زۆر بە ئاسانی دەتوانێت گیانی خۆی فیدای هاوڕێکەی بکات، بەڵام هەمان کەس کە لە گەڵ هەمان هاوڕێی توشی ناخۆشی بو، لای زۆر ئاساییە کە بوختانی پێبکات، جنێوی پێبدات و تەنانەت بشی کوژێت.

*کورد زۆر کاتنەناسن و زۆر جار کاتژمێرێکی کوردی خۆی لە بەرەک دەکێشێتەوە و هەر کاتژمێرەی بە قەدەرای چوار تا پێنج کاتژمێری ستاندارد دەبێت.

*فەرهەنگی خۆخۆری ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە و کورد لە و بوارە لە جیهاندا یەکەمە. جاش و سیخوڕەکان نمونەکی بەرچاون کە ژمارەیان دەیان جار لە ژمارەی پارتیزانەکانی پێشمەرگە و گریلا زیاترە. هۆی ئەو سیخوڕیە دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی کە داگیرکەرانی کوردستان ژیانی ئابوری نەتەوەی کوردیان ئەوەندە دابەزاندوە کە زۆربەی گەلی کوردستان شەو و ڕۆژ بە بیری بەدەستهێنانی نانی زگ و بەخێوکردنی منداڵەکانیان بن. هێندێک لە خەڵکی کوردستان ئەوەندە خواست نزمکراون کە تەنانەت تامەزرۆیان نییە بیر لە ناسنامەکەیان بکەنەوە.

*زۆربەی خەڵکی کورد لە ناو ژیانی بنەماڵە و کۆمەڵایەتی باوەڕی بە یەکسانی نییە. مافەکانی ژن، منداڵ و

کەمئەندامان زۆر بە ئاشکرایی پێشێلدەکرێن. پیاوسالاری دەسەڵاتدارە و ژن وەک کۆیلەیەک، خزمەتکارێکی ماڵ، کاڵای بازاڕ، نیوە مرۆڤ و ژێر دەستە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت. بۆ وێنە هێندێک جار کێشەی ناو خێڵەکان کە پیاوەکان دروستی دەکەن، بەڵام ئاشتی و ڕێککەوتنەکەی (مەسڵەتەکەی) بە بەخشینی کچێک یا خود مەلۆتکەیەکی کچی سەرلانکە چارەسەر دەکرێت. تا ئێستا نەبیستراوە کە بنەماڵەیەک کوڕێک لە خوێنی ڕێککەوتنێک بداتە دوژمنەکەی خۆی، بەڵام زایاکردنی کچ بە دوژمنیش، وەک کارێکی گونجاو لە ناو کورد جێکەوتوە.

* خەتەنەکردن (میتکەبڕین)ی کچان یەکێکی تر لە ڕەوشتەکانی نامرۆڤیی خەڵکی کوردە. زۆربەی ژنانی کورد هەر لە منداڵیەوە بە خەتەنەکردن، ئەتکدەکرێن. شایەنی باسە کە خەتەنەکردن وەک ئەرکێکی ئاینی لە ناو کورد بۆتە نەریت، بێئاگا لەوەی کە ژنانی خەتەنەکراو ناتوانن وەکو پێویست لە بواری سێکس هەستی ژنایەتی خۆیان هەبێت و

تاموچێژی پێویستی لێوەرگرن. ئەو کردەوە چونکو هەستی خۆشی مرۆڤێک بۆ هەمیشە لە بەیندەبات کارێکی ناڕەوا و نامرۆڤانەیە.

* درۆ، دوزمانی و بوختان لە تایبەتمەندیکانی داگیرکەرانی کوردستانن و بۆ کورد بە دیاری هێندراون و کوردیش خوی پێگرتون. لای کورد زۆر ئاساییە ڕوداوێک کە ڕوشی نەدابێت وای لەقەڵەمبدا کە ڕویداوە یاخود کەسایەتی کوردێکی تری پێ سوککات و درۆی دەسەر دابشکێنێت. دیارە زۆرینەی کورد ئەو ڕەفتارەی تەنیا دژبە کورد بەکار هێناوە و لە بەرانبەر داگیرکەران دا سەرشۆڕی و وسکوتی هەڵبژارتوە.

* ماستاوچیەتی(خولْقکردنی) بێواتا و بێمانا زۆر باوە لە کوردستاندا. بۆ وێنە لەکاتی شتومەک کڕیندا خاوەن دوکان زۆر بە ئاسایی و چەندین جار بە کڕیار دەڵێت "میوان بە"، "لێیگەڕێ" و "با من دراوەکەی بدەم". ئەمە لە حاڵێکدایە کە فرۆشیار تەنانەت حەزدەکات قۆڵی کڕیار لە بنڕا ببڕێت. یان

کاتێک دو کەس بەرەو ماڵەکانیان ماڵئاوایی لەیەکتر دەکەن، بە تکایەکی زۆر بانگێشتی یەکتردەکەن بۆماڵەکانیان، ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەردوکیان دەزانن کە درۆدەکەن. یان کاتێک چەند کەس دەیانەوێت شتێک بکڕن یان دراوی تێچوەک بدەن، هەمویان لەسەر ئەوە کە کامیان دراوەکە بدات، کێشەوهەڵا سازدەکەن کە لای خەڵکانی خاوەن شارستانیەت زۆر ناشیرنە. بە جێگەی ئەو شانۆی گاڵتەجاڕە دەکرێ پێش کڕینی شتەکە بڕیار بدرێت کێ دراوەکە بدات یان کاتێک یەکێک دەڵێ دراوەکە دەدەم، پێویستە ئەوەی تر باوەڕبکات و کارەکەی لا ئاسایی بێت.

* ژن کوشتن لە سەر بابەتی ناموسی و کوتەککاری ناڕەوای کچان و ژنان دیاریدەیەکی زۆر ناشیرینە کە بە شێک لە کوردەکان پێوەشانازن. ئەو کوردانە بێخەبەرن لەوەی کە لە بواری دەرونی نەخۆشن و بەو دیاریدە نامرۆڤانەیان، نەتەوەی کوردیان لە ناو جیهاندا بە کێوی و خراپکار ناساندوە.

لەم بوارەدا ژنکوژانی کۆنەپەرست و مێدیای کاسەلێسی داگیرکەران و نەیارانی کوردستان، نەتەوەی کوردیان لای بیروڕای گشتی دنیا سوک کردوە.

بەشیک لە کوردان زۆر دڵپیسن و هەردەم بەهانەدەگرن و بوختان بە هاوسەرەکانیان دەکەن و دەیاندەنە بەر کوتەک و تا بۆیان دەکرێت شکەنجەی دەرونی و جەستەیان دەکەن. زۆرینەی ئەو کوردانە نەخۆشن و چونگاتی خۆیان لە ناوەرۆکدا کەسایەتی پیسیان هەیە، وا بۆچونێکیان هەیە کە هەمو کەس وەک ئەوان دەرون و داوێن پیسە.

* جێگای داخە کە بەشێک لە کوردان زۆر پێسکێرن و زانستێکی دروستیان نیە لەسەر پاکوخاوێنی. بۆ وێنە کورد زۆر لای ئاساییە کە لە خولەکێکدا چەندجار دەست لە لوتی وەردا و پاشان تۆقە لە گەڵ یەکی تر بکات و نانیش بەهەمان دەست بخوات. یان لە کاتی جۆلابێنە زۆر بە ئاسایی دەستی هەموان دەچتە ناو ئەو گۆرێ بۆگەنیوانە و پاشان بەهەمان دەستە بۆگەنەکان خواردنی گرێوەکەی جۆلابێنە دەخۆن.

کوردستانیان بە یەکترماچکردن وملّچەملّچ لە کاتی دیدار و ماڵئاوای ڤیروسەکانیان ئاوێتەی یەکتری دەکەن. بەشیک لە کوردان تاکوبلّێت لە پاکوخاوێنی بێمبالاتن بەتایبەتی لەکاتی چێشتلێناندا. هێندێک جار چێشتی کوردی لە مو بگرە تا ئەسپێ و کێچیشی تێدا پەیدادەبێت.

*کورد لە خوێندنەوەدا زۆر تەمبەڵە. بەشێکی هەرە زۆری کورد ئەگەر خوێندەواریشی هەبێت، مەگەر زۆرداریەکی لەسەربێت یان ناچاربێت ئەگینا سەرنج بەخوێندنەوەی پەڕتوک یان ڕۆژنامە و گۆڤار نادات. زۆربەی خەڵکی کوردستان خۆیان پێ پسپۆڕی هەمو بابەتەکانە و بێ ئەوەی زانیاریان لە سەر بابەتێک هەبێت، بڕیاری لەسەر دەدەن. واتە کوێرکوێرانە قەزاوەت کردن، کاری زۆربەی کوردستانیانە. ئەمە نەخۆشی دەرونی نەتەوەکەمانە و کەم کەس هەستی بەو بەڵا گەورە کردوە. پێوسیتە کە کورد زیاتر بخوێنێتەوە و دەیان بابەتی جۆراوجۆر هەڵسەنگێنێت، ئینجا کە لەسەر بابەتێکیش دوا، بە هەستیاریەوە باسی بکات، چونکە هیچ

زانستەک یەقین (ئەبسوڵوت) نیە و دەکرێت لەسەر هەربابەتێکی وژاو، دەیان بیروبۆچون هەبن. پاشان لە بڕیاردان و گوتندا، تاکی کورد بڵێت کە من وام پێباشە، یان وا بیردەکەمەوە، نەک ئەوە سەداسەد وایە یان دەبێ وابێت.

* تایبەتمەندیەکی یەکگرتویی کوردەکان ئەوەیە کە جێژنی نەورۆز بە جێژنی نەتەوەیی خۆیان دەزانن. لە نەورۆزدا هەم ساڵی کوردی تازە دەبێتەوە، هەم وەرزی بەهار دەستپێدەکات و ژینگەی کورستانیش نوێ دەبێتەوە.

## بەشی هەشتەم

## ٨- چەند کارەساتی دڵتەزێنی کۆتای سەدەی بیستەم لە کوردستان

ڕوداوی ٨ ساڵ بۆمبارانی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان لە لایەن داگیرکەرانی ئێران و ئێڕاقەوە.

شۆڕشی گەلانی ئێران و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زستانی ١٩٧٩ی زاینی کۆتایی بە دەستەڵاتی ڕژیمی دیکتاتۆڕ و نژادپەرستی پاشایەتی پەهلەوی هێنا. پاشان چەند مەلا بە ڕێبەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی و بە دۆستایەتی و لایەنگری ولاتانی فەڕانسە و بریتانیا هاتنە سەرکار و خۆیان بەسەر گەلانی ئێران داسەپاندن. هاوکات دارودەستەی دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو بە هاوکاریی ئابوری و چەکوچۆڵی دەستەڵاتی ئێڕاق و بەناوی "حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران" دەستی بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان داگرت.

لەو کاتە هەستیارەدا کە هەمو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئازاد ببو، سوپای ئێران تا خۆی گرت، چەند مانگێک یاری خۆی بە کوردەکانی ڕۆژهەڵات کرد و پاشان ئایەتوڵڵا خومەینی فەرمانی شەڕی (جیهادی) دژی گەلی کورد ڕاگەیاند و بە سوپایەکەی وت کە "پۆستاڵەکانتان دامەکەنن تا هەمو کوردستان داگیرنەکەن".

جێگای ئامازەیە کە پارتی دێموکڕاتی کوردستان بە فەرمانی مەسعود بارزانی شانبەشانی لەشکری ئێران بست بە بستی خاکی ئازادکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گەڕاندەوە بندەستی داگیرکەری ئێران. لەو شەڕە داگیرکەر وخەیانەتکارانەدا بە دەیان هەزار کورد کوژران و ئاواتی کوردستانێکی ئازاد لەگۆمی خوێن دا سورکرا.

دەستەڵاتی ئێڕاقێش لە کۆتای هاوینی ١٩٨٠ بە هاوکاریی دەستەڵاتی ئەمریکا هێرشی بردە سەر ئێران و ناوچەی شاری خورەمشاری داگیرکرد.

لە ئاکامدا شەڕێکی زۆر قورس لە نێوان ئێران و ئێڕاق دەستی پێکرد. ئاژاوەکە وڵاتانی ڕۆژئاوا نایانەوە بۆ ئەوەی چەکەکانی پاشماوەی جەنگی جیهانی دوەم بفرۆشن و بازاڕی مامەڵەی نەوت و چەک لە دەست خۆیاندا بێت. لە ئاکامدا گەلی کورد لە هەمو لایەنێک زیاتر زەرەرمەند بو و کوردستانیش کاولکرا.

بۆ ماوەی هەشت ساڵ ڕۆژانە دەستەڵاتی ئێڕاق شارەکانی بانە، سەردەشت، پیرانشار، بۆکان، مەهاباد، سەقەز، کرماشان و ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆمباران دەکرد. دەستەڵاتی ئێرانیش لە وەڵامدا شارەکانی باشوری کوردستانی وەک قەڵادزێ، سەنگەسەر، ڕانیە، دیانان، هەڵەبجە، دوکان، چۆمان، خانەقین و ... بۆمباران دەکرد.

فڕۆکەکانی ئێڕاق لە ١٩٨٥/٣/٨شاری پیرانشاریان بۆمبارانکرد کە تێیدا زیاتر لە ٥٠٠ کەس کوژران و ٥٠٠٠ کەسیش بریندار و پەککەوتە بون و بە هەزاران خانوبەرەش خاپورکران.

لە ماوەی ٢/٢٢ تا ١٩٨٨/٩/٦ دەستەڵاتی ئێڕاق دەستی کرد بە گرتن و بە پۆل کوشتن و زیندەبەچاڵکردنی گەلی کورد کە تێیدا سەدوهەشەتاودوهەزار (١٨٢٠٠٠) کەس لە خەڵکی بێتاوانی کوردی ئەنفالکرد.

ئەنفال ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە و لە کاتی داگیرکردنی کوردستان و کۆمەڵکوژی گەلی کورد بەکار هاتوە. ئەڵڵا سورەی ئەنفالی لە ئاسمانان ڕا بۆحەزرەتی محەممەد (درودی خوای لەسەربێت) ناردوە وفەرمانی داوە کە موسڵمانانی عەڕەب هێرشبەرنە سەرگاوران و بە ناوی کافربون کۆمەڵکوژیانکەن و سامانەکەیان تالانکەن و ژنەکانیان بەکەنیزە بگرن. ئەڵڵا لە قورئانی پیرۆز دا بە حەزرەتی محەممەد (درودی خوای لەسەربێت) فەرموە:

إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرَّعْبَ فَاضْرِبُواْ فَوْقَ الأَعْنَاقِ وَاضْرِبُواْ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ.

ئەوکاتەش کە پەروەردگارت، وەحی دەرکرد بۆ فریشتەکان، کەواتە ئەو کەسانەی کە بڕوا و ئیمانیان هێناوە، دڵنیابکەن، کە ئەمن لەگەڵیاندام. بەم زوانەش ترس و لەرزە دەخەمە دڵ و دەرونی ئەو کەسانەی کەبێ بڕوان، کەواتە بدەن لە سەروی گەردنیان، بدەن لە سەرپەنجەکانیان (سوڕەی ئەنفال، ئایەتی ١٢).

واتە ئەڵڵا مافی کوشتنی کوردەکانی زەردەشتی داوە کە خودا پەرست بون، بەلاّم ئەڵڵا پەرست نەبون. زەردەشتیەکان هەم نویژیان دەکرد وهەم ڕۆژویان دەگرت. تەنانەت وشەکانی ڕۆژ و نوێژ لەئاینی زەردەشتیەوە وەرگیراون.

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُواْ مِئَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّائَةٌ يَغْلِبُواْ أَلْفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَفْقَهُونَ.

ئەی پێغەمبەر بڕوادارن هانبدە بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەوانە کە بێبڕوان، ئەگەر بیست کەسی خۆڕاگرتان تێدابێت، زاڵبدە بە سەر دوسەد دا، ئەگەر لەئێوە سەدکەس هەبێ، زاڵبدەن بە

سەر هەزارکەسدا، چونکە ئەوانە هۆزێکی تێنەگەیشتون (سورەی ئەنفال، ئایەتی ٦٥).

مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الآخِرَةَ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ.

ڕەوانیە بۆ هیچ پێغەمبەرێک دیلی جەنگی هەبێت، تا بە باشی لە سەر زەویا دوژمن کز و لاواز نەکات و زۆریشیان لێ نەکوژێ، ئێوە کالا و ماڵی دنیاتان مەبەستە، ئەڵلاش پاشە ڕۆژی دەوێ، ئەڵلاش زاڵە و کاربەجێیە (سورەی ئەنفال، ئایەتی ٦٧).

لەم ئایەتە دەردەکەوێت کە ئەڵلا دژی دیلگرتن بوە و مافی کوشتنی دیلەکانی جەنگیشی داوە. دیل کوشتن تەنانەت لای مرۆڤەکانی بەویژدان هەمیشە بەکارێکی زۆر ناشیاو دانراوە. ئەڵلا لای ڕونبوە کە موسڵمانان لە شەڕەکاندا مەبەستیان کالا و ماڵی دونیا بەدەستهێنان بوە تا بڵاوکردنەوەی ئاین.

لەسەر هەمان بنەما سەددام حوسێن پێغەمبەرئاسا فەرمانی ئەنفالی گەلی کوردی دا. پاشان دەستەڵاتی ئێڕاق دەستی کرد

بە کیمیابارانی ناوچەکانی باشوری کوردستان کە تەنانەت لە ژێر دەستەڵاتی خۆیدا بون. بەم جۆرە لە بەهاری ١٩٨٧ دا دەستەڵاتی ئێڕاق ٢٤ گوندی لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا دو جار کیمیاباران کرد. ناوچەکانی "شێخ وەسان، کانی بەرد، پاسیان و کۆتیمان" کەوتنە بەر کیمیابارانی دەستەڵاتی ئێڕاق و لە ئاکامدا ١٣٠ کەس کوژران و ٥٠٠٠ کەسیش پەککەوتە بون کە بۆ هەمو ژیانیان شوێنەواری چەکی کیمیایی لەسەر لەشیان مایەوە.

لە ١٩٨٧/٦/٢٨ دا شاری سەردەشت لە لایەن فڕۆکەکانی دەستەڵاتی ئێڕاقەوە کیمیابارنکرا و لە ئاکامدا ٢٠٠ کەس بە گازی کیمیایی ژیانیان لە دەست دا و ٢٠ هەزارکەسیش پەککەوتە بون.

لە ١٩٨٨/٣/١٦ سوپای ئێران هێرشی کرد بۆ سەر هەڵەبجە و سوپای ئێڕاق لە کاتی پاشەکشەکردنی بۆمبی کیمیایی بەسەر خەڵکی بێتاوان و سڤیلی شاری هەڵەبجەدا باراند. لە ئاکامی

ئەو کۆمەڵکوژیەدا زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس کوژران و بە دەیان هەزار کەسیش پەککەوتە بون. شایەنی باسە کە کاریگەری ئەو کیمیایە لە سەر وەچەکانی پێشەڕۆژی ئەو پەککەوتانەش دەمێنێتەوە.

لەو کارەساتە وڵاتانی جیهانی بە ناو مرۆڤدۆستی لە ڕاستیدا درۆزن و دوڕو، مرتەقیان نەهات و تاوانەکەی دەستەڵاتی ئێڕاقیان شاردەوە. بۆمبەکانی کیمیایی کە لەلایەن دەستەڵاتی ئێڕاقەوە بە سەر کوردستاندا بارێندران، لە لایەن وڵاتانی ئاڵمان و هوڵەندەوە بە دەستەڵاتی ئێڕاق فرۆشرابون.





تاوانەکانی دەستەڵاتی ئێڕاق لە هەڵەبجە

## بەشی نۆهەم

# ٩- چەند کەسایەتی شۆڕشگێڕی کوردستانی

### ٩-١. مەلای جزیری

مەلای جزیری هەڵبەستوانی ناسراوی کورد لە چەرخی پازدەهەمدا بە دەیان هەڵبەستی نیشتمانپەروەری نوسی و بە سەدان کوردی فێری خوێندەواری کرد. جزیری لە ساڵی ١٤٠٧ی زاینی لە شاری جزیری باکوری کوردستان لە دایک بو و لە ساڵی ١٤٨١ کۆچیدوایکرد.



مەلای جزیری

## ٩-٢. خانزادی میری سۆران

خانزاد کچی " شاقول بەگی سۆران" بو کە لە ساڵی ١٥٥٠ی زاینی لە شاری"سۆران"ی باشوری کوردستان لە دایکبو. دوای ئەوەی "میر سولەیمان بەگی" برای خانزاد لە ساڵی ١٥٩٠ بە پیلانێکی فریوکارانە و بەفەرمانی سەرفەرمانداری عوسمانی بە ناوی "لەشکری" لە ڕێگای بەغدا دەرماندراوکرا، خانزادە خاتون فەرمانڕەوایی میرنشینی سۆرانی بەستۆوە گرت و کاروباری میرنشینیەکەی ڕاپەڕاند.

پاش مانگێک خانزاد نامەیەکی بۆ سەرفەرماندار" لەشکری" نارد و داوای لێکرد کە زەماوەندی لە گەڵبکات. چونکە خانزاد لە جوانیدا زۆر بەناوبانگ بو،" لەشکری" لەگەڵ ٢٠٠ چەکداری عوسمانی بۆ بانگێشتی زەماوەندکردن چون بۆ سۆران. هەر چەکدارێکی عوسمانی لە لایەن بنەماڵەیەکی کورد بانگێشتکرا و" لەشکری"یش میوانی خانزاد بو. لە شەوی چلەی ماتەمینی سۆراندا، هەمو ٢٠٠ چەکدارەکەی عوسمانی و "لەشکری"

دەرماندراوکران و بەم شێوە خانزاد تۆڵەی برایەکەی خۆی لە ئیمپڕاتۆڕی عوسمانی کردەوە.

خانزادی سۆران شاژنەکی وشیار و رۆشنبیر بو، خەڵک زۆری لێڕازیبون بەڵام لە هەمان کاتدا زۆریشی لێدەترسان. ئەم شاژنە کوردە لە سوارچاکی و دەستەڵاتداریدا بۆتە مایەی شانازی ژنانی کورد. خانزاد ژنێکی باڵا بەرزی پرچ ڕەشی جوان، ئازا، بە توانا و بوێر بو. لەکاتی جەنگ و بەرەنگاری دوژمناندا، هەمیشە خۆی پێش سوپاکەی دەکەوت. لە ماوەی ٧ساڵ فەرمانڕەوایدا گەلێ قوتابخانە، ڕێگا، پرد و قەڵای دروستکرد کە هێندێکیان تائێستاش شوێنەواریان ماوە و دیارترینیان ئەمانەن: گەلی خانزاد، کۆنە دیوار و وێنەکەی چیای هەریر، قوڵغە سوپاییەکان لە ناوچەی هەریر و قەڵای خانزادە لە نێوان پیرمام و شاری هەولێر.

لە سەرەتای دەستەڵاتداری خانزاد، خەڵکی سۆران توشی برسییەتی هاتون، بۆیە پێیان وتوە "خانزادێ خانان، خەڵکەکەت خەریکە لە برسان بمرن".

خانزاد لە وەلامدا وتویەتی "بۆ لەبرسان دەمرن، با نان و شیربرنجی بخۆن". پاشان تێیانگەیاندەوە کە خەڵکەکەت هەژارە و هیچیان نیە بیخۆن.

هەر بۆیە خانزاد لە ماوەی دوساڵدا پڕۆژەی کشتوکاڵ و بازرگانی باشی بۆ ناوچەی سۆران دانا و ژیانی خەڵکی زۆر باشترکرد.

خانزاد لە ساڵی ١٥٩٧ لە لایەن ئیمڕاتۆری عوسمانی بە دەستی پیرەژنە تورکومەنێکی کوردیزانی فاڵگر دەرماندراوکرا. لە یەکەم شەوی ماتەمینی سۆراندا، میرنشینی سەربەخۆی سۆران، لە لایەن ئیمپڕاتۆڕی عوسمانی داگیرکرا.

هەروەک لە کوردەواری دا باوە دەڵێن "کورد کە مرد لینگی درێژتر دەبن" واتە پاشمردنی ڕێزی زیاتر دەبێت. هەر بۆیە خەڵکی سۆرانیش پاش مردنی خانزاد نرخی ئەو ژنە شۆڕشگێڕەیان بۆ دەردەکەوێت و دەڵێن:

"هەتا خانزادی سۆران میر بو

بەردی بەستان پەنیر بو

ئاوی ڕوباران شیر بو."



## ٣-٩. ئەحمەدی خانی

چیرۆکی مەم و زین یەکێک لە شاکارەکانی ئەحمەدی خانییە کە هەم لە کوردستان و هەم لە بە شێک لە وڵاتانی تری جیهان ناسراوە. چیرۆکی مەم و زین لە ڕۆژی نەورۆزی ١٦٩٥ لە شاری جزیری باکوری کوردستاندا ڕویداوە. مەم و زین ئاشق و شەیدای یەکتر دەبن و بە زیندویی بە یەک ناگەن، بەڵام پاش مەرگیان بە یەک دەگەن. مەم کە کوڕە هەژار و کرمانج بو و برایەکی لە خۆی مەزنتری هەبو. زین کە کچە میری ناوچەی جزیر و بۆتان بو و خوشکەکی لە خۆی گەروتری هەبو. مەم ئاشقی زین دەبێت و پاشان برایەکەی مەم ئاشقی خوشکە گەورەکەی زین دەبێت.
باوکی مەم بەو کارە دەزانێت و هەمو سامانی خۆی دادەنێت کە کچەکانی میر بۆ کوڕەکانی خۆی بخوازێت. بە گوێرەی داب و نەریەتی کوردەواری پێشتر براگەورە و خوشکە گەورە زەماوەند دەکەن و قەراربو پاشان مەم و زینیش بە یەکەوە زەماوەند بکەن.
بەڵام نۆکەرێکی میر، بۆ ئەوەی کە میر زین نەداتە مەم، گێچەڵسازی دەکات. لە ئاکامی دوزمانیدا، میر، مەم زیندانی

دەكات. دوای ساڵێک مەم لە زیندان تێکدەچێت و خولیای زین دەبێت و ئیتر خواردنی بۆ ناخورێت. پاشان زین کە ئەو هەواڵە دەزانێت و ئیزنی دیتنی مەمی نابێت، ئەویش لە تاوی مەم نەخۆش دەکەوێت. مەم لە زیندانی میر دا، بە دەستی نۆکەرەکەی میر دەرماندراو دەکرێت و دەمرێت. زین کە هەواڵی مردنی مەم دەزانێت دەچێتە سەر چیا و خۆی دەخاتە ناو چۆم.

پاش مەرگی مەم و زین، میر لە کارەکەی خۆی پەشیماندەبێتەوە و مەم و زین بە ڕێزێکی زۆرەوە لە یەک گۆڕدا دەنێژرێن. هەر لەو ماتەمینە دا برا گەورەکەی مەم، لە پێش چاوی میر، نۆکەرەکە بە خەنجەر دەکوژێت.

دەڵێن هەمو ساڵێک لە سەر گۆڕی مەم و زین دو گوڵی سور دەڕوێن و لە هەمو وەرزی بەهار ئەو دو گوڵانە وەک یەک و بە درێژای یەک ژیان دەکەن. گۆڕی مەم و زین لە شاری جزیری باکوری کوردستانە.





ئەحمەدی خانی ساڵی ١٦٥٠ لە شاری بازیدی باکوری کوردستان لە دایک بو و ساڵی ١٧٠٦ کۆچیدوایکرد. گڵکۆی خانی لە شاری بازیدە و لای کوردانی باکور باوە کە دەڵێن گەلی کورد پێویستە زیارەتی (حەجی) خۆی لەسەر گڵکۆی خانی بەجێ بێنێت.

### ٩-٤. حاجی قادری کۆیە

حاجی قادری کۆیە هەڵبەستوان و مامۆستایەکی گەورەی کوردستان بوە کە بە دەیان هەڵبەستی شۆڕشگێڕانەی نوسیوە و هەستی نەتەوەیی خۆی بەم جۆرە دەربڕیوە. ئەو خەڵکی هانداوە بۆ زانست و پێشکەوتن و دژی کۆنەپەرستی و داگیرکەران هەڵوێستی ژیرانە و نیشتمانپەروەرانەی گرتوە. حاجی قادری کۆیە لەساڵی ١٨٨٠ داوای لە سەرکردە کوردەکان کرد کە یەکبگرن و سەربەخۆی کوردستان ڕابگەێنن. لە ماوەی ژیانیدا زۆر کەسی فێری خوێندەواری و زانستی کوردایەتی کرد. دیوانە هەڵبەستەکانی حاجی قادری کۆیە لە ساڵی ١٩٨٦ لە چاپدرا.




حاجی قادری کۆیە لە ساڵی ١٨١٥ لە گوندی گۆرقەرەجی نزیک شاری کۆیە لە دایک بو و لە ساڵی ١٨٩٢ ماڵ ئاوای لە ژیانکرد و لە گۆرستانی قەرەج ئەحمەد لە ئەستەنبول نێژرا.

## ٩-٥. میقداد مەدعەت بەدرخان

ڕۆژنامەی کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بوە کە بۆ یەکەمین جار لە لایەن میقداد مەدعەت بەدرخانەوە لە ١٨٩٨/٤/٢٢ دا لە شاری قاهیرە نوسراوە. میقداد لە بنەماڵەی بەدرخانەکانی باکوری کوردستان بو و لە پەنابەری و ئاوارەییدا ڕۆژنامەی کوردستانی دەرکرد.



میقداد مەدعەت بەدرخان

## ٦-٩. یونیس ڕەئوف دڵدار

هەڵبەستوانی تێکۆشەری کورد مامۆستا دڵدار لە کاتێکدا کە لە بەندیخانەی دەستەڵاتی عێراق زیندانی بو هۆنراوەی "ئەی ڕەقیب"ی نوسی کە پاشان بو بە سرودی نیشتمانیی گەلی کورد. لەساڵی ١٩٤٥ لە زانکۆی بەغدا بەڵگەنامەی پارێزەری وەرگرت و لە ساڵی ١٩٤٨ کۆچیدوایکرد.



مامۆستا دڵدار (١٩١٨/٢/٢٠- ١٩٤٨/١١/١٢)

## ٩-٧. مارگرێت جۆرج

مارگرێت کچە ئاسوریەکی باشوری کوردستان بو کە لە ساڵی ١٩٦١ لە تەمەنی ٢٠ساڵیەوە چوە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕش و وەک سەرکردەیەکی ئازای مەیدانی شەڕ دژی داگیرکەری ئێڕاق خەباتی کرد. ئازایەتی مارگرێت زۆر زو دەنگی دایەوە و بو بە یەکەم فەرماندەی نەترس و سەرکەوتوی شەڕی نێوان کوردستان و سوپای ئێڕاق.

لە ئەنجامدا مەلامستەفا بارزانی ئێرەیی پێبرد و ترسی هەبو کە مارگرێت ببێتە سەرکردەی هەمو شۆڕش، هەر بۆیە بانگێشتی کرد بۆ بارزان. کاتێک کە مارگرێت گەیشتە بارزان، بەفەرمانی مەلا مستەفا بارزانی، سێ چەکداری بارزانی شەوێک ویستیان دەستدرێژی بکەنە سەر مارگرێت، بەڵام مارگرێت ئەوەندە ئازا و نەترس بو، هەرسێ سەرسورەکەی کوشت.

بۆ بەیانی بارزانی زانی کە پیلانەکەی سەری نەگرتوە، داوای لە مارگرێت کرد کە بەهانای پێشمەرگەکانی بەرەیەکی شەڕ بڕوا. مارگرێتیش لە گەڵ ٧ کەس لە هەڤاڵانی بەرەو شەڕ ڕێکەوت و کەوتنە کەمینێکی ٢٠٠ چەکداری بارزانی. بەم شێوە مارگرێت زانی کە بارزانی خەیانەتی پێکردوە، هەربۆیە تا دوا فیشەک شۆڕشگێڕانە بەرەنگاریکرد و لە ساڵی ١٩٦٩ گیانی بەختکرد.



مارگرێت و باوکی



مارگرێت و خوشکە چوکەکەی

## ٩-٨ . مامۆستا جگەر خوێن

جگەرخوێن لە ساڵی ١٩٠٣ی زاینی لە شاری ماردین و لە گوندی حەسارێ لەدایکبو. پاش جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤ ئاوارەی گوندی ئامودێ بو و لە ١١ ساڵیەوە لە قوتابخانەکانی کوردستان دەستی بەخوێندن کرد. خوێندنی ئاینی تەواوکرد، بەڵام مەلایەتی نەکرد و لەسەر گەلی کورد دەستی بە هەڵبەست نوسینکرد. جگەرخوێن بە درێژای ژیانی خزمەتی باشی بە وێژەی کوردی کرد. بە دەیان هەڵبەستی شۆڕشگێڕانەی نوسین و پاشان لە ناچاری توشی ئاوارەیی و لە سوئێد نیشتەجێ بو. لە ساڵی ١٩٨٤ کۆچیدوایی کرد و لە شاری قامیشلوی ڕۆژئاوای کوردستان بە خاکسپێردرا.



مامۆستا جگەر خوێن

## ٩-٩. لەیلا قاسم

لەیلا قاسم لە دایکبوی شاری خانەقین و خوێندکارێکی بەشی وێژەیی زانکۆی بەغدا و هاوکات ئەندامێکی چالاکی یەکیەتی خوێندکارانی کوردستان بو. لەیلا لە ١٩٧٤/٤/٢٨ لە گەڵ جەوادی هاوسەری و سێ هەڤاڵی تری لە لایەن دەستەڵاتی داگیرکەری ئێراق لە شاری بەغدا گیران و لە ١٩٧٤/٧/١٣ لە سێدارە دران. لەیلا یەکەم کچە سیاسەتمەداری کوردی سەردەمی خۆی بو کە لە داگیرکەر نەترسا و لە کاتی لە سێدارەدانی سرودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبی خوێند.



لەیلا قاسم

## ٩-١٠. مەستورەی شاسواری (تەوار)

مەستوره یەکەم کچی گیانبەختکردوی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بو کە لە تەمەنی ١٩ساڵیدا لە ساڵی ١٩٧٩ لە شەڕی ناو شاری سنە بە بریندای کەوتە دەستی دەستەڵاتی داگیرکەری ئێران. پاشان خاڵخالی کە نوێنەری ئایەتوڵڵا خومەینی بو داوای خۆ بەدەستەوەدانی لە مەستوره کرد، بەڵام مەستوره لە وەڵامدا تفی کردە دەموچاوی خاڵخاڵیەوە. پاشان خاڵخاڵی فەرمانی گوللەبارانی مەستورەی دا. مەستوره پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر و کادرێکی بە توانای کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان بو.



**مەستورەی شاسواری**

## ٩-١١. مامۆستا هێمن موکریانی

هێمن موکریانی لە گوندی لاچینی سەر بە شاری مەهاباد لە ساڵی ١٩٢١ لەدایک بو و لە ساڵی ١٩٨٦ لە مەهاباد کۆچیداوی کرد. هێمن هۆزانوانێکی بەتوانای کۆماری کوردستان، نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز و یەکسانیخواز بو کە بە دەیان هەڵبەستی شۆڕشگێرانەی نوسین و پشتگیری دۆزی کورد و هەژارانی کوردستانی کرد. تاریک و ڕون و ناڵەی جودای دو لە دیوانەکانی ناسراوی هێمن موکریانین.



**هێمن موکریانی**

## ٩-١٢. موسا حەنتەر (ئاپێ موسا)

موسا حەنتەر خەڵکی باکوری کوردستان بو کە هەمو ژیانی بۆ نوسین لە سەر مافەکانی گەلی چەوساوەی کورد تەرخانکردبو. بەتایبەت لە باکوری کوردستان و لە بواری ڕۆژنامەوانی ڕۆڵێکی سەرەکی و بەرچاوی گێڕا. لە فێرکردن و وانەدانی لاوانی باکوری کوردستان، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبو.

موسا حەنتەر یەکەمین کەس بو کە فەرهەنگی زمانی کوردی-تورکی نوسی و لە خزمەتکردن وپێشخستنی زمان و وێژەی کوردی ڕۆڵێکی بێوێنەی هەبو. هەر بۆیە داگیرکەری تورکیە تەحەممولی موسا حەنتەری نەکرد و لە ١٩٩٢/٩/٢٠ لەماڵەکەی خۆی لە شاری ئامەد تیرۆری کرد.



مامۆستا موسا حەنتەر

## ٩-١٣. مامۆستا ئیسماعیل بێشکچی

دوکتۆر ئیسماعیل بێشکچی لە دایکبوی شاری چرۆمی تورکیەیە و ئەگەرچی بە ڕەچەڵەک تورکە، بەڵام زۆربەی ژیانی بۆ نوسینی ڕاستی ڕوداوەکانی گەلی کورد و وڵاتی کوردستان تەرخان کردوە. بێشکچی دوکتۆرای لە بواری کۆمەڵناسی هەیە و لە زانکۆکانی تورکیە بۆ ماوەی چەند ساڵ مامۆستایەتی کرد، بەڵام لە سەر بیروباوەڕەکەی و نوسراوەکانی تاوانی ١١١ ساڵ زیندانی پێدرا. بێشکچی ماوەی ١٨ ساڵ لە زیندانەکانی تورکیەدا گیرا و لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ ئازادکرا. بێشکچی دەیان نوسراوەی بەنرخی لە سەر گەلی کورد نوسیون کە بەنرخترینیان پەڕتوکی "کوردستان کۆلۆنی ناونەتەوەیی"ە.



دوکتۆر ئیسماعیل بێشکچی

# بەشی دەهەم

## ١٠- کۆتایی

لە سەدەی بیست و یەکەمدا باس لە ئاشتی و یەکسانی مافەکانی مرۆڤ دەکرێت و زۆربەی نەتەوەکانی جیهان کیان و وڵاتی سەربەخۆیان هەیە. شەرمێکی مەزنە بۆ هەمو مرۆڤایەتی کە کورد یەکیکە لە گەورەترین نەتەوەکان، کە کیانەکەی بەفەرمی لە لایەن ناونەتەوەییەوە دانی پێدانەهێندراوە و ناسنامەی نەتەوەیی پەسەند نەکراوە.

ئەرکێکی مێژوییە لە سەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕێکخراوی جیهانی مافی مرۆڤ و هەمو خاوەن هەستێک کە لە پێناو ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و بەدیهێنانی مافەڕەواکانی گەلی کورد، ڕفراندۆمێک بۆ ناساندنی ناسنامەی کورد کە کوردستانی بونیەتی لە سەر کیانی کوردستان پێکبێنن.

کورد هەردەم وەک نەتەوەیەکی کەمینە لە ناو وڵاتەکەی خۆیدا ناوبراوە. نەتەوەیەک کە خاوەنی زمانی جیاواز، کولتوری جیاواز و خاکێکی جیاوازە، ئەوە نەتەوەکی جیاوازە و کەمینە نییە لە وڵاتی خۆیدا. کەس ناتوانێت بڵێت کە لە بریتانیا خەڵکانی سکۆتلەندی و وەڵشی نەتەوەیەکی کەمینەن. چونکە فەرهەنگ و کیانی خۆیان هەیە کە جیاوازە لەگەڵ ئینگلیسیەکان. بۆیە پێویستە کە ناوبردنی کورد وەک نەتەوەیەکی کەمینە لە لایەن دەستەڵاتانی تورکیە، ئێران، ئێڕاق وسوریە، قەت لە لایەن کورد پەسەند نەکرێت.

کورد دەکرێت لە بەغدا، دیمەشق، ئانکارا و تاران کەمینە بێت، بەڵام لە خاکی کوردستان دا زۆرینەیە و دەبێ خاوەنماڵ و بڕیار بەدەست بێت، نەک ژێردەستە.

خاڵە گرینگەکانی شیکراوەی باس کراو لە هەمو بەشەکانی ئەم پەڕتوکە، سەلمێنەری هەبونی نەتەوەیەکن کە ناوی کوردە و لە سەر کیانێک دەژیت کە ناوی کوردستانە و ئەو کیانەشماڵی

خۆیەتی و لە کەسی داگیرنەکردوە. نەتەوەی کورد زمان و کولتور و تەنانەت ئاینە سەرەکیەکەشی لەگەڵ هەمو نەتەوەکانی تورک و عەرەب و فارس جیاوازە، هەر بۆیە پێویستە کە کورد بوێرانە بێتە مەیدان و دان بە هەبونی خۆی دابنێت و دراوسێکان و کۆمەڵگەی ناونەتەوەیش ناچار بەوە بکات کە دانی پێدابنێن.
هەر وەک وتویانە "ماف نادرێت و دەبێ بستێندرێت".
نەتەوەکانی تریش بە ڕاپەڕین و گوشاری ناودەوڵەتی توانیویانە هەبونی خۆیان بە جیهان بسەلمێنن.

دەبێ کوردستانیان بزانن کە ناسنامەی نەتەوەیی بە یەکیەتی هەمو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە؛ زەحمەتکێشان، کرێکاران، خوێندکاران، ڕۆشەنبیران و شۆڕشگێڕان پێکدێت.

پێویستە چالاکی ڕامیاری ڕوناکبیرانی کورد لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، هاوکات لە گەڵ کاری ڕێکخراوەکانی نیشتمانپەروەر ببنە هۆی بەرەوپێشچونی خەباتی جەماوەریی و داسەپاندنی ناسنامەی کوردستان لە ناونەتەوەیدا. زۆرگرینگە کە

نیشتمانپەروەران بگەنە ئەو ئاستەی کە لە هەرشوێنێک بن بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەی کوردستان تێبکۆشن.

سیاسەتی کورد پێویستە لە سەر پرۆژەی گۆڕینی شەڕی چەکداریی و ڕێکخراوەیەوە بۆ خەباتێکی ڕامیاری و جەماوەریی بێت. پێویستە لە کوردستان ئاشتی کۆمەڵایەتی بکرێت، بۆ ئەوەی کورد بگاتە ئامانجێک کە پێشکەوتنی خۆی و مافە سەرەتایەکانی تێدا مسۆگەر بکات. گەلی کوردستان بە ڕەچاوکردنی شێوازی خەباتی جەماوەریی دەتوانێت لە بوارەکانی زانست، زمان، کولتور، مافی مرۆڤ و چاکسازیی ئابوریدا پێشکەوتنی زیاتر بەدەست بێنێت و لە ئاسایش و ئازادییەکی زیاتر بەهرەمەندبێت.

دۆستایەتی و لێکنزیکبونەوەی نەتەوەکانی کورد، ئاسوری، تورک، عەرەب و فارس سەقامگیری ئاشتی و ئارامی لە کوردستان و وڵاتانی داگیرکەری کوردستان مسۆگەردەکات. تا ئاشتی و ئارامی نەبێت، نەتەوەکانی تریش لەو هەرێمەدا لە زەرەر و زیان دا

دەبن و پێشناکەون. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پێویستە هەر کوردستانیەک لە هەرشوێنێک بێت، بۆ ناساندنی ناسنامە و مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان چالاکانە تێبکۆشێت.

## سەرچاوە


1. Abdulla Ocalan (2007), Prison Writings: The Root of Civilisation. (English)
2. Abdullah Ghafur (1995), The Geography of Kurdistan. (Kurdish)
3. Abu Bakr as-Siddiq (632-634), The Noble Qur'an (610-632), Translation into Kurdish by Hajar Mukryani in 1990.
4. Cemil Bayik (1996), The History of PKK (Kurdistan Workers' Party). (Kurdish)
5. Firishte Abdullahi (1990), The Zoroastrian Religion in Sasanian Society. (Persian)
6. H. Hewrami (2001), Interview with Mrs Hawrami (Kurdish)
7. Hakim Abu'l-Qasim Ferdowsi (1010), Shahnameh, The Historical Past of Iran from the Creation of the World until 10th Century. 60,000 Verses Long Epic Poem. (Persian)
8. Hussein Mohammad Haziz (1996), The Kurds and Revolutions. (Kurdish)
9. Ibn Jarir al-Tabari (838-923), The History of the Prophets and Kings (English)
10. Jawaharlal Nehru (1929), Letters from a Father to His Daughter. (English)
11. Mohammad Resul Hawar (1995), Simko, The Revolution of Simailaghai Shikak. (Kurdish)
12. Mustafa Al Gharadaghi (1992), Kurdistan Times. (English)
13. Neil DeGrasse Tyson, Sientist (2004), How Did The Universe, Our Planet, and Life Begins?
14. Professor Sharif Wanly (2001), Interview with Mr Wanly. (Kurdish)
15. Qendil Zeki (1982), From the Top of Qendil Mountain Look at the Truths. (Kurdish)
16. Sharef Xani Bitlisi (1596), Sherefname, the History of Kurdistan. (Kurdish & Persian)
17. Soran Z. (2011), Interview with Mr Soran (Kurdish)
18. Stephen Mitchell (2004), a New English Version, Gilgamesh. (English)
19. Wekil Mistefa (2006), Interview with Mr Mistefa. (Kurdish)
20. Xdir Kurdistani (2000), Interview with Mr. Kurdistani. (Kurdish)

بەراوردی ساڵژمێری کوردستانی لە گەڵ ساڵژمێرەکانی خەییامی و کریستیانی

| ساڵی کوردستانی ٢٧١٣ | ساڵی خەییامی ١٣٩٢ | ساڵی کریستیانی 2013 |
|---|---|---|
| خاکە لێوە | فروردین | 21 March - 20 April |
| گوڵان ( بانەمەڕ ) | اردیبهشت | 21 April – 20 May |
| جۆزەردان | خرداد | 21 May – 20 Jun |
| پوشپەڕ | تیر | 21 Jun – 20 July |
| گەلاوێژ | مرداد | 21 July – 20 August |
| خەرمانان | شهریور | 21 August – 20 Septmeber |
| ڕەزبەر | مهر | 21 September – 20 October |
| گەڵاڕێزان (خەزەڵوەر) | آبان | 21 October – 20 November |
| سەرماوەز | آذر | 21 November – 20 December |
| بەفرانبار | دی | 21 December – 20 January |
| ڕێبەندان | بهمن | 21 January – 20 February |
| ڕەشەمە | اسفند | 21 February – 20 March |

دەستەلاتی کوردستان پێویست ناکات ساڵی کریستیانی بەکار بێنێت. چونکو ناوی مانگەکانی ساڵی کریستیانی لە زمانەکانی بابولی و عیبری ڕا هاتونەتە ناو کوردی. لەکاتێکدا مانگەکانی کوردی لەگەڵ ساڵی کوردی دەگونجێن و ناوەکەشیان کوردیە. بۆیە پێویستە ناوی مانگەکان بە کوردی و لە ناو ڕۆژژمێری کوردیدا بە کاربهێندرێن. ئەگەریش ساڵی کریستیانی بەکارهێندرا، شیاوترە ناوی مانگەکان کوردی بن.

| پێویسته کورد ئەم مانگانە بەکار نەهێنێت | ناوی ئەو مانگانەی زمانی بێگانە ناشیاون و کوردی نین | ئەمانە شیاوترن بۆ بەکار هێنان لەگەڵ ڕۆژژمێری کریستیانی |
|---|---|---|
| Adar, Azar | ئادار (زمانی عیبری) | Awdar (Xakelêwe) = March |
| Nîsan | نیسان (زمانی عیبری) | Awrêl (Banemer) = April |
| Gułan (ئەمەیان شیاوە) | گوڵان (زمانی کوردی) | Gułan = May |
| Hezîran | حزیران (زمانی بابولی) | Cozerdan = June |
| Tîrmeh | تیرمە (زمانی فارسی) | Puşper = July |
| Tebax, Ab | تەباخ، ئاب (زمانی بابولی) | Gelawêj = August |
| Îlon, Îlul | ئیلون (زمانی عیبری) | Xermanan = September |
| Çirîya Pêşîn (Cotmeh) | جۆتمە (ناشیاوە) | Rezber = October |
| Çirîya Paşîn (Mijdar) | هەردەم دەکرێ مژبێت (ناشیاوە) | Gelarêzan = November |
| Çileyê Pêşîn | چلە ٤٠ ڕۆژە (ناشیاوە) | Sermawez = December |
| Çileyê Paşîn | چلە ٤٠ ڕۆژە (ناشیاوە) | Rêbendan = January |
| Sibat | شوبات (زمانی بابولی) | Reşemeh = February |

# Nasnamei Kurdistan



کوردستانی بون، ناسنامەی هەر هاووڵاتیەکی کوردستانە